# چوار کەسایەتیی بەڕەچەڵەک کورد

## (کوێر ئۆغلی، قاچاغ نەبی، محەمەد فزوولی و قەرە فاتمە)

گۆی بابەت



وەرگێڕ: دکتۆر کامران ئەمین ئاوە

# چوار کەسایەتی بە ڕەچەڵەک کورد

**(کوێرئۆغڵی، قاچاغ نەبی، محەمەد فزوولی و قەرە فاتمە)**

**کۆی بابەت**

**وەرگێڕ: دکتۆر کامران ئەمین ئاوە**

ناوی کتێب: **چوار کەسایەتی بە ڕەچەڵەك کورد**
نووسینی: لەتیف مەمەد، هەواڵنێری ڕۆژنامەی "پاڵ ماڵ"
وەرگێڕ: دکتۆر کامران ئەمین‌ئاوە
پێداچوونەوە: عەتا حەواری نەسەب
بڵاوکراوەی: رۆشنگەری
دیزاینی بەرگ: چیمەن ئیلخانی‌زادە
چاپ: یەکەم ٢٠٢٢
مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

# پێڕست


سەرەتا ............................... ............................. .................................. ٥
پێشەکی وەرگێڕ ................................ .................................. ٢٣
سەبارەت بە کەسایەتی کوێرئۆغڵی ... گەلی کورددا ................. ٢٩
لە بارەی ڕۆڵەی بەناوبانگی کورد "قاچاغ نەبی" ............................ ٧٧
قەرە فاتمە، شێرە ژن ............................... ................................. ٨٣
لێکدانەوەیەک لەسەر ڕەچەڵەکی  محەمەد فزوولی"ی شاعیر....... ٩١
سەرچاوە و شیکردنەوەکانی نووسەر ........................................... ١١٦
ناوەکان .......................... ............................. ............................. ١٢٣

## سەرەتا

لە مێــژوودا، کەم نــین خەڵکــی ئەو وڵاتــانەی وا شــانازی بە قارەمـانێکی نەتەوەیـی خۆیـانەوە دەکەن لەکاتێکدا خەڵکـی وڵاتـانی دراوســێ هەمــان ئەو کەســە بە تــاڵانکەر و مرۆڤکـوژ دەناســن. چەنگیزخـان سـەرداری مەغـول لە سـەدەکانی ١٢ و ١٣دا، دەتـوانێ نمـوونەیەکی باشـی ئەو دیـاردە جیهـانییە بێـت. لەکاتێکـدا هەمـوو میللەتانی ناوچەی ئێمە سوپای مەغول و چەنگیزی سـەرداریان بە داگیرکەر و وێرانکەر و خـوێنڕێژ دەناسن، ڕاست بە پێچەوانە، لە وڵاتـی مەغولـستاندا دەیـان پەیـکەری شـانازیی بـۆ چـێ کـراوە و خەڵـکەکەی تــا ئەمــڕۆش بەوپەڕی ڕێــزەوە ســەیری مێــژووی ســەردەمی ئەو و کەســایەتییەکەی خــۆی وەک قارەمــانێکی کەم وێنەی نەتەوەیی دەکەن.

سوڵتان مەحموودی غەزنەوی کە لە سەدەی یازدەهەمدا شـای ئێران بوو، لای ئێرانییەکان شـایەکی ئێراندۆسـتی بەجەربەزە، بەڵام لای هینـدییەکان تاوانبـار و تـاڵانکەرێکی کەم وێنەیە. مەحمـوود لە مـاوەی دەوروبەری ٢٧ سـاڵ شـاهیەتی خۆیـدا ١٦ جـار لەشـکری کێـشایە ســەر هیندوســتان و هەرچــی گەنــج و جەواهیــری نــاو پەرستگاکان بوو، بە تـاڵان هێنـایە ئێران بە شـێوەیەک کە خـۆی و

دەست و پێوەندەکانی تا بینەقاقا لە ئاڵتووندا نقوم بوون؛ تەنانەت "عەسجودی"[١] و "عونسوری"، دوو شاعیری دەربارەکەی کە سڵاواتیان لە دیداری لێدەدا؛ عەسجودی کاتێ لە ماڵ دەهاتە دەرەوە ٤٠ غوڵامی پشتێن زێڕین، دەست لەسەر سینگ و خەنجێر لەبەر کەمەر، بەدوایدا دەڕۆیشتن و عونسوری کەرەسەی مۆبەقی ماڵەکەشی لە ئاڵتوونی هیندییەکان دروست کردبوو[٢].

بەردەنووسی بێستوون لە باکووری کرماشان، وەک گەورەترین بەردەنووسی ناسراوی جیهان، دەتوانێت پیشانگەیەکی باش بێت بۆ کۆبوونەوەی هەردوک ئەو بۆچوونانە لە یەک شوێن. لەکاتێکدا نەتەوە ئێرانییەکان بە پشت بەستن بەو بەردەنووسە، شانازییەکی بێ سنوور بە داریوشی یەکەم، شای هەخامەنیشی (سەدەی پێنجەمی پێش زایین) و کردەوەکانی لە پێناو داگیر کردنی وڵاتانێکی زۆر و پەرەپێدانی ئیمپڕاتۆریەتی ئێران دەکەن و سیفەتی "مەزن"ی پێدەدەن، کەم نین ئەو کەسانەی کە بەردەنووسەکە وەک بەڵگەیەکی تاوان و دەستدرێژیی ئەو شایە بۆ سەر خەڵکی ماد و عیلام و بابیل و ئاشوور و سەکا و ئەرمەن و یۆنان و بەڵخ و خوارەزم و ٢٢ وڵاتی دیکە سەیر دەکەن و دەڵێن لە زۆربەی

١. عەسجودی مەروەزی، (سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی)، شاعیری دەرباری سوڵتان مەحموود و مەسعوودی غەزنەوی.

٢. "به ده بیت، صد بدره و برده یافت    ز یک فتح هندوستان عنصری
شنیدم که از نقره زد دیگدان    ز زر ساخت آلات خوان عنصری..."

(خاقانی شروانی)

تەنیا بەگوتنی فەردێک شیعر سەبارەت بە فەتحێکی (شا) لە هیندوستان، سەد کیسە ئاڵتوون و سەد کۆیلە خەڵاتی عونسوری دەکرا و تەنانەت بیستوومە قاپ و قاچاغی ماڵەکەی لە زێو و کەرەسەی سفرەی خوانەکەی لە ئاڵتوون دروست دەکرد! عونسوری بەڵخیش لەهەمان دوو سەدەدا ژیاوە.

فتووحاتیــدا، داری بە ســەر بەردی وڵاتــانەوە نەهێــشتووە و لە بەردەنووسەکەی بێستوونیشدا بە شانازییەوە گوتوویەتی "پێستی حاکم و دەسەڵاتدارانی ئەوانی لەبەر داماڵیون".[١]

بەڵام مێـژوو پـێچەوانەی ئەو حـاڵەتەی گەلێـک زیـاتر تۆمـار کردووە. هەر لە پاڵەوان و کەسایەتیی ئوستوورەیی و ئەفسانەیی و شاهانەوە تا هونەرمەند و شاعیری جێگەی ڕێز و تەنانەت خودا و پێغەمبەر و ڕێبەری ئایینیش زۆرێک هەن کە بوونەتە نەزەرگە و جـێگەی شـانازی و وەخـۆگرتنی هاوبەشـی چەنـدەها کۆمەڵگـا و خەڵک و نەتەوەی جیاواز لە پانتاییەکی جوغرافیایی بەریندا.

خودایـانی وەک میتـرا و ئاناهیتـا لە هینـدەوە تـا ئێـران و کوردسـتان و نێوچۆمـان و ئاسـیای بچـووک و بەشـێک لە ئوروپـا پەیـڕەو و لایەنگـر و پەرسـتێنەریان هەبـوو و بە نـاوی جیـاوازەوە دەیانپەرستن. زەڕدەشـت تەنیـا پێغەمـبەری دانیشتوانی سـەر گۆلی ورمێ نەبوو بەڵکوو لە ئاسیای ناوەندییەوە تـا نێوچۆمـان خەڵکـی جیاجیـا کەتبـوونە شـوێن بانگەوازەکـانی کە وەڵامێکـی تـازەی بـۆ پرسـیارە هەمیـشەییەکانی مـرۆڤ سـەبارەت بە ژیـان و مەرگ و چارەنووسی دوارۆژی ئینسان پێبوو. هەمـوو ئەو خەڵکانە میترا و ئاناهیتـا و زەردەشـتیان بە هـی خۆیـان زانیـوە و بـۆ نمـوونە کەس نەیگوتووە لەبەر ئەوەی منی کورد میترایی یان زەردەشـتیم، نـابێ قەومییەتەکانی دیکە خۆیان بە پەیڕەو و لایەنگری ئەو ڕوخسارە ئایینیانە بزانن.

نموونەی گەلێک بەرچاوتر لە ئوسـتوورە یۆنانییەکاندایە کە بە نــاوی خـــۆجێییەوە کەم و زۆر لە نـــاو ئەفـــسانە و ئـــایین و

---

١. بڕوانە وەرگێڕاوی ئینگلیزی و فارسیی بەردنووسەکە، کە بۆ تۆمارکردنی فتووحاتی ئەو و بە فەرمانی ئەو نووسراوە.

ئوستوورەی زۆرێک لە قەومییەت و خەڵکانی جیهانی کۆندا ڕەنگیان داوەتەوە و تایبەتمەندی و ناوی شوێنی جیاجیایان پێدراوە، بێ ئەوەی باسێک لە بنەما یۆنانییەکەیان بێتە گۆڕێ. لە ئوستوورەی یۆنانیدا، پڕۆمتە[١] مرۆڤی لە گڵە سوورە دروست کرد، ئینجا زێئوس[٢] ژیانی پێ بەخشی و بە پڕۆمتەی گوت شتی پێویستیان فێر بکە، ئەویش قسە کردن و ناوی شتەکان و خوێندن و نووسینی فێری مرۆڤ کرد.[٣]

ئێستا با سەیرێکی باوەڕی مووسایی و ئیسلامی بکەین کە تێیدا، "الله" بۆتە جێگری پڕۆمتە و کەسێکە جیهان و مرۆڤی لە قوڕ (واتە خاک و ئاو) خوڵقاندوە[٤] و "علمه البیان"[٥] و "علم آدم الاسماء کلها"[٦] واتە خودا قسەکردن و ناوی هەموو شتەکانی فێری ئادەم(مرۆڤ) کرد.

گەلێک ئەفسانە و ڕیوایەتی ئیماندارانی سێ ئایینی یەهوود و عیسایی و ئیسلامی بە جیاوازیی یەکجار کەمەوە لە ئوستوورەکانی یۆنانی وەرگیراون، بێ ئەوەی کەسێکی یۆنانی پێی ناخۆش بێت، دژیان بوەستێت و ڕەخنەیان لێبگرێت، ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش، بێ ئەوەی تەنانەت ئاماژەیەک بە سەرچاوەی

1. Prometheus

2. Zeus

3. Rojer Lancaelyn Green, “Tales of the Greek Heroes”, Puffin Publications, UK 2010.

زوربەی زۆری ئەو ناوە یۆنانیانە لە کتێبی سەرەوە وەرگیراون.

٤. ولقد خلقنا الإنسان من سلالة من طين (قورئان، سوورەی الموءمنوون)

٥. سورة الرحمن

٦. سورة البقرة

یۆنانی ئەو باوەڕ و ئوسوولە بکەن، هەموویان داوەتە پاڵ "اللە" و پێغەمبەرەکانی خۆیان.

بەهەشت و جەهەننەم و ئەشکەنجەکانی ناو دۆزەخ، ئەفسانەی ئاوی حەیات و مار لە ناو ئوستوورە یۆنانییەکاندا بە زەقی دەبینرێن، شەیتانی مەخلووقی خودا کۆپییەکی پاندۆرایە[1] و گەمیی نووح هەمان تایبەتمەندیی گەمیی دیئوکالیۆن[2]ی ئەوانی هەیە، قوربانیکردنی بەران لەجیاتی ئیسماعیلی مووسایی و موسوڵمانەکان لە ئاتاماس[3] و نێفێلە[4]ی یۆنانییەکان وەرگیراوە و تەنانەت سێ "ملائک مقرب" واتە جبرەئیل و میکائیل و عیزرائیلی موسوڵمانان هاوشێوەی سێ خوشکی سەردەمی ئاپۆلۆن[5]ن کە ڕیسی تەمەنی خەڵکیان دەڕست. زۆربەی ئەوانە، بە ئەگەری زۆر، دوای دروستبوونی کۆلۆنیی ئەسکەندەرییەی خوارووی میسر لە لایەن یۆنانییەکانەوە، هاوڕێ لەگەڵ فەلسەفە و عەقڵانییەتی ڕۆژئاوایی گەیشتۆتە ناوچەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

هاوشێوەبوونی باوەڕەکان تەنیا لە بواری ئاییندا نییە. وێچوویەکی زۆر لە نێوان ئوستوورە یۆنانییەکان و ئەفسانەی پاڵەوانییەکانی گەلانی ناوچەی ئێمەدا هەیە. زۆرێک لە قارەمانی و ئازایەتییەکانی ڕۆستەم و حەوت خوان و کوشتنی دێوی سپی و جەنگەڵی مازەندەران هەمان ئەو هەواڵانەن وا پێشتر یۆنانییەکان سەبارەت بە هێرکول[6] و خوداکانی دیکەیان گێڕاویانەتەوە. زەحاک

1. Pandora
2. Deucalion
3. Athamas
4. Nephele
5. Apolon
6. Hercules

و دوو مـــاری سەرشـــانی لە نـــاو شـــانامە و ئەفـــسانەی جەژنـــی نەورۆزی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەدا، وێچووی مینوتۆر[1]ی نیـوە مـرۆڤ و نیـوە کەڵـی یۆنانییەکـانە، کە سـاڵی حەوت کـور و حەوت کچـی عازەبیـان بە دیـاری بۆ دەنـارد بـۆئەوەی بیـانخوات. کڵاوی نەسیمی عەییاری نـاو کتێبی ئەسکەندەرنامەی فارسـی، کە کراوەتە کوردیش و بەهۆی کڵاوی سەریەوە باس لە خۆ لەبەرچاو ون کردنـــی نەســـیم دەکـــات، هاوشـــێوەی کـــڵاوی هەیـــدس[2]ی ئوستوورەیی یۆنانە، کە لە پێستی سەگ دروستکرابوو و هەرکەس بیکردایەتە سەری لەبەرچاوی خەڵک ون دەبوو!

هاوشـێوەیی ئوسـتوورە یۆنانییەکـان لە گەلێک بەیت و بـاو و ئەفسانە و حیکـایەتی گوێی ئاگردانی کوردیشدا دەبینرێت و تەنیا ســـەرنجی ورد و بەراوردکارییـــان پێویـــستە بـــۆ ئەوەی بـــزانین هیراکلیـوس سـێ کـوڕی خـۆی بە دەسـتی خـۆی دەکووژێـت و لە ئەنجامـــدا تووشـــی خەمـــۆکی دەبێـــت، کە ئەگەر ئەوە لای بەیتـــی سـەیدەوان و نێچیـروان و مەلکەوانـی کـوردی دابنێین و وێچوویی حاڵەتی دەروونیی عەبدولعەزیزی داسنی دوای کوشتنی منداڵەکانی هەست پێدەکەین. تەنانەت هێرمس[3] ی نـاو ئوسـتوورە یۆنانییەکـان بـۆ ئەوەی دریـۆپە[4] ڕازی بکـات ببێـت بە هاوســەری، دەچێـت و بەرگی خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە شـوان؛ ئێمە لە حیکایەتی تیتل و بیبلـــی کوردیـــشدا هەمـــانە کە گـــورگ دەچێـــت و بەرگـــی خـــۆی

1. Minotaur
2. Hades
3. Hermes
4. Dryope

دەگۆڕێت (لێرەدا، ڕەنگی دەکات) بۆ ئەوەی تیتل و بیبل لە نەبوونی بزنۆکەدا، دەرگای ماڵی خۆیانی لێ بکەنەوە.

ئەگەر کەسێک لە حیکایەتی شەڕی ترۆوا[1] وەک بەشێک لە ئوستوورەی یۆنان ورد بێتەوە، ڕووبەڕووی چەند ڕووداو یان کەسایەتی هاوشێوەی داستانە قارەمانییەکانی ناوچەی ئێمە دەبێتەوە: هێراکلسی پاڵەوان هاوسەرەکەی ناوی دایە نایرە بوو[2] ئەو سیفەتی "دایە" یە بۆ ژنانی ڕێبەر لە ئایینی یارساندا گەلێک سەرنجڕاکێشە و گەرچی دەکرێ واتای دایکی هەبێت؛ بەڵام دەشکرێ ڕاستەوخۆ هاوشێوەی ئەفسانە یونانییەکە، بەشێک بێت لە ناوەکەیان: دایە ڕێزوار، دایە خەزانی، دایە تەورێزی هەورامی و.... لە هەمان چیرۆکدا، بەرانبەر بە خزمەتێک کە هێراکلس بە لاومەدۆن‌شا[3]ی کردبوو، دەبوایە دوو ئەسپی جادوویی بە خەڵات بدرێتێ کە وەک با دەفڕین و لە دەشت و دەریا تێپەڕ دەبوون، بەڵام شا بە قەولی خۆی وەفای نەکرد و دوو ئەسپی ئاسایی بۆ نارد. ئەو ئەسپە جادووییانە هاتوونەتە ناو گەلێک داستان و ئەفسانەی ئایینی و پاڵەوانیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە، کە دوڵدوڵی پێغەمبەری ئیسلام، ڕەخشی ڕۆستەم و "قیرئات"ی "کوێرئۆغڵی" تەنیا سێ نموونەین. هەر لەو چیرۆکە حەماسییەی شەڕی ترۆوادا هاوسەری تێلامن[4] لە سالامیس[5] کوڕێکی بوو کە

---

1. Troy, Trojan

داستانی ئەو شەڕە لە کتێبی ئیلیادی هومێردا هاتووە. هومێر لە سەدەی نۆهەمی پێش زاییندا ژیاوە.

2. Deianira

3. King Laomedon

4. Telamon

5. Salamis

ناویان نا ئەیاس(ئاژاکس[١]). ئەو ناوە گەلێک هاوشێوەی "هەیاسی خاس"ی ناو چیرۆکە کوردییەکان و "ئەیاز"ی خۆشەویستی سوڵتان مەحموود و "ئەیوەز"ی زڕکوڕی "کوێر ئۆغڵی"یە[٢].

بە گشتی، هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانە، هەرچەندە خەڵکەکەی لەخۆبایی و ڕەگەزپەرستیش بن، لە خەڵکی وڵاتانی دەوروبەری خۆیان بێ نیاز و دابڕاو نین. سنووری جوغرافیایی وەک چیا و ڕووبار، دیاردەی سروشتین و واهەیە لە ماوەی تەمەنی نەسلێک و دواندا گۆڕانی بەرچاویان بەسەردا نەیەت. بەڵام سنووری سیاسی دەسکردی مرۆڤ و سیاسەتوانانی وڵاتانی جیهانە و لە بارودۆخی سیاسی و جوغرافیایی جیاوازدا دەگۆڕێت؛ وڵاتێک گەورە دەبێتەوە و یەکی دیکە دەپووچێتەوە. هەربۆیەش، گۆڕانی هەڵوێست و خواست و ئیرادەی مرۆڤ لەسەر بنەمای گۆڕانکاریی سیاسەتی ئەم یان ئەو سیاسەتوان، کارێکی عاقڵانە نییە. سیاسەت دەتوانێ شەڕی ڤیەتنام، شەڕی سی ساڵە و سەدساڵەی ئوروپاییەکان لەگەڵ یەکتر، شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، یاخود شەڕی ئێران و عیراق لە نێوان کەسانێکدا پێک بهێنێت کە بە شێوەی سروشتی دۆست و هاو سنوور و هاو چارەنووسی یەکترن؛ بە پێچەوانە، دەشکرێ خەڵکی هەردووبەری سنوورەکان لە ئاشتی و دۆستایەتیدا بژین، بە یەک ڕادە چێژ لە ژیانیان وەربگرن و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبێت، وەک ئەوەی کە ئێستا لە یەکیەتی ئوروپادا دەبینین. ئەمڕۆ نزیکترین پەیوەندی لە نێوان ئاڵمانیای داگیرکەر و فەڕانسای داکۆکیکاری شەست ساڵ

---

1. Ajax

٢. "ئەیوەز گەلیپ، چاتمیونجا یاتمارام"، هەتا ئەیوەز نەیەت و نەگاتە ئێرە ناخەوم (بەشێک لە چیرۆکی تورکی ئازەربایجانی کوێرئۆغڵی)

پێش ئێستادا هەیە؛ یا ئەو سەربازە عیراقییانەی وا لە سەردەمی بەعسدا دەچوونە شەڕەجەنگی سپای پاسداران و بەسیجی ئێرانی، ئەمڕۆ لە ڕیزەکانی "حەشدی شەعبی" و "کتائب اهل الحق"دا سڵاوات لە دیداری خامنەیی لێدەدەن! ئەمڕۆ چیتر ئەمریکا بۆ سیاسەتوانانی چین ئەو "بەبری کاغەزی"یەی سەردەمی مائۆ نەماوە بەڵام بە "هواوی" و "تیک تۆک" و "ڤی چات"، و بێ تەقاندنی گوللەیەک، چۆکیان بە ترامپ داداوە!

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە هەواڵ و زانیاری لە دەیان ڕێگای جیاوازەوە دەگاتە دەست مرۆڤ، دەبێ عەقڵانییەت و مرۆڤدۆستی و یاساکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە و سروشت پێوەری هەڵسەنگاندنی هەواڵەکان بن نەک دەمارگیریی تایفی، حزبی، ئایینی و قەومی یان نەتەوەیی کە کە رەسەن بۆ جیایی خستنە ناو کۆمەڵگاکانی مرۆڤ. دیواری سەر سنووری ئەمریکا لەگەڵ مەکزیک و دیواری سەر سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا و ئێران لە خزمەت بەرژەوەندییەکی بەرتەسکی ڕەگەزپەرستانەدان و هەرگیز ناتوانن سەرکەوتووبن؛ وەکوو دیواری چین کە نەیتوانی بەرگر بێت لە گەلی مەغولی دراوسێیان و تەنیا گیانی هەزاران مرۆڤ و بودجەیەکی زەبەلاحی ولاتەکەی تێدا بەفیڕۆچوو.

ناوچەی ژیانی ئێمە ئێستا بە بارودۆخێکی نالەباردا تێپەڕ دەبێت. ئاگری شەڕ و دوژمنایەتی گەلان و ئێتنیکەکان لە پەرەسەندندایە. شەڕ لە سووریا بێداد دەکات، حکوومەت لە لوبناندا لە گرێژەنە چووە، ئێران دووگیانە بە زۆر ڕووداوی دواڕۆژ، تورکیا پلان و بەرنامەی زۆری بۆ دوای ساڵی ٢٠٢٣ داناوە کە سەدساڵەی پەیمانی لۆزان کۆتایی دێت. هێمنایەتی هەرێم و بەگشتی باشووری کوردستان لە مەترسیدایە و هەرسێ

گورگەکە لمۆزیان لێ هێناوەتە پێشەوە. شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان سەریهەڵداوەتەوە، لە ئازەربایجانی ئێران گرژی کەوتۆتە پەیوەندییەکانی نێوان دوو گەلی کورد و ئازەربایجانییەوە و هاوخەباتی و هاوسەنگەرییەکەی ساڵانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان شوێنی خۆی داوە بەوەی ئازەرییەکان دروشمی "مردن بۆ کورد" بەرزبکەنەوە و و هەندێک دەستی چەپەڵیش لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوور هەوڵی خۆشکردنی ئاگری دوژمنایەتیی نێوانیان دەدەن. ئەو بارودۆخە پڕمەترسییە خوازیاری عەقڵانییەتێکی قووڵی سیاسی و دووربینی لەهەردوولاوەیە؛ کێشەی تورکیا و سووریا هێنانە ناو ئێرانەوە لە بەرژەوەندیی ئەو دوو دراوسێ مێژووییەدا نییە، کە ماوەی سەدە و ساڵانێکی زۆرە نەک هەر لە شارەکان، بەڵکوو لە زۆر گوندی ناوچەکەشدا دراوسێ و هاوماڵ و هاوبەرژەوەندیی یەکترن. ئێستا چەند ئێزگەی تەلەفیزیۆنی و سایتی ئینترنێتی و حزبی بێ مەسئوولیەت لە دەرەوەی وڵاتەوە خەریکن دۆستایەتی و هاوماڵییەکە تێکدەدەن و دەیکەن بە ناتەبایی و دژایەتی، و شەڕ و خوێنڕشتنیش زۆر دوور نابینرێت.

نە، گۆڕینی ناوی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ ئوستانی ورمێ و نە دروستکردنی نەخشەی جوغرافیایی بەو ئامانجە لە لایەن بەشێک لە کوردەوە کارێکی دروستە و نە ناوهێنانی کورد بە تیرۆریست و میوان لە لایەن هەندێک لایەنی ئازەربایجانییەوە لەجێی خۆیدایە. کورد لە تورکیای کەماڵی بە ئەشقیا ناوی لێدەبرا و ئێستا لە سیاسەتی ئەردۆغانیدا لەفزی ئەشقیا جێی خۆی داوە بە واژەی "تیرۆریست" و کەس نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چلۆن دەبێ گەلێک کە نزیک بە سەدا بیستی دانیشتووانی

تورکیا پێکدەهێنن هەموویان تیرۆریست بن و بەو سیفەتەوە ناو ببرێن. ئەگەر سیفەتەکە لەوێ بێبنەما و بێ مەنتیق بێت، هێنانی دروشمەکە بۆ ناو ئێران و دووپات کردنەوەی لە تەوریز و ورمێ دەرحەق بە کوردی ئێران، لەکاتێکدا نە شەڕێک لە نێوانیاندا ڕوویداوە و نە هەرایەک لە شوێنێک سەریهەڵداوە، چ مەنتیقێکی تێدابێت و چ ناوێکی لێ دەنرێت!

کورد و تورکی ئازەربایجانی لە ناوچەکە مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە؛ نەک هەر لە سەردەمی مادی بچووکەوە بەڵکوو پێش ئەوانیش لە سەردەمیماننا و ئورارتووەوە، کە گردی حەسەنلوو و ئیزیرتوی قەڵایچی دوو نموونەی ئەو هاوماڵییەن. جا ئەگەر دۆستی و دراوسێیەتی لە هەندێ بڕگەی وەک سەردەمی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی و سمایل ئاغای سمکۆ و شەڕی نەغەدە و کوشتاری قاڕنێ و قەڵاتان و سەوزی و سەرچناری چۆمی مەجیدخانیش تووشی نسکۆ هاتبێت، ئەسڵی دراوسێیەتی و هاوبەشایەتییەکە وەک خۆی ماوەتەوە و لە زەمینی واقیعدا ئەندامانی هەردوو گەلەکە لەگەڵ یەکدا دەژین، لە کاری کشتوکاڵ و بازرگانیدا هاوبەشی یەکتر و لە شار و گوندەکانی نەک هەر ئوستانی ئازەربایجان بەڵکوو ئوستانی کوردستان، کرماشان، هەمەدان و خۆراسانیش ئەگەر هاوماڵ نەبن هاوسێ و هاوکار و هاوبەشی یەکترن، ژنخوازییان لەنێودایە و خزم و کەسوکاری یەکترین.

دیارە لە مێژوویەکی چەندهەزارساڵەی پێکەو ژیاندا هەموو شتێک بە ئاشتی و هێمنایەتی نەچۆتە سەر و هەردوو گەلەکەمان لە هەندێک بڕگەدا کاری نەشیاویان دژ بە یەکتر کردووە و دەکرێ کەس و لایەنی شەڕخواز لەهەردوو بەرەوە دەست بنێنە سەر

هەندێک خاڵی ناتەبایی وەک کۆچی ملیۆنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە بۆ ناوچەی ئاناتۆلی و و ئاسیمیلە بوونی کوردی قەرەباغ لە کۆماری ئازەربایجان، یان شەڕی مياندواو و بناوی سەردەمی شێخ عوبەیدیللا و شەڕێک کە لە کەرکووک دژ بە تورکمانەکان هەڵایسا. بەڵام ئەوانە دەتوانن قەترەیەک بن لە دەریای سەدەوساڵانی پێکەوە ژیانی میللەتەکانمان و لە بەرژەوەندیی نەوەکانی داهاتووی هەردوولادا دەبێ جێی خۆیان بدەن بە بیرەوەیی شیرینی هاوکاری و هاوخەباتیی ڕابردوو.

ئێمە لە زۆر وێستگەی مێژووییدا دەگەینەوە یەکتر: "نیزامی گەنجەیی" دەکرێ جێگەی شانازیی کوردیش بێت (کە دایکی کورد بووە)، ئازەربایجانیش (کە خەڵکی شاری گەنجەی ئازەربایجان بووە) و فارسیش (کە بە فارسی شیعری گوتووە)، تەنانەت دەتوانێ جێگەی شانازی بێت بۆ هەموو خەڵکی جیهانیش وەک چۆن لە یونسکۆدا بە میراتی فەرهەنگی جیهانی ناسراوە. شانازی کردنی گەلی تورکی ئازەربایجان بە "بابەکی خوڕڕەمدین"یش بە هەمان شێوە دەکرێ نماد و سیمبولێک بێت بۆ "هوییەت خوازی" لە ئازەربایجان و لە عەینی کاتدا شانازییەک بێت بۆ کورد و هەموو گەلانی فەلاتی ئێران کە وەک قارەمانێکی ڕزگاریخواز و خەباتکارێکی دژی داگیرکەر سەیری دەکەن.

کاتێ کە هەستی خەڵک لە ناوچەیەکی جوغرافیاییدا بەرانبەر بە چەوساندنەوە و چەوسێنەر، هاوشێوە و هاوتەریب و هاوکاتە، دەکرێ ئەفسانە و داستان و ڕیوایەتیش سەبارەت بە ڕووداوەکان هاوشێوە بن. ئەودەمەی وا نەمر سەمەدی بیهرەنگی لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨ی هەتاوی(١٩٦٨ و ٦٩ ی زایینی) دا حیکایەتێکی گوێی ئاگردانی ئازەربایجانی تەرجەمەی

فارسـی کـرد و بە سـەردێڕی "بـی نـام" واتە بـێ نـاو، لە یەک لە ژمارەکانی گۆڤاری خوشە"ی ئەحمەدی شاملوودا بڵاوی کردەوە، من گەلێکم پێ سەیر بوو لەبەر ئەوەی هەمان چیرۆک بە هەمان ڕووداوەکـانیەوەم پێـشتر لە سـەردەمی منداڵیـدا بە کـوردی و بە ناوی "حیکایەتی کەشکەک" دەیان جار لە زمانی دایکم بیستبوو و ببـوومە ئـۆگری. چیـرۆکەکە بـاس لە وریـایی و ژیـری ژنێـک و سـاویلکەیی مێـردەکەی دەکـات و ئەو ڕووداوانەی وا لە درێژەیـدا بەسەر پیاوەکە دێت.

ئەوانە بۆ کۆمەڵگای نەریتیی دیاردەیەکی نامۆیە لەبەر ئەوەی لە ژیـانی ڕۆژانەدا هەمیـشە پیـاو بــووە فێـڵ و تەڵەکەی لە ژن کـردووە و پـێچەوانەکەی کەمتـر بینـراوە، هەربـۆیەش بـۆ بیـسەر سەرنجڕاکێشە، جا ئەو بیسەرە کورد بێت یان ئازەربایجانی یاخود ئێرانـــی و عەرەب و... گێڕانەوەشـــی بە هەرزمانێـــک بێـــت، هەر شـیرینە؛ دیـارە وەک هەمـوو فۆلکلـۆرێکی دیـکەش نە دانەرەکەی دەزانــرێ کــێ بــووە و نە ســەردەمەکەی و نە جوغرافیــاکەی دەتـوانرێ دەسـت نیـشان بکرێـت، نە دەشـزانرێت سـەرەتا هـی چ قەومێـک و نەتەوەیەک بـووە. گرنـگ ئەوەیە بیسەر لە زمـان دایکـی خۆیەوە و بە زمانی نەتەوەیی خۆی دەیبیسێت، جا "تَوارُد"[١] بێت یان "اقتباس" بۆ خوێنەر و بیسەر جیاوازیی نابێت. هیچ دیواری چینێـک لە نێـوان بیـر و هــزری مرۆڤـدا نەکێـشراوە! دیـاردە و ڕووداوی هاوبەشی نێوان میللەتان ڕەنگدانەوەی هاوبەشـی دەبێت و مـن هـیچ بەدووری نـازانم چیرۆکێکـی هاوشـێوەی بـێ نـاو و

١. تەوارود بـریتییە لە بیـر و بۆچـوونێکی هـاوبەش یـان هاوشـێوە کە بە زەینـی دوو هونەرمەنددا دێت، بێ ئەوەی یەکتر بناسن و لە یەکتری وەربگرن و بیدزن، توارد لە "سرقت"ی ادبی جیاوازە.

کەشکەک لە ناو عەرەب و ئێرانی و تەنانەت گەلانی ئوروپاییشدا هەبێت؛ ئەوە ڕازاوەیی نەقڵ و حیکایەتەکان و سەرکەوتوویی وێژەر و دانەرەکانیان؛ چیرۆک و ڕۆمانی ئەمڕۆش لە ڕاستیدا ڕۆژەڤکراوی هەر ئەو حیکایەتە خەیاڵاوییانەن کە مێشکی نووسەرانی هونەرمەند دەیانخولقێنن.

بە گشتی، کاتێ دوو گەلی دراوسێ و هاوچارەنووس پێکەوە لە جوغرافیایەکدا دەژین و بە یەک شێوە لە لایەن حکوومەتەکانیانەوە دەچەوسێنەوە، کاتێ کە هەردوولایان لەژێر زوڵم وزۆری هاوبەشی ئاغا و دەرەبەگدا دەناڵێنن، ئاشکرایە سەبارەت بە هەل و مەرجی ژیانیش ڕەنگدانەوەی هاوشێوەیان دەبێت و شیعر و چیرۆک و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ دەخولقێنن کە پیشاندەری بارودۆخەکەی ژیانیان بێت و زۆرجاریش هاوشێوەی یەکتر یاخود لەیەکتر وەرگیراو بن. قارەمانانی چیرۆک و ئەدەبیاتی بەرهەڵستکاریی ئەو خەڵکانەش دیارە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی هەردوو کۆمەڵگاوە ڕێزیان لێ دەگیرێت. ڕۆستەم قارەمانی گەلانێکی زۆری فلاتی ئێران و دەوروبەریەتی، هەر لە گەلانی ئاسیای ناوەندییەوە تا ئاسیای بچووک ، جا سەمەرە نییە ئەگەر قارەمانانی وەک "کوێرئۆغڵی" بچنە ناو ئەدەبیاتی بەرهەڵستکاری چەند گەل و قەومیەتی جیاجیاوە هەر لە ئاسیای ناوەندییەوە تا قەفقاز و ئاسیای بچووک و کوردستان؛ یان "کاکە نەبی"ی کوردان و "قاچاغ نەبی"ی ئازەربایجانییەکان بخولقێن کە هەردوولا شانازییان پێوە دەکەن.

سێ لە چوار بابەتی ئەم کتێبە بەرهەمی زەحمەتی مامۆستا لەتیف مەمەد لێکۆڵەرێکی خاوەن ئەزموون لە کوردانی دانیشتووی ڕووسیەیە کە بە زمانی ڕووسی نووسیونی: "کوێرئۆغڵی"، "قاچاغ

نەبی" و "فزوولی"؛ بابەتی چوارم واتە "قەرە فاتمە"، نووسەرێکی نادیاری ڕۆژنامەی "پال مال" چاپی لەندەن نووسیویەتی. لە خوێندنەوەی بابەتەکاندا دەبینرێت مامۆستا مەمەد گەلێک سەرچاوەی پشکنیوە و زۆر مووقەڵێشیی کردووە بۆ ئەوەی بگاتە بنج و بناوانی هەندێک لە پەیوەندە مێژووییەکان کە بە هۆی نەبوونی کەیانی سەربەخۆی کوردییەوە لەجیاتی ئەوەی لە ئارشیڤی نەتەوەیی خۆماندا ڕابگیرێن، دەبوو لە ئارشیوی ئەو وڵاتانەی دەربهێنێت کە لەگەڵ کورددا زۆر میهرەبان نین! نووسەر هەوڵیداوە بە یارمەتی هەندێک نیشانەی جوغرافیایی و مەنتیقی پەیوەندە هۆزایەتییەکان و ڕیوایەتی جیاجیا و کۆمەڵناسیی کورد، بتوانێ بۆ نموونە، بڵێت "کوێرئۆغڵی" قارەمانێکی هۆزی "جەلالی" بووە، زوربەی زۆری ئەو هۆزەش چ لە ئێران و چ لە عوسمانی، کورد بوون و هەن؛ قاچاغ بوون و چوونە چیاشی لەگەڵ خوو و خەسلەتەکانی کورد لە ڕابردوو و ئێستادا یەک دەگرێتەوە، کەوابوو، زۆر سەیر و سەمەرە نییە ئەگەر بە کورد بزانرێت؛ دیارە ئەوەش بەرگر نییە لەوەی گەلی ئازەربایجان بۆ هەمیشە "کوێرئۆغڵی" بە قارەمانی نەتەوەیی خۆیانی بزانن و ڕێزی لێ بگرن و "عاشیق"ەکانی ئەو وڵاتەش بە ئازایەتی و جوامێرییەکەیدا هەڵبڵێن. دیارە مامۆستا مەمەد نە یەکەم کەس و نە دواکەسە کە پەیوەندی "کوێرئۆغڵو"ی بە کوردانەوە دابێت.

یاخود کاتێ کە "نەبی" قارەمانێکی هاوشێوەی کوێرئۆغڵی، لە بەیتی کۆنی کوردیدا هەیە و بەیت وێژەکانمان سالانێکی گەلێک زۆرە بەیتی "کانەبی" مان بەگوێدا دەخوێنن، و بە ئازایەتی و نەبەزییەکەیدا هەڵدەڵێن، کارێکی نا ئاسایی نییە داکۆکی لە بیرۆکەی یەکبوونی ئەو کەسایەتییە مێژوویی- ئەفسانەییە لەگەڵ

"قاچاغ نەبی"ی ئازەربایجانییەکان لە مێشکیدا بگورویت و بۆ سەلماندنی یەکبوونی ئەو دوو قارەمانە، بەشوێن بەڵگە و دەستاوێژ دا بگەڕێت.

بە هەمان شێوە، کاتێ ئێمە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی مامۆستای شوێنەوارناسی کورد "عبدالرقیب یۆسف"ەوە دەزانین ماڵی محەمەد فزوولی شاعیری ناوداری گەلی ئازەربایجان لە قۆناغێکی ژیانیدا لە سەر قەڵای کەرکووک بووە[١]، بۆ کەسێک کە زۆر و کەم شارەزای هۆزی گەورەی تورکی بەیات و لق و پۆپە تورکمانی و کوردەکانی بێت، گەڕان بەدوای ڕەچەڵەکی کوردیی فزوولی، سەرەڕای ئەوەی شیعرەکانی بە تورکی و فارسی گوتبێت، نابێ شتێکی غەریب و نامۆ بنوێنێت؛ بۆ مەگەر شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی شرۆڤە نووسی مەسنەوی مەولەوی، لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە کەرکووک نەژیاوە و سەرجەم شیعرەکانیشی بە فارسی و تورکی نەگوتوون؟ ئەوە تایبەتمەندیی ژیان لە ناوچەیەکە وا گەلانی هەمەچەشنەی ئێمەی تێدا نیشتەجێن و ئەگەر سیاسەت و بەرژەوەندیخوازی لێبگەڕێت هۆکارێک بۆ جوانی و ڕازاوەییەکەی و دۆستیی نێوان گەلەکانیەتی.

وتارەکان دۆستی خۆشەویستم دوکتۆر کامران ئەمینئاوە لە ڕووسی و ئینگلیزییەوە وەریگێڕاونەتە سەر کوردی. وەرگێڕ، لە لایەن دایکەوە کورد، لەلایەن باوکەوە ئازەربایجانی و وەک کەسایەتیش، مرۆڤێکی بەرپرس و دوور لە ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی قەومییە، کە لە ڕێگەی نووسین و وەرگێڕانی کتێب و

١. عبدالرقیب یۆسف، "وێران کردنی قەڵای کەرکووک و هەوڵدانم بۆ ڕزگار کردنی- گرنگی قەڵات لە بواری کەلەپوورییەوە"، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەرێمی کوردستان، هەولێر ٢٠١٠، لاپەڕە ٦٢.

وتـــاری زانـــستی و پیـــشەییەوە، خزمەتێکـــی زۆری زمـــانی نەتەوایەتیمـانی کـردووە. مـن لە مـاوەی وەگێڕانـی ئەم وتـارانەدا پەیوەنـدیی نـزیکم بە کارەکـانەوە بـووە و دەزانـم هـیچ ئامـانجێکی جگە لە خستنە بەرچاوی هەندێک بابەتی شـاراوە و بـاس نەکراوی مێژووی گەلی کورد، نەبووە و کەم تا زۆر نەیویستووە مافی گەلی بـــرای ئازەربایجانیمـــان زەوت بکـــات. ئیتـــر قەبـــووڵ و ڕەدی بۆچوونەکانی نووسەر دەکەوێتە سەرشانی خوێنەران.

ئەنوەر سوڵتانی
ڕێبەندانی ٢٠٢٢

## پێشەکی وەرگێڕ

نەتەوەیەک کە دەوڵەت و کەیانی خۆی نەبێ، نەک هەر لە ژیانێکی بەختەوەرانەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بێبەش دەبێ، بەڵکوو پێناسە فەرهەنگییەکەشی لێ زەوت دەکرێ. زەوتکرانی مافی نووسین بە زمانی زگماکی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر و شاعیر و بەگشتی ڕووناکبیری نەتەوەی ژێردەست بە زمانی نەتەوەی دەستەڵاتدار بنووسن، بیر بکەنەوە و لە جیاتی خزمەتی زمانی خۆیان، یاریدەی گەشەسەندنی زمان و بیر و فەرهەنگی نەتەوەی داگیرکەر بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە شۆڤینیزمی دەستەڵاتدار هەوڵ دەدا لە ڕێگەی حاشا کردن لە بوونی ئەم نەتەوانەوە، مێژوو و کەسایەتییەکانیان چەواشە بکا.

کورد یەکێک لە گەلانی گەورەی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیایە کە بەهۆی دابەشکرانی نیشتمانەکەی نەک بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی چوار وڵاتی دراوسێ: ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا، بەڵکوو بەشێک لە دانیشتوانی کۆماری ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان و کازاخستان و ڕووسیەش پێک دەهێنێ و لەو سۆنگەیەوە گەلێک کارەساتی تووش بووە.

لە سەدەی ١٥ زایینیەوە هەتا سەرەتاکانی سەدەی ١٩ بەشێکی بەرچاو لە کوردی کوردستانی عوسمانی و خوراسانی ئێران بە هۆی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری ناوبەناو کۆچیان کردۆتە وڵاتانی ئەوبەری قەفقاز وەکو گورجستان، ئەرمەنستان، تورکەمەنستان و ڕووسیە. هەروەها چوونی سەربەخۆ یا ڕاگواستنی بە زۆرەملەی بەشێک لە کوردەکانیش بۆ ئەرمەنستان و ئازەربایجان یەک لە ئاکامەکانی شەڕی ڕووسیە و ئێران(١٨١٣-١٨٠٤ میلادی) هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٨-١٩١٤) بووە.

لە سەدەی نۆزدەدا، کوردی ئەوبەری قەفقاز کە سەر بە هۆزی سیپکی، جەلالی، شکاکی، زیلانی و حەسەنلی بوون، زۆرتر لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان نیشتەجی ببوون. بە گشتیی کۆچی کورد بۆ ئەو وڵاتانە بوو بە هۆی گرێدانی ژیان و چارەنووسی کورد لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و هەوراز و نشێوەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ڕووسیای تێزاریدا بوون و پاشان بوون بە بەشێک لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو. کورد وەکو هەموو شارۆمەندانی ئەو وڵاتانە بەشداری لە تەواوی ڕووداوە مێژوویەکان وەکو شۆڕشی ئۆکتۆبر، شەڕی نێوخۆیی دژ بە لایەنگرانی سپای سپی سەر بە حکوومەتی ڕووخاوی تێزار لە پێناوی پاراستنی حکوومەتی سۆڤییەتی و درووستکردنی بینای سۆسیالیستی، هەروەها شەڕی نیشتمانی بۆ ڕزگاریی لە دەست سپای داگیرکەری فاشیستی هیتلێری لە شەڕی دووهەمی جیهانی و هتددا کرد. دەیان کورد بۆ بەشداری کردن لە ڕەوتی درووستکردنی بینای سۆسیالیسم یان شەڕەکانی ناوبراو، مێدالیای جۆراوجۆر وەکو "کاری سۆسیالیستی" یان "لێنین"یان وەرگرت.

هەرچەند لە ساڵانی سەرەتای پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ هەتا کۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ی سەدەی ڕابردوو، بایەخێکی بەرچاو بە زمان و فەرهەنگی کوردی لە ئازەربایجانی سۆڤییەتی درا و تەنانەت بە بڕیاری کومیتەی ڕاپەڕاندنی ناوەندیی کۆماری ئازەربایجان ناوچەیەکی تایبەتیشیان بە ناوی کوردستانی سوور [١٩٢٩-١٩٢٣] بۆ دیاری کرا کە پێکهاتبوو لە کەلبەجار، لاچین، قوبادلی، زەنگلیان و هتد، بەڵام پاشتر زۆربەی ئەم دەرفەتانەیان لێ زەوت کرا و کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی ئاسایشی سۆڤییەتی. کۆماری سووری کوردستان هەڵوەشایەوە و، لە ساڵی ١٩٣٧ دا دوورخستنەوەی کوردی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بۆ ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان دەسی پێکرد. مخابن لە ساڵانی دواییشدا هەلومەرجێک لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤییەتی خوڵقا کە تا ئێستاش ئاسەوارەکەی دیارە و بەردەوام حاشا لە ڕەگەزی بەشێک لە کەسایەتییە کوردەکانی ئەم وڵاتە دەکرێ و مێژوونووسە ئەدەبی- سیاسییەکانی ئەو وڵاتە نکۆڵی لە کوردبوونی شاعیر و نووسەری بەناوبانگی وڵاتەکە وەکوو "نیزامیی گەنجەیی"، "سلێمان ڕەحیمۆف"، "شامۆ عارف"، "عەلی وەلیۆف"، "سەمەد وەرغون"، "حوسێن کوردئۆغڵوو"، "شامیل عەسکەرۆف" یان قارەمانی نەتەوەیی وەک "کوێرئۆغڵوو" و "قاچاغ نەبی" و شاعیری بە ناو بانگ "محەمەد فزوولی" و هتد دەکەن و بەم چەشنە، بەشێک لە مێژووی کورد چەواشە دەبێ و، هەوڵ دەدرێ کولتووری ئەم خەڵکە لەو کەسایەتییە ناودارانە کە هێمای ئازادی، داد پەروەری، فیداکاری و لەخۆ بوردوویی لە پێناوی گەلەکەیاندان، بێبەش بکرێ.

بە داخەوە لەم ساڵانەدا بە هۆگەلی جۆراوجۆر ئەم دەرفەتە بۆ ئێمەی کورد نەڕەخساوە هەتا زانایان و پسپۆڕانمان لەم بوارانەدا چالاک بن و هەوڵ بدەن ڕووناکی بخەنە سەر خاڵە نادیار و شاراوەکانی مێژووی ئەدەبیی کورد و ئەم چەشنە کەسایەتییانە بە کۆمەڵانی خەڵک بناسێنن.

لەنێو کورداندا چەند دڵسۆزێکی ئەدەب و کولتوری کورد جێ پەنجەیان بە ناساندن و بە خاوەنکردنەوەی بەشێک لەو قارەمانانەوە دیارە.

مامۆستا "لەتیف مەمەد" لەدایکبووی ئەرمەنستان خاوەنی ئەم وتارانەیە: "دەربارەی کەسایەتیی 'کوێرئۆغڵوو' لە بزووتنەوەی نەتەویی - ڕزگاریخوازانەی کورد دا"؛ "سەبارەت بە ڕۆڵەی بەناوبانگی کورد "قاچاغ نەبی"؛ "لێکدانەوەیەک لەسەر ڕەچەڵەکی کوردیی 'محەمەد فزوولی'ی شاعیر". تاهیر سلێمان لە دایکبووی کۆماری ئازەربایجان نووسەری 'نامەی سەرئاواڵە بۆ ئاکادێمیای زانستیی ئازەربایجان: نیزامیی گەنجەیی کورد بووە و بە زمانی کوردیش نووسیویەتی'. و "ئەنوەری سوڵتانی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە " ئایا کوێرئۆغڵوو کورد بووە؟ لەو توێژەر و نووسەرانەن کە لە پێناوی دۆزینەوە و ناساندنی ئەم کەسایەتییانەدا هەوڵیان داوە و زەحمەتیان کێشاوە کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

بێ گومان پێداگری لەسەر کوردبوونی ئەو کەسایەتییانە بۆ دژایەتی کردنی گەلی ئازەربایجان و هیچ گەلێکی دیکە نییە کە بە درێژایی مێژوو بە هێمنی و خۆشی لەگەڵ کورد لە ناوچەیەکدا پێکەوە ژیاون و گەلێک بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، بەڵکوو تیشک خستنە سەر لایەنێکی تەم و مژاویی مێژووی گەلی کوردە

کە بەداخەوە لە لایەن خۆدی کوردیشەوە کەمتر بایەخی پێدراوە یان هەر بەگشتی ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. دەنا ئەوە شتێکی ڕوونە کە تەنانەت زۆربەی گەلانی باشووری قەفقاز خۆیان بە خاوەنی بەشێک لەم کەسایەتییانە دەزانن و گەلێک چیرۆک، هەڵبەست، گۆرانی، فیلم، شانۆ و ئۆپێرا و بالەیان سەبارەت بەوان هەیە و شانازییان پێوە دەکەن. هاوکات لەگەڵ ئەوە، ڕوونکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان لە ڕوانگەی کوردییەوە و گەڕاندنەوەی پـاڵەوان و کەسایەتییە بە ناوبانگەکانی کورد بۆ ماڵی کوردیش، مافی هەموو تاکێکی کوردە.

بابەتی "قەرە فاتمە، شیرە ژن" بە زمانی ئینگلیزی لە ڕۆژنامەی "پاڵ ماڵ" ڕێکەوتی ٨ی نوامبری ١٨٨٧ لە لەندەن چاپ کراوە بەڵام بەداخەوە ناوی نووسەرەکەی نادیارە.

سێ بابەتی دیکەی ئەم کتێبە، بەڕێز لەتیف مەمەد بە ڕووسی نووسیونی و لەسەر سایتەکەی خۆی www.kurdist.ru و گۆڤارەکانی ڕووسیە و کازاخستان و ... هتددا بڵاوی کردوونەتەوە. "لەتیف مەمەد برووکی" (لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ لە ناوچەی ئاراڕاتی ئەرمەنستان) کوردێکی لێکۆڵەر، مێژوونـاس، کوردناس و بەرپرسی سایتی ناوبراو، لە ڕووسیە و ئەندامی یەکیەتیی ڕۆژنامەنووسانی ڕووسیە و فدراسیۆنی نێونەتەوەیی ژۆرنالیستانە. لەتیف مەمەد پێشتر لە ساڵانی ٢٠٠١/٢٠٠٠دا سەرنووسەری گۆڤاری کۆمەلایەتی- سیاسیی "دروژبا" (دۆستی) لە مۆسکۆ بووە.

لە کۆتاییدا سپاسی دۆستی خۆشەویستم کاک "ئەنوەر سوڵتانی" دەکەم کە بە دڵاوایییەوە زەحمەتی نووسینی سەرەتا و، خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ. هەروەها سپاسی

ڕێـزدار کـاک عەتـا حەواری‌نەســە ب بـۆ پێـداچوونەوەی ووردی بابەتەکانی ئەم کتێبە دەکەم.

تێبینی: لەم نامیلکەیەدا ساڵەکان هەموو زایینین.

کامران ئەمین‌ئاوە، دۆرتمۆند، ئاڵمان ڕێبەندانی ٢٠٢٢

**سەبارەت بە کەسایەتی کوێرئۆغڵی**

**لە بزووتنەوەی نەتەوەیی – ڕزگاریخوازی گەلی کورددا**

شەڕی عوسمانی و ئێران لە ساڵانی ١٥١٥-١٥١٤ کە ئامانجەکەی داگیرکردنی کوردستان بوو، بە ڕادەیەکی زۆر بە هۆی نێوبژایەتی زانای بە ناوبانگی کورد، مەولانا ئیدریس [ی بدلیسی] بە قازانجی عوسمانی کۆتایی پێهات. سوڵتان سەلیمی یەکەم بە هۆی گرینگی کوردستانەوە وەکوو فاکتەرێکی نیزامی- سیاسی، پێشنیاری بە مەولانا ئیدریس کرد لە نێوان هەرە بەهێزترین هۆزەکانی کورد بەربژێرێک بۆ حاکمی[1] کوردستان هەڵبژێرێت.



بە گوێرەی شایەدیدانی شەرەف خانی بدلیسی، مەولانا ئیدریس بە پێی ئەوەی تەواوی کوردە فئێوداله بە ناوبانگەکان شانازی بە ڕەچەڵەکی دێرینی خۆیانەوە دەکەن و ئەستەمە کوردێک، فەرق ناکات چ کەسێک بێ، بە حاکمی خۆیان قەبووڵ

---

١. حاکم: میر، فەرمانڕەوا، دەسەڵاتدار، حاکم

بکەن، سوڵتانی لەم کارە پەشیمان کردەوە. کەوابوو، سوڵتان ڕێبەری هۆزێکی تورکەمەنی کرد بە حاکمی کوردستان و، تەواوی کوردە فئێودالەکان بە بەشداریی مەولانا ئیدریسەوە گوێرایەڵیی خۆیان بۆ حاکمی نوێ کوردستان ڕاگەیاند، مەولانا ئیدریسیش بۆ ئەو خزمەتەی کردبووی، شمشێرێکی دەسک زێرین و دیاریی بە نرخی، بەرامبەر بە ١٢٢ هەزار دوقە[١] زێر لە سوڵتان وەرگرت.[٢] ئەو بڕە، پارەی ئەو خوێنانە بوو کە لاپەڕە ڕەشەکانی داهاتووی مێژووی کوردی پێ تۆمار کرا.

بەڵام گەلێک زوو، ئەو گرێبەستەی کە بە ناوبژێری مەولانا ئیدریس لە نێوان سوڵتان سەلیمی یەکەم و ئەمیرە کوردەکان واژوو کرابوو لە بیر چۆوە و هێرشێکی هەمەلایەنە کرایە سەر مافی کورد و گەورە فئێودالەکان، بە تایبەت لە کاتی حوکمی سوڵتان سولەیمانی غازی[٣](١٥٦٦-١٥١٩)دا. ئەمیرەکانی کورد کە مافی خودموختاریی ناوخۆییان بوو، یەک بە شوێن یەکدا ئەم مافەیان لەدەس دەدا. تورک و فارسەکان بە پێی پرەنسیپی "دووبەرەکی بنەوە و ئاغایی بکە"، لە هەر دەرفەتێک بۆ ورووژاندن و قووڵکردنەوەی ناتەبایی و کێشەی نێوکوردان کەڵکیان وەردەگرت. بە پێی نووسراوەکانی مێژووناسی ئازەربایجانیی

---

١. دوقە یەکەی پارە لە سەدەی ناوەڕاست بووە و لەوەدەچێ دوقەیەک بەرامبەر بە ٣٥ گەرەم زێر بووبێ. سەرچاوە: تاریخ کرد در قرن ١٦ میلادی، تالیف: د. شمس محمد اسکندر، مترجم محسن جلدیانی، ص ١٩٧، حواشی بخش دوم، تهران، عابد. ١٣٨٠

٢. مەحەمەد ئەمین زکی باسی ٢٥ هەزار التونی دوقە دەکات. "کوردستان و کورد جلد ١-٢-٣" لاپەرەی ١٦٦، چاپی چاپخانەی دارالسلامی بغداد، ١٩٣١ میلادی. شەمس محەمەد ئەسکەندەر لە کتێبی "مێژووی کورد لە سەدەی شازدە"، لاپەرەی ٨٣ باس لە دیارییەک بڕی ١٢ هەزار دوقەی کردووە.

٣. مەبەست سوڵتان سولەیمانی یەکەم دەهەمین سوڵتانی عوسمانییە.

هاوچەرخ م. م شەمسی"... چ دەوڵەتی سەفەوی و چ سوڵتانەکانی عوسمانی، سیاسەتیان نەک بۆ لە ناوبردنی پێکهاتەی عەشیرەیی لە نێوان کوردان، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ پێدانی زەوی کورد بە فئێودالەکانی خۆیان و سڕینەوەی خەڵکی کورد بە گشتی لەسەر ئەرد"(٦٦-١)

لە سەردەمی حوکمڕانیی سوڵتان مورادی سێهەم(١٥٩٤-١٥٧٤) شەڕی عوسمانی و ئێران بە تاو و تینێکی تازەوە هەڵگیرساوە. لە تەواوی ئەم شەڕانەدا خوێنی کوردان دەڕژا کە لە دوو بەرەی دژبەیەکدا شەڕیان دەکرد، کوردستانیش کە کرابووە ناوچەی شەڕی عوسمانی و ئێران، خاپور و تالان کرا. لەو سەردەمەدا، بە تایبەتی بە تین و وزەیەکی تازەوە شەڕی نێوخۆیی هۆزەکانی کورد دەستی پێکردەوە. کوردستان لە مێژووی خۆیدا قەت لاپەڕەی ئاوا خوێناویی بە خۆیەوە نەدیبوو، و بە ڕاستی لە خۆێندا نوقم ببوو.

گەلی کورد کاتێ گەیشتە ئەو پەڕی بێهیوایی، دژ بە چەوسێنەرەکانی خۆی ڕاپەری. ڕاپەڕینی بە هێزی کوردان بە هۆگەلێکی بابەتی و زەینییەوە خەسڵەتی خۆبەخۆیی و خۆجێیی لە چوارچێوەی جوڵانەوەیەکی عەشیرەییدا بوو و دەگمەن دەگەیشتە ئاستی کۆنفیدراسیۆنی هۆزەکان، ئیمپراتۆری عوسمانی و شای ئێرانی هەژاند، بەڵام ڕاپەڕینی ئەوان لە باری پانتاییەوە نەگەیشتە ئاستێکی گشتیی و هەر لە سەرتاوە چارەنووسێکی ڕەش و شکستی بە دواوە بوو، بەڵام ڕوحی خەباتگێڕی کورد ئاڵای کۆڵنەدرانەی دژ بە چەوسێنەرانی خۆی بەرز کردەوە؛ کورد پێ باشتربوو چەک بە دەس بمرێ هەتا بە کۆیلەیی بژی.

لە ساڵانی ١٥١٤-١٥٠٦دا، هۆزی مەلەکشاهی[١] ڕاپەڕی، بەڵام ئەم جوڵانەوەیە بە هۆی دەستپێکی شەڕی چاڵدران لە ساڵی ١٥١٤ ڕاگیردرا. ڕاپەڕینی هۆزی ڕۆژەکی[١٥٣٨-١٥١٩] نزیکەی بیست ساڵی خایاند. ساڵی ١٥٢٤ ئەمیر زولفەقار سەرۆکی هۆزی کەڵهۆر بە یارمەتی کوردە شەڕڤانەکانی دەوروبەری لۆرستان بەغدای گرت و سەربەخۆیی خۆیانی ڕاگەیاند، بەڵام لە ساڵی ١٥٢٩ بە هۆی خەیانەتی بەشێک لە هاوقەتارەکانی خۆیەوە لە شاتەهماسبی سەفەویی شکستی خوارد.

لە کاتی شەڕەکانی ساڵی ١٥٣٤دا، شاتەهماسبی یەکەم ئەمارەتەکانی عادلجەواز و ئەرجیشی داگیر کرد. بە ئەمری شا ٦٠ شەرڤانی هۆزی بوهتی کە قارەمانانە قەڵای ئەرجیشیان پاراستبوو، دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر، بە زیندوویی قوشقن کران و کوژران.

لە کاتی سێهەمین لەشکرکێشانی سوڵتان سولەیمانی غازی لە ساڵی ١٥٤٨ بۆ سەر ئێران، کوردستان سەرلەنوی بوو بە گۆڕەپانی شەڕ. ناوچەی ئامەد(دیاربەکر)، ناوەندی سپای سوڵتان و، ئەرزنجان شوێنی سپای شا بوو. داگیرکەرەکان بە قین و ئێرەییەکی بەردەوامەوە ئەو وڵاتەیان خاپور و تاڵان کرد.

کوردەکان لە ژێر کاریگەریی ئێران و عوسمانیدا، دابەش ببوونە دوو بەرەی دژبەیەک. بۆ وێنە لە ساڵی ١٥٥١، سوڵتان، وروژێنەری هێرشی هۆزی بە هێزی کوردی مەحموودی بۆ سەر هۆزی بە هێزی کوردی دونبوڵی لە [ناوچەی] خۆی بوو، لە ئاکامدا حاجی بەگ دونبوڵی سەرۆکی هۆزەکە کوژرا. لە وڵامدا

١. ناوی دیکە ئەم هۆزە "چمشگزک یان چامشگزک"ە.

شـا، ئەمیـری بـدلیس، شەمـسەدین خـانی بدلیـسی هانـدا، ئەویـش ئەرجـیش، بـارکری، مـوش، ئەخـلات، عـادلجەواز و ناوچەکـانی دیـکەی کوردسـتانی قەڵـتو بـڕ کـرد و لە ئاکامـدا هەزاران کـورد کوژران.

لە سـاڵی ١٥٦٣ عوسـمانییەکان لە پێنـاوی وەدەسـتهێنانی مـافی دەسـەڵاتداریی ئەمـاراتی حەکـاری، شـەڕێکیان لە نێـوان دوو بـرا، زەینال بەگ و بایاندور، لە ناوچەی سەلماس ورووژاند.

لە تەواوی شـەش شـەڕە سـەرەتاییەکانی سـەدەی شـازدە لە نێـوان ئەمپراتـوری عوسـمانی و شـای ئێرانـدا، کوردەکـان هێـزی سەرەکی ئەم شەڕانە بوون و کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شـەڕ و تـالانکردن. تەواوی ئەم شـەڕانە لە سـەر بەسـتێنی ڕاپەڕێـنە نەپساوەکانی کورد دژ بە تورک و فارس ڕووی دەدا.

لە ساڵی ١٥٦٤ هۆزەکانی کوردی لۆر؛ لە ساڵانی ١٥٨٠-١٥٦٤ سـلێمانی، بـوهتی و داسـنی؛ لە ١١-١٦١٠ برادۆسـت و لە ١٣-١٦١٢دا بانـە، ڕاپەڕیـن. لە نێوان ئەم ڕاپەڕینـانەدا لە هەموویـان بە هێزتـر و بە ئاکامتر ڕاپەڕینێک بە ڕێبەریـی شـازادەی بە ناوبـانگی کورد- جان پۆلاد(١٦٠٧-١٦٠٥) بوو.

هەر لەسەرەتاوە ئامانجی هـیچ کام لەو ڕاپەڕینانە پێکهێنانی دەوڵەتێکی چڕی کوردی نەبوو و جولانەوەکەیان تەنیا لە پێناوی دەسـتەبەرکردنی دەسـتەڵاتدارییەکی ڕێژەیـی و سـەربەخۆیی ئەمـارەتە جیاجیاکـانی کـورد بـوو. سـەرهەڵدانی تەواوی ئەم ڕاپەڕینانە نەک هاوکات بەڵکوو لە کات و ساتی جیاوازدا بوو، لە لایەکی دیکەشەوە نەهامەتی ئەوان لە کەڵک وەرگرتنی عوسمانی و ئێرانییەکـان هەر لە خـودی هێـزە کوردییەکـان بـۆ سـەرکوتی ئەم ڕاپەڕینانەدا بوو.

تورکەکان توندوتیژیەکی تایبەتییان لە کاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان بەکار دەهێنا. بە شایەتی چەندین توێژینەر، مورادپاشا سەرکردەی سپای تورک لەبەر پڕکردنی چاڵ و دۆڵەکان بە تەرمی کوردە کوژراوەکان نازناوی "قویوجی"[1] پێ درابوو(٩١-١).

فاروق سومێر مێژووناسی تورک دەنووسێ: مورادپاشا"... بەزەیی بە کەسدا نەدەهات و هەموو جەلالییە گیراوەکانی دەکوشت و بە تەرمی ئەوان چاڵەکانی پڕ دەکردەوە، تەنانەت بەزەیی بە منداڵانیشدا نەدەهات. بەم چەشنە، ژمارەی کوژراوانی جەلالی لە کاتی شەڕ و پاش گیرانیان پتر لە ٣٠ هەزار کەس بوو. قویوجی موراد پاشا بەم کارەی توانی هێمنییەکی ڕێژەیی لە ئاناتۆلی دابین بکات"(١٩٦-٢). هیچ جێ گومانێک لە خەسڵەتی بزووتنەوەی"جەلالییەکان" دژ بە کۆت و بەندی عوسمانییەکان بە تایبەت لە ئاناتۆلی، واتە بەشی باکووری کوردستان، و ئەو ڕووداوانەی لە لایەن شایەد و لێکۆڵێنەرانی ئەو سەردەمە ڕاپۆرت کراوەدا، نییە.

ئاراکێل داوریژتسی[2] مێژووناسی ئەرمەنی سەدەی حەفدە و شایەتی زیندووی ئەو ڕووداوانە دەنووسێ:"... جەلالییەکان لەو کاتەدا لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی وڵاتی عوسمانی ڕاپەڕیبوون، ژمارەیان زۆرتر لە دژبەرە وێرانکەرەکانیان بوو"(٩٤-٣). نووسەر بە دوایدا ڕادەگەیەنێ "لەساڵی ١٦٥٥ ئەودال خان (شازادەی کورد – ل. م) حاکمی باقیش[3] [بدلیس] ڕاپەڕی و دەیویست ببێتە جەلالی"(٤٩٨-٣). شایەدێکی بەرچاوی دیکەی ئەم ڕووداوانە،

---

١. قەبر هەڵکەن، قەورکەن

2. Arakel Davrizhetsi

3. Baghesh ناوی بدلیس بە زمانی ئەرمەنی

ئەسـکەندەر مونـشی ڕادەگەیەنـێ"... ئەو هـۆزە کـوردانەی دژ بە سوڵتانی ڕۆم(تورک – ل.م) ڕاپەڕیبوون، ئاژاوەیان دەگێرا و هەر کامیـان بە پێـی خواسـتی خۆیـان دەجـوڵانەوە(٦٣-٤). ئاراکێـل داوریژتسی ئاماژە بە ناو یان نازناوی نزیکەی ٣٠ کەس لە هەرە بە ناوبانگترین ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکان دەکات، لە نێوان ئەواندا ئەم ناوانە بەر چاو دەکەون: قەرە یازچی، دەلی حەسەن، گیزیرئۆغڵی موستەفا بەگ، حوسێن پاشا، تاول(ئەحمەد) و براکەی مانئۆغڵی، جان پۆلادئۆغڵی، عەلی پاشا، برا و کوڕەکەی قەلەندەر ئۆغڵی محەمەد، *کوێرئۆغڵی* و هتد.

ئەو دەنووسێ"هەموو ئەوانە جەلالی بوون و پێرەوییان لە شا نەدەکـرد"(٣/٩٥). ئەحـمەد ڕەفیـق مێژووناسـی تـورک دەنووسێ"ئامانجی ڕێبەڕانی شۆڕش لە ئاناتۆلی تالآن کردن نەبوو. ئەوان هەوڵیان دەدا بە تەواوەتی دەستی عوسمانییەکان لەم وڵاتە کورت بکەنەوە". بەشی بەرچاوی خەڵکی ئاناتۆلی خوازیاری ڕزگاربوون لە حوکمی عوسمانییەکان بوون(٦٢-٥).

مستەفا ئاکدای مێژوونوسێکی دیکەی تورک لە کتێبەکەی خۆی "ڕاپەرینی جەلالییەکان" دەنووسێ "ئامانجی قەرە یازچی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ئاناتۆلی بوو"(١٩٤-٢).

س. ئـ مەمەدۆف مێژوونووسی ئازەربایجانیی سەردەم دەنووسێ"... ڕاپەڕین لە ژێر ڕێبەرایەتی جان پۆلاد ئۆغڵی دەبێ وەک هەوڵێک بۆ ڕزگاری لە کۆت و بەندی عوسمانییەکان لەبەر چاو بگیرێ".

بە پێی فاکتەرە ئاشکراکان، ئەو ناچار بوو دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە "...ڕوودانی بزووتنەوەی کوردەکان لە ژێر ئالای

جەلالییەکانـدا بـووە"(١٩٦،١٩٢-٦). نەجیبزادەیەکـی هـۆزێکی کـورد ڕێـبەری ڕاپەڕێـنەکە بـوو و ئاراکێـل داوریژێتـسی بـە پەسـندێکی ئاشـکرا دەنووسـێ " ئەمـانە خەڵکێکـی ناسـراو، شـەرڤانی دلێـری سەرکەوتوو و خەباتکاری نەبەز و کۆڵنەدەر بوون"(٩٤-٣).

هۆزی جەلالی وێرای ئەوەی ئەندامی کۆنفدراسیۆنی هۆزە بە هێزەکان بوو، ڕاستەوخۆ بەشدارییی لە ڕاپەڕینەکان دەکرد یاخود بە پێی وەزع و بارودۆخەکە، جاروبار چالاکانە لە بەرەی سوڵتان یـان شـا بەشـدارییان دەکـرد. بە هـۆی ئەوەی ئەم هـۆزە بە شێوەیەکی نەریتی و هەبوونی خەسڵەتی جەردەیی هەدانەداو، لە هۆزەکانی دیکەی کورد جیا دەکرایەوە و ناوی هۆزی"جەلالی" بوو بە نـاوێکی گشتی بە مانـای چەتە، یـاخی و، هەر لەبەر ئەوەش لە سەرچاوە نووسراوەکانی ئەو کاتەدا، بۆ گشت بزووتنەوەی کورد و لە پلەی یەکەمدا بۆ ئەوانەی دژ بە حکوومەتی عوسمانییەکان بوون، وشەی "جەلالی" وەکوو چەتە، یاخی واتای دەداوە.

زۆرجار ئەو ڕاپەڕینـانە هـاوڕێ لەگەڵ تـالانکردن بـوو و، لەو بەیـنەدا خەڵکـی گونـدەکان زەرەر و زیانیـان وەبەر دەکەوت یـان داراییـی ئەنـدامی بنەمـاڵەی هـۆزی نەیـار دەبـوو بە ئامـانجی تالانکردن. تەنیا دەکرێ لەم ڕێگایەوە پێدانی ناوی"جەلالی، چەتە، یاخی" بە تەواوی ئەو کوردانەی کە ڕاپەڕیبوون شی کرێتەوە.

ئێستا ئیتر مانـای وتەی ئارکێل داوریژێتـسی مێژوونووسـی ئەرمەنـی و شـایەتی ڕووداوەکـانی ئەو کـاتە، ڕوون دەبێـتەوە کە گـوتی "لە سـاڵی ١٦٥٥ حـاکمی "بـاقیش" ئەودال خـان ڕاپەڕی و، ویستیی ببێتە جەلالـی"(٤٩٨-٣) واتە یـاخی، و یـاخی لە لایەن هەر دەسەڵاتدارێک وەکوو کەسێکی خراپ و، دوژمنی شەخسی لەبەر چاو دەگیرێ و، لێدانی مۆری"چەتە"، دەیانخـاتە دەرەوەی بـازنەی

یاسا و، ڕێگای ڕاستەوخۆ بۆ لەناوبردنی فیزیکی و بێ دادگا و لێپرسینەوەیان دەکاتەوە. تەنانەت ئەمڕۆش، ژنراڵە تورکەکانی ئەم سەردەمە زۆر کەم لە ئەژدادیان وەکوو "قویوجی" موراد پاشا جیا دەکرێنەوە، تەنانەت لەباری توندوتیژی و دڵڕەقی وەپێش ئەوانیش کەوتوون، دەسەلاتدارە فەرمییەکانی تورکیا و میدیاکانیان بزووتنەوەی نەتەوەیی – ڕزگاریخوازی ٤٠ میلیۆن گەلی کورد بە تێرۆریستیی ناو دەبەن و بە خەباتگێرە – پارتیزانەکانی کورد دەڵێن ترۆریست. لەبەر ئەوەش سەیر نییە کاتێک دەسەلاتدارانی تورکیا هەر وەکوو پێنج سەدە لەوەپێش تەنیا یەک شێوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد واتە لەناوبردنی فیزیکیی گەلی کورد دەناسن، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە "جەلالی"یەکانی سەدەی شازدە ئەمڕۆ بوونەتە "کوردە ترۆریستەکانی" سەدەی بیستەم.

هەرە گەورەترین ڕاپەڕینی دژ بە عوسمانییەکان لە ساڵی ١٥٩٨ بە شێوەیەکی پان و بەرین بە ڕێبەرایەتی شازادەی کورد ئەودال حەلیم کە نازناوی"قەرە یازچی"( نووسەری ڕەش) بوو، دەستی پێکرد. بە پێی ڕاگەیاندنی شەرەف خانی بدلیسی ٣-٢ هەزار سەربازی چغرسەعد (چەواشەکراوی عەرەبی "وڵاتی شەداد" کە ئێستا شوێنی کۆماری ئەرمەنستانە – ل. م) بە سەرکرادایەتی "نیاز بەگ کوڕی یادگار بەگی پازوکی(لە هۆزی کوردی پازوکی – ل. م) هێرشیان هێنا سەرە قەرەیازی و هۆزی باولییان تالان کرد(٣١٢-٧) و مەعلووم بووە [لەو سەردەمەدا] ئەودال حەلیم – قەرە یازچی/ یازی ڕێبەری هۆزی کوردی باولی بوو. ئێستاکە، ئەم هۆزە کوردە پێرەوی ئایینی شیعە و نیشتەجێ باشووری کوردستان (باکووری عێراق) لە ناوچەی کۆیە و

باکووری چۆمی ڕەواندزە و ١٥٠ بنەماڵە لە خۆ دەگریَ(٧-کورتە لێدوانی ٥٢٦).

قەرە یـــازچی لە ئورفـــا (بـــاکووری کوردســـتان) ڕاپەڕی و قەڵایەکی هەر بەو ناوە گرت. درەنگتر لە باکووری کوردستان لە چیاکانی جانیک[1] کۆچی دوایی کرد. [پاش مردنی] براکەی ئەو، دەلی حەسەن ئەرکی ڕێبەرایەتی [هۆزەکەی] وەئەستۆ گرت، لە چیاکـان هـات خـوارەوە و لە شـاری تۆکـات حەسـەن پاشـای کوشـت(ئەم ڕووداوە لە چیرۆکەحەماسـیەکاندا ڕەنگـی داوەتەوە). لەم ڕووداوەدا خەزینەیەکـی زەنگـین و حەرەمـسەرای حەسـەن پاشـاش کەوتە دەسـتی سـەرهەڵداوەکان. خەزیـنەکە لە نێـوان ڕێبەرانی شۆڕش دابەش کرا، بەشێکیشی بۆ خەرج و باری ڕۆژانە تەرخـان کـرا. سـەبارەت بە حەرەمـسەراکەش، بە پێـی سروشـتی کـوردان و ڕەفتـاری تایبەتییـان، واتە ڕێزگـرتن لە ژنـان، ڕوحـی جوامێرانە بەبرەو و زاڵ بوو، تەواوی حەرەم پارێزرا و نێردرایە شاری دیوری[2] [ناوی کۆنی دیوریگی[3]] ئەم کارە جێگەی پەسندی شۆڕشـگێرانێک بـوو کە چەنـدین سـاڵ ژیـانێکی سـەڵتیان تێـپەر کردبـوو و فـاروق سـومێر مێژووناسـی تـورکیش بـایەخی تـایبەتی پێداوە(١٩٥-٢). سپای دەلی حەسەن بەرەو ڕۆژئاوا وەڕیَ کەوت و گەیـشتە نـاوچەی کوتاهیـا[4]. لە درێـژەی ڕێگـادا هەزاران هەزار خەبـاتگێڕی تـازە پەیوەسـت بەو بـوون. لە سـاڵی ١٥٨٩ شـازادەی کورد حوسێن پاشا شارەداری پێشووی حەڵەب، کە لە بنەماڵەیەکی

1. Canik Mountains
2. Divrik
3. Divriği
4. Kütahya

کۆنی میری کورد لە تایفەی ماند بوو و بە چەشنێکی میراتی لە کیلیس[1] حکوومەتیان دەکرد، پەیوەست بە شۆڕش بوو. بنەماڵەی ناوداری جان پۆلادیش(جان پۆلاد ئۆغوللاری و مانئۆغلی) هەر لەو تایفەیە بوون. ڕاپەڕینەکە حاڵەتێکی مەترسیداری بە خۆیەوە گرتبوو و، حکوومەتی عوسمانی بە هۆی نیگەرانی ناچار بوو بەرەو سازان بروا و لە ڕێگای بەرتیلدانەوە بزووتنەوەی کورد لاواز بکات: دەلی حەسەن کرا بە شارەداری بۆسنی و ٧ کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی کران بە حاکمی ناوچەی"سەنجاق بەگ" لە ڕومێل[2] و ٤٠٠ کەس لە سەردەستە بەناوبانگەکانی چوونە ناو گاردی سوارەی شەخسی سوڵتانەوە. مێژوونووسەکان گەلێک وشەی نەرێنی و گاڵتەجاری ناشیرینیان لە پێوەندیی لەگەڵ سەروسەکوتی هەژارانەی هێزە چەکدارەکانی دەلی حەسەن و شەرڤانەکانی ئەو، کە چوونە نێو ڕومێل، بەکار هێناوە کە بۆخۆی نیشاندەری بارودۆخ و وەزعی هەژارانە و هەناسەساردانەی ژیانی ئەوان بووە. تەواوی ئەوان، دەسبەجێ نێردرانە بەرەکانی شەڕ. عوسمانییەکان لە تەواوی شەڕەکاندا دەستەی کوردانیان دەخستە ڕیزەکانی پێشەوە. ویستی شەڕی پیاوانەی[کوردان] بوو بە هۆی خەسارێکی گەورە، لە کۆتایی شەڕدا، کوردەکان ٦ هەزار کوژراویان هەبوو.

حوسێن پاشاش کە بوو بە حاکمی تریپۆلی[3] چارەنووسێکی باشی نەبوو. "حوسێن بەگی بن جان پۆلاد بەگ" پێنجەمین کوڕی جان پۆلاد و، حاکمی کیلیس و تریپۆلی بوو. بە پێی نووسراوەی

1. Kilis
2. Rumel

٣. طرابلس

ش. خ. بدلیسی لە ساڵی ١٠٠١(١٥٩٣-١٥٩٢)دا "حوسێن پاشا" یان پێ دەگوت(٢٨٢-٢٩١-٧). درەنگتر حوسێن پاشا لە فەرمانڕەوایی تریپۆلی لابردرا و لە قەڵای حەڵەب هەتا ساڵی ١٥٩٧ زیندانی کرا.

بە پێی نووسراوەکانی فاروق سومێر لە ساڵی ١٦٠٣ هەتا ١٦٠٧ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکەکانی جەلالیدا بوو و قەرە یازچی لەهەموویان مەترسیدارتر بوو. لە نێوان ئەواندا ئەو ئاماژە بە جان پۆلادئۆغڵی عەلی پاشا دەکات کە حاکمی باکووری سوریا بوو. "ئەو کوڕی بنەماڵەیەکی کورد بوو کە لە ڕابردوویەکی دوورەوە ناوچەی کیلیس یان بەڕێوە بردبوو"(١٩٣-٢). س. م. مەمەدۆف بە پێی سەرچاوە سەرەتاییەکان ڕاستەوخۆ باس لە" میری کورد جان پۆلاد زادە" دەکات(١٩٣-٦). جان پۆلاد هاوکات لەگەڵ میرێکی کورد بە ناوی فخرالدین مان ئۆغڵی چالاکی دەکرد. یەکێک لە میرەکان بە نازناوی ئەحمەدی "قەرەگاش"(برۆ ڕەش) کە لە ئەرزڕۆم چالاکیی دەنواند بە فەرمانی چیغال ئۆغڵوو[1] وەزیری تورک لە شاری وان لە سێدارە درا. پاشان کوڕەکەی، خان پۆلاد ڕێبەریی شۆڕشی وەئەستۆ گرت، ئەمە دەتوانێ بە چەشنێک پشت ڕاستکەرەوەی نزیکایەتیی قەرەگاش بە بنەماڵەی جان پۆلادەوە بێ. دوایین شەڕێ گەورە لە نێوان ئەو کوردانەی ڕاپەڕیبوون و سپای عوسمانی لە ساڵی ١٦٠٨ لە دەورووبەری ئەرزڕۆم ڕووی دا. سەرەڕای ئازایەتی و دلێری و قارەمانی بێ سنووری کوردان، چەکە ئاگرینە بە هێزەکانی سپای دەوڵەت لە لایەکەوە و، شەکەت و بێ هێزبوونی ئەسپەکانی شەڕی سەرهەڵداوەکان لە لایەکی

1. Jigal-oglu

دیکەوە، کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لە ئاکامی شەڕەکەدا هەبوو. شەڕەکە شکستی هێنا و پاشماوەی سەرهەڵداوەکان ناچار بوون بە هۆی تەنگ پێ هەڵچنینی سپای دەوڵەتیی، تورکیا بە جێ بهێڵن و پەنا بۆ شای ئێران ببەن. ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە لایەن شاعەباسی یەکەمەوە بە "گەرمی و دڵۆڤانی‌یەوە پێشوازییان لێ کرا. شا لە محەمەد پاشا قەلەندەر ئۆغڵی پشتیوانییەکی تایبەتی کرد. هەوارگەی زستایان بۆ بنەماڵەی سەرهەڵداوەکان ئامادە و دیاریی کرد. بۆ وەرگرتن و جێبەجێ کردنی شوێنی ژیانی سەرهەڵداوەکان پارەیەک بە بڕی ١٢ هەزار تمەن، ١٢ هەزار سەر مەڕ و ٢٠ هەزار خەروار دانەوێڵە دیاری کرا. ئەرکی وەرگرتن و نیشتەجێ کردنی کوردەکان بە سەرۆک وەزیر "حاتم بەگ اعتمادالدولە" ڕاسپێردرا و، وەرەقەی فەرمانەکان بە مۆری شا بۆ بەرێوەبردنی کار و نیشتەجێ کردن و ساماندانی "جەلالی"یەکان بە پێی تێڕامان و لێکدانەوەی خۆی [وەزیر]، بۆی نێردرا. دەست و دڵبازیی لایەنی ئێرانی نەک لەبەر هاودڵی، مرۆڤ‌دۆستی و خێرخوازی، بەڵکوو تەنیا بە پێی سروشتی قازانج‌خوازانەی خۆیان بوو. دەوڵەتی ئێران بەرنامەیەکی دوورەدەست و درێژخایەنی بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرهەڵداوەکان دژ بە هۆزە کوردە سەربزێوەکانی ئێران و جیاکردنەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی وەکوو ئامەد/ دیاربەکر – ئەرزڕۆم لە ئیمپراتووری عوسمانی بوو.

سەرەڕای ئەوەش، ڕاپەڕینی هۆزی کوردی برادۆست بە ڕێبەریی ئەمیرخان بە نازناوی "لەپزێڕین" ڕەوتی بەرێوەبردنی ئەم پلانەی شێواند. ئەو لە کاتی بەشداری شەڕێک لە بەرەی شادا دەستێکی لەدەس دا و لە بەر قارەمانییەتی و پیاوەتی بە دەستێکی

دەسکرد لە زێڕ خەڵات کرا. وەستایەکی لێزان ئەم دەستەی بە فەرمانی شا درووست کرد. لەپ زێڕین، وێڕای درووست کردنی قەڵایەکی تازە لە شوێنی ڕووخێنراوی قەڵای کۆنی کوردیی دمدم، خۆی وەکوو حاکمی سەربەخۆی ورمێ، شنۆ و ناوچەکانی دەوروبەری نزیکی ڕاگەیاند. شاعەباس لە ڕێگای برا خوێنیەکانییەوە پێنج هەزار تمەنی بۆ دابەش کردن لە نێوان سەرهەڵداوەکان (جەلالییەکان) نارد. خەڵکێکی زۆر هەستیان بە بارودۆخی خراپی خۆیان کرد، ئەو خەڵکەی دژ بە عوسمانییەکان ڕاپەڕیبوون، ڕەزامەند بەخزمەتکردنی شای ئێران نەبوون. فەرمانی لێبوردنی سوڵتان لە سەرهەڵداوەکان لەو وەخت و ئانە دا بڵاو بۆوە، هاوکاتیش پرۆپاگاندای لایەنگرانە لە تورکیا لە نێوان ئەواندا زۆرتر پەرەی سەند. عوسمانییەکان ڕازی بە لە دەستدانی ئەو شەرڤانە باشانە نەبوون. لە کاتی گەمارۆدانی قەڵای دمدمدا، محەمەد پاشا قەلەندەر ئۆغڵی هاوکاری دەلی حەسەن، بە دەس پارێزەرانی قەڵاکە کوژرا، عوسمانییەکان بە مەبەستی فریودان ئەرکی بەرێوەبەری ناوچە (سنجاق)ی ئانکارایان بە دەلی حەسەن سپاردبوو. سەرەڕای ئەوەش دەلی حەسەن لە ساڵی ١٦٠٩ لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی دیکە، لە ئەنجامی هێرشی سپاکانی دەوڵەتی عوسمانی شکستی خوارد و بەم چەشنە، بە شانازییەوە کۆتایی بە ژیانی هات. بە شوێن ئەم رووداوانەدا دەستەگەلێکی زۆری کوردی بەشدار لە گەمارۆی قەڵای دمدم، ناوچەی ژێر دەسەلاتی سپای شایان بەجێ هێشت. لە ئاکامدا لە ١٣٦٠٥ سەرهەڵداو (جەلالی) نزیک بە ٥٠٠ کەس مانەوە، بەڵام بارودۆخی پارێزەرانی قەڵا بەم هۆیە هاسانتر و باشتر نەبوو و سەرەڕای کوژرانی سەرۆک وەزیر حاتم بەگی اعتمادالدولە، قەڵاکە ڕووخاو

و داگیر کرا. ئەمیر خان و تەواوی نزیکەکانی کوژران. قەڵای بە ناوبانگی کورد و پارێزەرە قارەمانەکانی لە چیرۆکی نەتەوەیی "دمدم"دا پەسن دراون و، نووسەری کورد عەرەب شامیلۆف باشترین ڕۆمانی خۆی لەم پێوەندیەدا نووسیوە.

شای خوێنمژ بریاری تۆڵەسەندنەوەی لە هۆزی گەورەی کوردی موکری دا، کە عەشیرەی برادۆستیش بەشێک لە کۆنفدراسیۆنی هۆزەکە بوو. شا کاتی گەیشتنی بە گاودۆڵ لە نزیک مەراغە، شێوەی فێڵبازانەی خۆی کە بۆ گرتن و لە سێدارەدانی شازادەی ڕاپەڕیوی کورد و حاکمی فارس یەعقوبخان بەکاری هێنابوو، دووپات کردەوە و قوباد خان ڕێبەری جحێڵی هۆزەکەی وێرای گشت تایفەکەی کوشت. بە پێی شایەتیی ئەسکەندەر مونشی مێژوونووسی خودی شاعەباسی یەکەم و، گونابادی مێژوونووسی سەدەی شازدە[١]، فەرمانی کوشتاری گشتیی کوردەکانی موکری بەو پەڕی بێبەزەیی و دڵڕەوقییەوە بەرێوە برا.(١١٦-٤). سەرەڕای ئەوەش، گەلی کورد ملی نەدا و تەسلیم نەبوو. خەڵکی کورد درێژەی بە خەبات دژ بە شای ئێران، هەروەها سوڵتانی عوسمانی دا.

لە ساڵی ١٦٠٨ ئەحمەد تاوول برای مەحموود درێژ ڕاپەڕی و بە هۆی پشتیوانی هۆزی کوردی "سوخرا" و هۆزی عەرەبی "ئەبو ڕیش" سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی بە سەر وەزیری گەورەی(سوڵتانی تورک) حەسەن پاشا وەدەس هێنا و بەغدای گرت. مەیموون برای تاوول ئەحمەد حاکمی سیواس بوو.

---

١. حسن الحسین گنابادی نووسەری کتێبی: روضه الصفویه"

یەکێک لە کەسایەتییە گرینگەکانی نێو ڕاپەڕینەکە گیزیر ئۆغلی موستەفا بەگ بوو. فاروق سومێر باسی لە "کورد گیزیر ئۆغلی موستەفا بەگ" کردووە(١٩٣-٢). داوریژتیسی دەنووسێ" لە ساڵی ١٠٣٩(١٥٩٠) کورد[گیزیر ئۆغلی]، بە هاتنی بۆ [شاری] ئەرزناک[1] سەری هەڵیناوە. لە ساڵی ١٠٤٠(١٥٩١) گیزیر ئۆغلی جەلالی کە بە ڕەچەڵەک کورد بوو ڕاپەڕی"(٤٨٦-٣). گریگۆری داراناخستی مێژوو ناسی ئەرمەنی و شایەتی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لە کتێبەکەی بە ناوی "مێژوو" [کرۆنیک] دەنووسێ: وشەی کورد ئاماژە بە گیزیر ئۆغلی موستەفا بەگ" دەکات. بە وتەی ئەسکەندەر مونشی، موستەفا بەگ حاکمی ناوچەی ماکو و سەرۆک عەشیرەی کوردی مەحموودی بوو(٩٨-٤).

لە ساڵی ١٦٠٤ شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هێزە سەرەکییەکانی شاعەباس و هێزەکانی کورد بە ڕێبەرایەتی موستەفا بەگی مەحموودی ڕووی دا. مەحموود بەگ وێرای خەسارێکی گیانیی قورس و زۆر، خۆی لە قەڵاکەدا حەبس کرد. شا بەشێک لە کوردەکانی عەشیرەی مەحموودیی بۆ قووڵایی ئێران( عێراقی عەجەم) دوور کردەووە. شا پاش سەرکەوتنێکی بە شکۆ و تێکشکاندنی یەکجاریی سپای عوسمانی لە ٧ی نوامبر ١٦٠٥ لە نزیکی سۆفیا، هاتە سەلماس و ئەو ڕێبەرە عەشیرە کوردانەی هاتبوون هەتا گوێرایەڵی و فەرمانبەری خۆیان بە شا دەرببڕن، وەرگرت. مستەفا بەگ قەڵای ماکۆی ڕادەستی شا کرد و شا لێی خۆش بوو. پێش گرتنی قەڵای یەرەڤان، شا لە ٨ی ژووەنی ١٦٠٤، بە مەبەستی سزادانی جەماوەری سوننی کە نەیاری بوون

---

١. ارزناک

نەخجەوانــی بە تەواوەتــی خــاپوور و ویـَـران کــرد. کوردەکــان لە ســەرەتای ســەدەی ١٦دا زۆرینـەی ڕەهــای خەڵکـی نەخجەوانیـان پێکهێنابوو و، ئەرمەنییەکان دووهەمین گەل لە باری حەشیمەتەوە بوون و تورکەکان ژمارێکی کەم و کەم بایەخیان پێکدەهێنا. بە پێی شــایەتی گونابــادی هــۆی فەرمــانی خــاپورکردنی نەخــجەوان، پابەنـدمانەوەی حەشـیمەتی ئەویَ بە ئـایینی سـوننی و ئیـسلامی ئۆرتـۆدۆکس و بەڵێنــی یاریـدەدانیان بە عوســمانییەکان بــوو. بە باوەڕی ئەو، شەڕی دژ بە سەفەوییەکان بە مانای جیهاد بوو. بەم پێیە، گونابـادی ئامـاژە بەوە دەکـات کە کاتێـک نەخـجەوان بـوو بە هەوارگەی شا، شای توو ڕە فەرمانی ڕووخاندن و لەناوبردنی ئەم شــارەی دا؛ شمـشیریان بە نەجیبزادەکــانی شــار دا، بەڵام تــوێژی ناونجی تووشـی تەواوی نەهامەتی و ئەشکەنجەکان هات و ناچار کـرا شـوێنی ژیـانی خـۆی بە جـیَ بهێڵـیَ (١٠٢-٤) ئەرمەنییەکـانی جوڵفاش تووشی ئەم چارەنووسە بوون.

کاتێک باسی سونییەکان دەکریَ، مەبەست کوردەکانە، چوونکە عەشیرەی تورکی کەنگەرلی دانیشتووی نەخجەوان پێرەوی ئایینی شـیعە بـوون و "مەقـسوود سـوڵتان کەنگەرلـی" حـاکمی نەخـجەوان ڕێـبەری ئەم هـۆزە بـوو و هەر ئەم کەسـە لە لایەن شـاوە ئەرکـی دەرکردنی خەڵکی ژێر دەسـەڵاتی خـۆی پـیَ سـپێردرا(١٠٢-٤). بەم پێـیە لە هــیچ حاڵەتێکـدا نــاکریَ باســی هۆزەکــانی کەنگەرلــی و تورکەکـانی دیـکە [وەکـوو سـوننی] بکرێـت کە درەنگتـر بەشـداریی ڕاستەوخۆیان لە ئەتنۆژنێزی ئازەربایجانییەکانی هاوچەرخ کرد.

بەم جۆرە، بە پێی سـەرچاوە سـەرەتاییەکان و لێکۆڵینەوەکانی دوایـی مێژوونووسـانی سـەردەم، ئەمە ئیتـر ڕاسـتییەکی ئاشـکراو حاشــــاهەڵنەگرە کە تەواوی ڕێبەرانـــــی "جەلالـــــی" و هەرە

بەناوبانگەکەیان کورد بوون و، لە نێوان ئەواندا دەکرێ ئاماژە بە کوێرئۆغڵی قارەمانی بە ناوبانگی چیرۆکی "کوێرئۆغڵی" بکرێ. سەرنجراکێش ئەوەیە، لە هەموو سەرچاوەکاندا ناوی کوێرئۆغڵی پێوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ بزووتنەوەی"جەلالییەکان" واتە کوردەکان هەیە و سەرچاوە نووسراوەکان تەنیا بە ناوی جەلالی کوێرئۆغڵی ناوی دەبەن.-(6,190-192;8,1224-130;2,192-193;9,3,94,95,498)

لە ئارشیڤە دەوڵەتییەکانی تورکیادا زانیاریی جێگەی بڕوا سەبارەت بە کەسایەتی کوێرئۆغڵی ڕاگیراوە. لە فەرمانێکی ساڵی ١٥٦٠ کە بۆ حاکمی بۆلو[1] (دوژمنی سەرەکی کوێرئۆغڵی لە تەواوی نموونەکانی چیرۆکەکەدا، بۆلو بەگ) و قازی سەنجاقی گردە[2] ناردراوە، باس لە "لاساریی کوێرئۆغڵێ و پێویستی گیران و سزادانی بە پێی یاسا " کراوە. لەم فەرمانەدا باسی فراندنی "میرمنداڵێکی جوان بە ناوی ئیواز لە لایەن کوێرئۆغڵییەوە کراوە. لە بەڵگەکانی تری ئارشیڤەکەدا بە ڕێکەوتی ١٥٧٩-١٥٨١ ئەم شایەدییە هەیە کە حاکمی بۆلو پارەی[بەرتیلی] بۆ ئازادکردنی گیراوەکەی کوێرئۆغڵی داوە."

لە فەرمانێکی نێردراو بۆ حاکمی گردە لە ساڵی ١٥٨١دا باس لە "ڕۆشن کوێرئۆغڵی" ڕێبەری باندی دزەکان و چەتەگەریی ئەو لە ساڵی ٩٨٩ (١٥٨١) لە نێوان گردە و بۆلو کراوە. لەم بەڵگەنامانە دەردەکەوێ، لەم سەردەمەدا کوێرئۆغڵی کە ناوبانگی بە "جەلالی" دەرکردبوو، لە ساڵی ٩٩٢ (١٥٨٤)یش درێژەی بە چالاکی خۆی داوە و، کاربەدەستە نیزامییەکان و قازی لە ترسان کار و مژاری

1. Bolu
2. Gerede

ئەویـان شـاردۆتەوە. سـەرئەنجام، لە بەڵگەنـامە پێوەندیـدارەکانی سـاڵی ١٥٩٣ تـا ١٥٩٥ بە حـاکمی ئـیچەل[1]، بـاس لە ڕاپەڕینـی جەلالییەکـان و نـاوی کوێرئـۆغڵی کـراوە. لە تەواوی ئەم بەڵگەنامانەدا باس لە هەڤالانی کوێرئۆغڵی وەکوو: حەسەن بەگ، گیزیرئۆغڵی موستەفا بەگ، دەمیرچی ئۆغڵی و هتد(١١٨-٨) کراوە. بەم چەشـنە، بەڵگەکـان سـەلمێنەری بـوون و چـالاکی کەسـایەتیی مێژوویـی کوێرئـۆغڵی لە سـاڵی ١٥٦٠ هەتـا ١٥٩٦- ن. چـالاکی کوێرئۆغڵی لە چوارچێوەی ڕۆژهەلاتی باشووری ئاناتۆلی (تەواوی بـاکوور واتە بەشـی کوردسـتانی تورکیـا) و بەشـی باشـووری ئازەربایجـان(مـاکو، خـۆی و سـەلماس، کە کـوردان لە نیـوەی دووهەمی سەدەی شازدەوە هەتا ئێستا زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئەم ناوچانەیـان پێـک هێنـاوە) تێنەپەریـوە. لە کوردسـتان و نـاوچە دروواسێکانی کە کورد زۆرینەی خەڵکی ئەوێیان پێکهێناوە یاخود ئەو شوێنانەی زەمانێک کوردی تێدا ژیاون، هەتا ئەمڕۆش وێرای مانەوەی دەنگۆگەلی بەناوبانگ لە نیو خەڵکدا، گەلێک هۆمۆنوم[2] کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ ناوی کوڕە مەزن و پاڵەوانە خۆشەویستیەکەی، بە پارێزراوی ماونەتەوە: لە چیای چێنلیبێل، بارگـای سـەرەکی کویرئـۆغڵی و دەسـتەکانی، کە کەوتبـووە نزیـک شارە دێرینەکەی مەلاتیا و لە سەر ڕێگای سـەرەکی کێوی تۆکـات – سـیواس، کانیـاوێکی خـۆش تـام بە نـاوی"کوێرئـۆغڵی" هەیە. کێـوی"کوێرئـۆغڵی"یـش لە نزیکـی شـاری قـارس لە بـاکووری

1. Icel, پارێزگایەک لە ڕۆژهەلاتی باشووری تورکیا
2. Homonyms
دوو یان چەند ناو یان وشەی جیاواز کە هاودەنگی یەکتری بن

کوردستانە. ناوی چەندین قەڵا لە نزیک شارەکانی ماکۆ و سەڵماس پێوەندی بە ناوی کوێرئۆغڵییەوە هەیە.

لە "کوردستانی سوور"(١٩٣١-١٩٢٣) لە ئازەربایجانی باکوور هەتا ئەمڕۆش ئەم شتانە ڕاگیراون: "کەڤری کوێرئۆغڵی" لە گوندی کوردیی زەیو لە ناوچەی لاچین؛ تەختەبەردێک بە ناوی "بەردی ناڵی قیرئات" لە نزیکی گوندی جاگازور؛ کەڤرێکی گەورەی دیکە، کە لە دەشتی ئازۆیوگ لە ناوچەی زەنگیلانە و "بەردی کوێرئۆغڵی" پێ دەگوترێ؛ لە ناوچەی کەلبەجار لە نزیکی گەردەنەی"گیوزگیو" لەسەر ڕێگای حاجی کەند- کەلبەجار ناوی "کوێرئۆغڵی" لەسەر یەکێک لە چیاکان دانراوە؛ لە شوێنەکانی دیکەی ئازەربایجانی باکوور هەروەها ئەم چەشنە ناوانە لە پێوەندی لەگەڵ کوێرئۆغڵی دەبیندرێن، بەڵام تەواوی ئەمانە زۆرتر لەو شوێنانەدا بەرچاو دەکەون کە کوردان بە تایبەتی لەوێ ژیاون.

زانای ئازەربایجانی ن. مەمەدۆف دەنووسێ ناوی قەڵا و شوێنە نیشتەجێبوونەکان کە ناوی کوێرئۆغڵییان هەیە بە ئەگەریی زۆر لە پێوەندیی لەگەڵ شوێنی گیرسانەوەی یەکێک لە هۆزەکانی سەلجوقی – ئوغوز واتە"کاریغلی" بووە و لە لایەن خەڵکەوە لە پێوەندیی لەگەڵ ناوی قارەمانی گەل کوێرئۆغڵی قەبووڵ کراوە(١٢٢-١٠). بە لەبەر چاوگرتنی ئەم فاکتە کە هاتنی هۆزی ئۆغوز- سەلجووقی لە سەدەکانی ١١-٩ بۆ ئازەربایجان دەستی پێکردووە و کوێرئۆغڵی لە نیوەی دووهەمی سەدەی شازدەدا ژیاوە و چالاکی نواندوە، بە باوەڕی ئێمە ئەگەری سەلماندنی ئەم بۆچوونەی ن. مەمەدۆف لە ئاستێکی گەلێک

نزمدایە. بێجگە لەوەش لە تەواوی ئەو "قەرباغنامەلەرەی"[١] لە لایەن نووسەرە جۆراوجۆرەکانەوە نووسراون، ئاماژە بە هۆزێک بەناوی کاریغلی و شوێنی ژیانی ئەوان لە نێوان ئەو هۆزانە نەکراوە کە سەردەمێک نیشتەجێ ناوچەی خانجاتی قەرباغ بوون و درەنگتر چوونەتە نێو چوارچێوەی دەسەلاتی "کوردستانی سوور". بە پێی تەواوی ئەو شتانەی ئاماژەیان پێ کرا، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە هاوناوییەکانی پێوەندیدار بە ناوی کوێرئۆغلی بنچینەیەکی ڕەسەنی کوردییان هەیە.

خەباتی چەندین سەدەی خەڵکی کورد دژ بە کۆیلەکەرەکانیان لە چیرۆکە ئەفسانەیی و بە ناوبانگەکەی کوێرئۆغلیدا ڕەنگی داوەتەوە. لەوێدا، وەکوو هەر چیرۆکێکی حەماسی" هەڵبەستراوەی باوەڕپێکراو تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵاوییەکی گەلێک نزیکی لەگەڵ هزرکردنەوەی هونەری و ئایینی بە پێی ڕووداوە مێژووییەکان هەیە؛ گیان بەبەری هۆز و گەلەکاندا دەکرێ، درێژە بە مانەوەی شتە بنچینەیی‌کان لە درێژایی زەمەندا دەدرێ و، شوێنە دەس پیرانەگەیشتووەکان دەکەونە ئەوپەڕی کێوی قاف؛ خەڵک و ڕووداوەکان زۆر جار بە پێی یاسای داهێنانی هونەریی دەستەبەندی دەکرێن و، وا دەنەخشێندرێن کە مانا و مەفهوومی ناوەکی ڕەوتە مێژووییەکان ئاشکرا بکەن." (١٢-١١).

خاوەن دەوڵەت نەبوون، گەشەکردنی کەم و لاوازی نووسەرایەتی و، ڕەوتی ئاسیمیلاسیۆن بوو بە هۆی ئەوەی، مرواریەکانی فۆلکۆلۆری کوردیی بێ‌شەرمانە ببن بە دارایی گەلەکانی تر و کوڕ و کچە ناودارەکانی خەڵکی کورد، شاعیر،

---

1. Qarabağnamələr, مێژووی قەرەباغ

نووسەر، زانا و فەرماندە نیزامییەکان و هتد، "دەستنیشان کراوەکانی" خودا و، خەڵکێک کە بنچینەی کوردییان هەبوو لە لایەن گەلە دراوسێکانیەوە زەوت بکرێن، یان لە باشترین حاڵەتدا وەکوو خەڵکێک ناویان ببەن کە بنچینەیەکی کوردییان هەیە. هەر ئەم چارەنووسە بوو بە چارەنووسی "کوێرئۆغلی" پاڵەوانی گەورەی گەلی کوردیش. تەنانەت لە فەرهەنگی میتۆلۆژیی[1](مۆسکۆ ١٩٩٠) لە بەشی "کوردەکان" تەنیا بابەتی "کوێرئۆغلی" هەیە، و هەر لەم بابەتەدا ئەو وەک " شەرڤانێکی قارەمان، شاعیر، ژەنیار، کەسایەتیی سەرەکی چیرۆکە حەماسی‌یەکانی کوێرئۆغلی هێناوە و [ناوی] کوردەکان پاش "ئازەربایجانی، تورک، تورکەمەن، ئوزبەک، قاراقاڵپاغ، تاجیک، عەرەبەکانی ئاسیای ناوەڕاست و گورجەکان" هاتوە. باس لەوەش ناکرێ بۆچی لە بەشی گەلە دراوسێکانماندا ئاماژە بە کەسایەتیی ئەفسانەیی و ئووستورەیی گەلی کوردی ئێمە کراوە.

ئێتنۆگرافی[2] بە ناو بانگی ڕووس ئیڤان ئیڤانۆویچ شۆپین کە لە ساڵی ١٨٢٨ تا ١٨٣٤ خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەسەر" ناوچەی ئەرمەنی و نەخجەوان" بوو، وەکوو ڕاوێژکاری دەوڵەتی و سەرۆکی بەڕێوەبەری داهات و دارایی دەوڵەتیی ناوچەی ئەرمەنستان، زانیارییەکی وردی سەبارەت بە پتر لە ٤٤ هۆزی کورد داوە(٢٣). لە کاتی لێکۆڵینەوەی مەیدانی[3] لە نێوان کوردانداا ئەپیزۆدێکی[4] زۆری کوێرئۆغلی لە عومەرناوێک تۆمار کردبوو.

---

١. ئەفسانەیی

2. Ethnographer, پسپۆڕی نیشانە و هیماناسیی نەتەوە

٣. کار لە جێ خۆدا، لە دەرەوەی تاقیگە یان پۆڵ

4. Episode,

تەنانەت بە پێی ناوەکە دەکری داوەری بکرێ کە عومەر سوننی بووە و شیعەکان ناوی عەڕەبی خەلیفە عمر بن خطاب(٦٤٤-٥٩١/ ٥٨١) خەزوور و دۆستی نزیکی محەمەد پێغەمبەری ئیسلام لەسەر منداڵەکانیان دانانێن. ئەم ناوە بە چەشنێکی بەربڵاو لە ناو فرقەی سوونندەی موسڵمان و یەک لەوان کوردەکاندا باوە.

تەنانەت نەریتی ئێتنۆگرافیی ڕووس لە سەدەکانی ١٩-١٧ دا ئاماژە بە بەستراوەیی ئاییینی هۆزە کوردەکان بە هێنانەوەی چەمکی"فرقەی عومەری" دەکەن. لە نێوان ئازەربایجانییەکانی پێرەوی شیعە ناوی"عومەر" دیارەیەکی گەلێک دەگمەنە. کۆمەڵە بابەتەکانی شۆپین لە ساڵی ١٨٤٠ لە سانتپترزبورگ لە کۆی " ڕێنومای ڕووناکبیری و پەروەردەی سەردەم" دا چاپ و بڵاوبۆوە. پێشەکی کتێبەکە لە لایەن "ئەلێکساندر خۆدزکۆ"وە[1] نووسراوە. گۆرانی - چیرۆکی" چەتە ئێرانییەکان لە لایەن نووسەری بەناوبانگ ژۆرژ ساندەوە[2] بە زمانی فەرەنسەیی، پاشان بە ئاڵمانی - مەجاری و زمانانی دیکە تەرجومە کراوە. هەر دوو زانا ڕووسەکان، شۆپین و خۆدزکۆ، باس لە کەسایەتی مێژوویی کوێرئۆغڵی دەکەن و بە حەق، دان بە "تاتار- تورک" بوونیدا نانین.

ناوی ڕاستەقینەی کوێرئۆغڵی "ڕۆشن" بە کوردیی بە مانای ڕوون و ئاشکرایە و، لە ناو کورداندا بە تایبەتی وەکوو ناوی پیاوان گەلێک باوە. ناوی ژنانەی ڕوشان، ڕوشا، ڕوشین، ڕوشیرین و هتد گەلێک باون. زۆر کەس بێجگە لە کوردان بە هەڵە وشەی"کوێر" بە تورکی دەزانن. لە زمانی کوردیدا وشەی "گۆر و

---

ڕووداوێکی تەواو و نیوەسەربەخۆ لە چیرۆک و هۆنراوە، ئەڵقەی چیرۆک

1. Aleksander Borejko Chodźko
2. George Sand

"کۆر" بە مانای "نەوین"ە. "گۆڕ" بە مانای" قەبر" و "پەسڵان"ە. لە فەرهەنگی دارژاوی زانای عەرەبی سەدەی ١٣، ابو حیان الاندلسی وشەی "گۆزسیز"[1] لە زمانی تورکی بە مانای "نابینا"یە (٤٨-١٢)، ئەمە بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە، زمانی ئەمڕۆی تورک – ئازەربایجانی لە سایەی زمانی ئێرانی(فارسی، کوردی) و عەرەبیدا گەشەی کردووە، زانای ڕووس و. لیگکۆبیتۆف نووسیویەتی"ئەو زمانەی لە باشووری قەفقاز تورکی پێی دەڵێن ... بە وشەکانی کوردی و فارسی دەوڵەمەند کراوە(٣٠٥-١٣). بەم پێیەش تەنیا هەبوونی پاشگری"کوڕ" بۆ "کوێرئۆغڵی" کە نازناوی ڕۆشن بوو، ناتوانێ بەڵگەیەکی گرنگ و پاڵپشتدار بۆ بەتورک زانینی ئەو بێ.

ناوی ئەسپە بە ناوبانگەکانی کوێرئۆغڵی – قیرئات و دورئات، کە عەلی باوکی پێی دابوو جێی سەرنجن. لە زمانی کوردیدا وشەی gîr بە مانای "جەوی، کەتیرە، قەتران"ە و بە شکڵی "قیر" و بەم مانایەش هاتۆتە نێو زمانی ئازەربایجانییەوە و، بە چەشنێکی بەربڵاو و فراوان لە زمانی خۆجێدا بەکار دەهێنرێت، لە فەرهەنگی سێ بەرگی"ڕووسی – ئازەربایجانی"یشدا(١٩٩١-باکو) ئەم وشەیە نەهاتووە. بەم هۆیەوە، بەشێک لە سەرچاوە ئازەربایجانییەکان لە ژێر ناوی ئەم ئەسپە، ڕەنگی ئەو دەبینن و هەوڵ دەدەن ئەو وەکوو "ئەسپی ڕەش" مانا بکەنەوە، هەرچەند لە هەموو چەشنەکانی چیرۆکی "کوێرئۆغڵی"دا زانیاری سەبارەت بە ڕەنگی ئەسپەکە نەهاتووە. تەواوی ئەوانە ناکۆکییان لەگەڵ ناوەرۆکی فیلمی درێژی کوێرئۆغڵیی سینەماتۆگرافی ئازەربایجانی و ئەو

---

1. Gözsüz

شوێنەدا هەیە کە کوێرئۆغڵی بە سواری قیرئاتە شێیەکەی تەراتێنی دەکرد.

لە تەواوی نموونەکانی ئەم چیرۆکەدا، کوێرئۆغڵی- ڕۆشن بە پێی ڕاسپاردنی باوکی، هەر دوو ئەسپەکە لە تەویلەیەکی تاریکدا ڕادەگرێ، بەڵام لە ڕۆژی ٣٩هەمی راگرتنیاندا، لە ڕووی بێ ئوقرەیییەوە ئەو بەڵێنەی وا بە باوکی دابوو دەشکێنێ و بە دروست کردنی درزێک لە نێو دیوارەکە سەیری ئەسپەکان دەکات. بە هۆی دزەکردنی تیشکی خۆر بۆ نێو تەویلەکە یەکێک لە ئەسپەکان باڵە ئاگرینەکانی لە دەس دەدات؛ هەر بەم هۆیەشەوە ناوی ئەم ئەسپەیان ناوە "قیرئات". بەم چەشنە "گڕ"(gir) لە زمانی کوردیدا بە مانای گڕی ئاورە(٥٤٨-٢٩) و لە واریانتی کوردیدا ناوی ئەسپەکە"گڕ"ە.

ناوی ئەسپی دووهەمیش تەنیا لە زمانی کوردی وەرگیراوە، "Dur"(دوڕ) بە مانای مرواریە(٢٧٨-٢٩)؛ dûretirs(î) بە مانای "دلێر و بوێرە (٢٨٢-٢٩)، هەر لەبەر ئەوەش تەرجەمەی ڕاستەقینەی دەبێتە "بە جەرگ". لە وتەکانی سەرەوە دەکرێ ئەم ئاکامبەندییە بکرێت کە ناوی ئەسپەکانی کوێرئۆغڵی کوردین و وەرگێڕەکانی بۆ جیاکردنەوەی ناوی ئەسپەکان لە ناوەکانی دیکە، وشەی تورکی "ئات"(ئەسپ)یان لێ زیاد کردووە.

لە هەموو دەقە ئازەربایجانییەکانی چیرۆکەکەدا، کوێرئۆغڵی خۆی لە هۆزی "موردابەکلو" دەزانێ، و زانا ئازەربایجانییەکان بە پێی ئەم وشەیە هەوڵ دەدەن جێگایەکی تایبەتیی بۆ دەستنیشان بکەن، بەڵام لە نێو هۆزە تورکەکاندا هۆزێک بەم ناوە بوونی نییە و هاوکات نەیانتوانیوە شوێنێکی گونجاو دیاری بکەن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کوردان، پێداگری هەمیشەیی ئەوانە بۆ پەیوەستکردنی کەسایەتییان بە عەشیرەکانیانەوە. بۆ وێنە، شاعیری بەناوبانگی سەدەی هەژدە حەیران خانم، کچی کەریم خانی دونبولّی بە پێی شیعرە بەجێماوەکانی باس لە پێوەندیی خۆی بە هۆزی کوردی دونبولّییەوە دەکات، بەو جۆرەی باسی لێوە دەکرێ [بەم شیعرانە] مافی نەتەوەی خۆی بووژاندۆتەوە.

هۆزی مورادی کە کوێرئۆغڵی جەخت لە پێوەندیی خۆی بەوەوە دەکات، بەشێک لە کۆنفدراسیۆنی بەهێزی"جاف"ە کە ناوچەکانی شاری بانە، مەریوان و سنە لە بەشی کوردستانی ئێران و، سلێمانی لەگەڵ نیشتەجێبووانی هەڵەبجە لە بەشی کوردستانی عێراق لە خۆی دەگرێ. جافەکان لە "جافان رود" دەژیان، و ناوی ناوچەکە لە باری ڕیشەناسییەوە وەکوو جاڤان رود(ڕووباری جافەکان) پێناسە دەکرێ. ئەم هۆزە بە پێی توانا و هێزی خۆی دژ بە میرەکانی ئەردەڵان خەباتی بۆ سەربەخۆیی دەکرد و بۆ بەرگری لەم سەربەخۆییە، هەم لەگەڵ ئەردەڵانەکان و هەم لەگەڵ ڕێژیمی شا لەشەڕدا بوو. خسرو بن محمد بن منوچهر اردلان مێژوونووسی سەرەتای سەدەی ١٩ی زایینی سەبارەت بەم هۆزە ئاوا دەنوسێ"... لەو نێوانەدا بەهرام بەگ سەرۆک هۆزی جاف وێرای هێرش بۆ سەر ماهیدەشت، لە شارەزووری عەرەبستان(عیراق) دەستی بە تالان و برۆ کرد ... و خۆی بە ڕۆستەمی ثانی پێناسە کرد و، پێی وابوو جیهان "کأن لم یکن"ە، ئەو بەرنامە سەربزێوەکانی ئاشکرا کرد و کەسێکی لە پێش

خۆیەوە نەدەدی ... کاری خۆسەرانەی دەکرد، خۆی لەگەڵ والی[١] پایەبەرزدا یەکلایی کردەوە و بێجگە لە وەرگرتنی باج و پێشکەشیی و داهات(ی کشت و کاڵ) ... دەستی بە تاڵان کردنی دەوروبەریش کرد. تەنانەت سەرپێچی لە پێدانی بەشە ماڵی دیوانییش دەکرد"(١٧٣-١٤).

لە ساڵی ١٩١٤ شازادەی کورد عادیلە خانم کە لەبەر جوانی و ڕووناکبیری و زانایی بەناوبانگ بوو، هۆزی جاف و دانیشتووانی هەڵەبجەی ڕێبەرایەتی دەکرد، و زۆر لە لێکۆڵەرانی ئوروپایی و یەک لەوان و. ف. مینۆرسکی بە چەشنێکی ڕوون پەسنیان داوە. هەرلەبەر ئەوەش شانازیکردنی کوێرئۆغڵی بە پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەم چەشنە هۆز و تایفەیە بە تەواویی شیاوی تێگەیشتنە.

هۆزی کوردی مورادی(مورادبەکلو) لە سەرچاوەکاندا وەکوو"مورادخانلی" بەرچاو دەکەوێ. ئەم هۆزە لە ساڵی ١٥٨٦ لە نێو ٢٤ تیرەی کورد لە ژێر ناوێکی گشتیی تورکی" ئیگیرمی دورت"[٢] لە ناوچەی گەنجە و بەردەع[٣] لە باکووری ئازەربایجان دەژیا. لە "قەرەباغی ئاران" ئەو جۆرەی ش.خ. بدلیسی(٣٧٠-٧) نووسیویەتی هۆزی مورادخانلی لەگەڵ هۆزی شێران و تیرەکانی دیکەی کورد لە ساڵی ١٨٠٦ نزیک بە ٦ هەزار بنەماڵەیان لە خۆ دەگرت و، هەر ئەمە کەم و زور تێڕوانینێکی گومان لێ نەکراو سەبارەت بە هێز و توانای ئەم هۆزە پێک دەهێنێ(٣٩١-٢١).

پێش پێکهاتنی دوو دەوڵەتی عێراق و سوریا کە کوردستان بە چەشنێکی یەکلاییکەرەوە بەسەر ٤ حکوومەتدا دابەش کرا،

---

١. پارێزگار، حاکمی وڵات

٢. بیست و چوار

٣. بە ئازەربایجانی: *Bərdə* و بە عەرەبی: بَرْذَعَه

حەڵەبجە لە ژێر ئاڵای تورکیادا بوو. جاڤەکان لە سنووری دوو ئیمپراتوریدا دەژیان. سەیر و سەمەر نییە کە کار و چالاکی "کوێرئۆغڵی" لە هەر دووبەشی کوردستانی تورکیا و ئێراندا بووە.

دەستنووسێکی زۆر لە چیرۆکی حەماسیی "کوێرئۆغڵی" کە لە بەشی موسوڵمانەکانی ئەنستیتووی دەستنووسەکانی کۆرنێلی کیکیلیدزێ[1] لە گورجستان پارێزراوە و تەئریخی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری نێوەڕاستی سەدەی ١٩ و ٢٨ گۆرانی- چیرۆک لە خۆ دەگرێ، وێنایەکی ڕوون لە جوغرافیای چالاکیی پاڵەوانەکەی ئێمە بە دەستەوەدەدا.

ئەوەش سەردێری بەشگەلێکی:

١٩. چیرۆکی لە دایکبوونی جەلالی کوێرئۆغڵی، بنچینەی ئەو، لەدایکبوونی ئەسپەکەی قیرئات، ڕاپەڕینی کوێرئۆغڵی و هەڵاتنی لە ئیسفەهان(٢٣٤٢-٢٤١)؛

٢٠. خەون و خەیاڵی کوێرئۆغڵی، ڕاپەڕینی ئەو، چاوپێکەوتنی شاعەباس. هەڵاتنی کوێرئۆغڵی لە ئێران. چوونی بۆ ڕوم[تورکیا] و نیشتەجێ بوونی لە وان.(٢٥٧-٢٤٣)؛

٢١. ڕۆیشتنی جەلالی کوێرئۆغڵی لە تەختی سولەیمانەوە، شەڕ لەگەڵ ئەیازبەگی چاردۆلی، شکستدانی ئەو و فراندنی کچی بەگ، خورشید خانم(٢٧٧-٢٥٨)؛

٢٧. ناردنی ٢٠ هەزار شەرڤان بە ڕێبەری مەجید ئاغا لە لایەن سوڵتانی ڕومەوە بۆ شەڕی جەلالی کوێرئۆغڵی (٣٧٠-٣٦١)؛

1. Korneli Kekelidze

٢٨. ڕۆیشتنی جەلالی کوێرئۆغڵی بۆ ئیسفەهان بۆ لای شاعەبا س، مردنی ئەو، ناشتنی لە گوندی مورچەخورت لە نزیک ئیسفەهان.

ئێمە لەم چیرۆک-گۆرانیانەدا ڕەنگدانەوەی مێژووی کوردیی ئەو سەردەمە دەبینین. لە ڕاستیدا محەمەد پاشا قەلەندەر ئۆغڵی ڕێبەری پۆلێکی ٢ هەزار کەسی کە لە دەس شوێنگری سپای عوسمانی ڕای کردبوو، لەبەرەی شاعەباسدا بەشداری لە سەرکوتکردنی کۆنفدراسیۆنی هۆزەکانی برادۆست – موکریان لە ڕاپەڕینی دمدم کرد و لەوێشدا کوژرا.
لە چیرۆکی حەماسی"کوێرئۆغڵی" دا "کوێرکردنی" باوکی کوێرئۆغڵی (ڕۆشن)[لە بەشێک لە نموونەکاندا - باوکە گەورەی]، بە دەس حەسەن پاشا کە خەڵکی تۆکات بوو، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بووە.
شاعەباس شای ئێران بە مەبەستی بەهێزتر کردنی نفووزی خۆی لە سەر بنەماڵەی بەهێزی میری ئەردەلان، خوشکەکەی خۆی "زێرین کلاو" ی دایە ئەحمەدخانی کوری هەڵۆخان. کوڕەکەی ئەو سورخاب بەگ، خوشکەزای شاعەباس لە دەربارى شادا گەورە و پەروەردە ببوو. شاعەباسی یەکەم لە ساڵی ١٥٧١ لە دایکبوو و لە ساڵی١٥٨٧ هەتا ١٦٢٩ پاشایەتی کرد. پاش مردنی، "صفی میرزا" کە نەوەی شاعەباس بوو هاتە سەر حوکم و هەتا ساڵی ١٦٤٢ پاشایەتی کرد. شاسەفی کاتێک"ژیری و زانایی، نەترسی و دلێری، ئازایەتی و پایەبەرزی سورخاب بەگی دی و لە بەگزادەکان و خەڵکی باوەرپێکراو باسی مژیوەری، جوامێری و دڵئاوایی ئەوی بیست، تووشی دڵەڕاوکێ بوو... فەرمانی دا ئەو

سەوڵە ئازادە کوێر بکەن، و چاوەکانی لە قووڵکە دەربێنن(١٢١-١٤). بێ گومان کوێرکردنی ئەو لاوە بە هۆی ئێرەیی بردنی شا بەو نەبوو. بە پێی داب و نەریت هەموو میرەکان دەبوایە یەک یان چەند منداڵێکی خۆیان بنێرنە کۆشکی خاوەن هێز، لە ڕاستیدا ئەمە زۆرتر حاڵەتی بارمتەیی هەبوو. لە کاتی نافەرمانی ڤاسال[1] چارەنووسێکی تاڵ چاوەڕەوانی ئەم منداڵانەی دەکرد. وەکوو تەواوی میرەکانی کورد، ئەردەڵانەکانیش هەوڵی گەیشتن بە سەربەخۆیی تەواوی خۆیان دەدا و جارو بار ڕادەپەڕین یان بۆ بەشداری نەکردن لە شەڕە داگیرکەرییەکانی، سەرپێچییان لە شا دەکرد.

خان ئەحمەد خان ناوچەی کرماشان و هەمەدان هەتا ورمێی گرت و لە ژێر دەسەڵاتی قزڵباشەکان هاتە دەرێ و گەورەترین سکەی بە ناوی خۆی لێدا و خستیە ناو بازارەوە. دەسەڵاتی ئەو لە ساڵی ١٦١٤-١٦١٣/١٠٢٢ دەستی پێکرد.(١٢٢-١٤). ڕاپەڕینی نۆرەیی کوردەکانی ئەردەڵان چارەنووسی ئەو لاوە هەژارەی دیاری کرد. ئەم ڕووداوە لە چیرۆکی حەماسیی (کوێر کردنی عەلی باوکی کوێرئۆغڵی)دا ڕەنگی داوەتەوە.

لەم پێوەندییەدا دەکرێ "ڕاپەڕینی کوێرئۆغڵی و هەڵاتنی لە ئیسفەهان و نیشتەجێ بوونی لە وان لە باکووری کوردستانیش شی بکرێتەوە.

مێژووی شمشیری ئەفسانەیی کوێرئۆغڵی"قلینجی میسری" لە چیرۆکێکی کوردیی سەدەی نێوەڕاست واتە "سیامەند و خەجێ" وەرگیراوە. ڕێکخستنی هونەریی سیامەند و خەجی لە نێو خەڵکدا

---

١. ڤەسێل، ژێردەس، بەندە

لە باری زەمەنییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی گەلێک پێشتر لە کاتی درووست کردنی چیرۆکی حەماسی "کوێرئۆغڵی". یەکیەتی میسر و سوریا لە دەوڵەتێکدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. سەلاحەدینی ئەیووبی ڕۆڵە خاوەنشکۆکەی گەلی کورد کە زانایانی ئازەربایجانی بە"کوردێکی تورکیا" ناوی دەبەن، لە نێوان سالانی ١١٩٣ – ١١٧١دا بەرێوەبەری ئەو ولاتە[میسر - سوریا] بووە(١٩٧-١٥). دواتریش، ماوەیەکی زۆر باکووری سوریا لە ژێر دەسەلاتی کورداندا بوو. لە سەدەی نێوەڕاست پۆلای دیمەشق و شمشیرێک لەم پۆلایە درووست کرابایە گەلێک بەناو بانگ بوو و کوردەکان ناوی ئەم شمشیرەیان نابووە "میسری".

لە چیرۆکی حەماسیی"سیامەند و خەجێ"دا سیامەندی پاڵەوان، شایەتی زەبری بە دەستو بردی تریشقەی ڕەشەبای بەهاریی لە داری چنار بوو. تریشقە لە کۆتەرەی دارە شکاوەکەی دا. سیامەند ئەم تریشقەیەی بۆ ئاسنگەرێک برد هەتا شمشیری لێ درووست بکات و لە پاشماوەکەی، دەستەیەکیش بۆ مەتاڵەکەی(١٢-١٦).

ئەم چەشنە وەرگرتن و دارشتنی چیرۆکی هاوشێوەیە بە کەڵک وەرگرتن لە چیرۆکە حەماسییەکانی دیکەی کورد، شتێکی بە هەڵکەوت نییە. لە تەواوی نموونەکانی چیرۆکە حەماسییەکەی کوێرئۆغڵیدا جەخت لە پێوەندیی نەتەوەیی قارەمان بە تایبەت بە تایفەیەکی کورد، سەرنجڕاکێشە.

"بەللی ئەحمەد" یەکێک لە قارەمانەکانی چیرۆکە حەماسییەکە و نزیکترین هاورێی کوێرئۆغڵی لە نموونەی"سەفەری ڕۆمی کوێرئۆغڵی"دا دەڵێ:

" ئەگەر پرسیاری تایفەکەم دەکەی، ئەوە هۆزەکی کوردە (٢٢١-١٧). لە پشتی ناوی"بەللی ئەحمەد" کەسایەتییەکی ڕاستەقینە مێژوویی واتە "ئالی بالی" زەنگەنە شاردراوەتەوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی میراتیی شازادە هەڵۆخانی ئەردەڵان، شاعەباسی یەکەمی ئێران لە ساڵانی ١٥٩٣-١٥٩٢دا بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان لە ئیسفەهانەوە وەڕێ کەوت و لە گوندی مەیهەم لە تەنیشت ئیسفەندئاباد مایەوە. بە مەبەستی سەیرکردنی چیاکانی کوردستان و ڕەوگەی ئەو شوێنە، شاعەباس وەسەر شاخێکی بەرز کەوت. "ئالی بالی" زەنگەنە یەکێک لە [کوردە] نەجیبزادە لایەنگرەکانی تاج و تەختی پاشایەتی ئەو سەردەمە و جڵەوداری تایبەتی شا، لەگەڵیدا بوو. بەپێی ئەوەی هۆزی کوردی زەنگەنە جیرانی هۆزەکانی دیکەی ئەردەڵان بوو، شا سەبارەت بە دۆخ و قایم بوونی قەڵا و قایمگەکان، هەروەها ڕێژەی سپا و دەستەکانی هەڵۆخان پرسیاری لێکرد. ئالی بالی لە وەڵامی شا ڕایگەیاند " کوردستان خاوەنی چیاگەلی مەزن و قەڵاگەلی قایمە. شوێنی قایمی ئەوتۆیان هەیە کە باڵندەی ئیرادەی هیچ کەسێکی بەرزەفڕیش دەرەتانی گەیشتنە لووتکەیانی نییە. لەوەش زیاتر، پیاوانی شەڕانخێوی شێر کرۆژ و ئازایانی دوژمن شکێنی وەهای لێیە کە هەرکامە یان لافی بەرانبەریی لەگەڵ ڕۆستەم و ئەسفەندیار لێدەدەن و خۆیان بە هاوشانی ئەفراسیاوی تورک دەقەبڵێنن." پاشان پێشنیار بە شا دەکات، نەک بە لەشکرکێشان بەڵکوو لە ڕێگای ئاشتی خوازانەوە کێشەکان چارەسەر بکات، چونکە خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ ئەگەر کاتی شەڕ سپا[ی ئێران] شکست بخوا، ئەم نەنگ و سەرشۆڕییە هەتا ڕۆژی قیامەت بۆ بنەماڵەی سەفەوی دەمێنێتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا

نییە و دەبێتە هۆی لاواز بوونی وڵات"(٦٤-٦٣؛١١٤-١١٣؛١٤). شا لە ڕاوێژ و پێشنیاری ژیرانە و بەڕێوجێی "ئالی بالی" خۆشی هات و وازی لە لەشکرکێشانی داهاتووی هێنا. لەدواگەڕانی ڕێگای ئاشتیخوازانە، ڕێ بە زەماوەندی بەرەیی لە نێوان خان ئەحمەد خان کوڕی هەڵۆخان و زێرین کڵاو خوشکی شاعەباس دا(٦٣-١٨؛١١٣-١٤). وێدەچێ"بەللی ئەحمەد" هەمان ئەحمەد بالی(بالۆ) کوڕی ئالی بالی زەنگەنە بووبێ.

کاتێک ئەم ڕووداوە ڕاست و سەرنجڕاکێشەی شاعەباس و ئالی بالی زەنگەنە توانی لە سەرچاوە نووسراوەکانی کورد ڕەنگ بداتەوە، ئەوسا بە چەشنێک، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی چەواشەکراو و لە چەشنی پرسۆناژی چیرۆکی حەماسی بەللی ئەحمەد(ئەحمەد بالۆ)یش بووبێ، توانیویەتی شوێنی خۆی لە فۆلکلۆری کوردیدا بکاتەوە.

یەکێکی تر لە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە، "عاشیق جنوون"، وەرسووڕاوی کوردیی ناوی عەرەبیی"مەجنوون"ە کە لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانی کوردیدا یەکدەگرێتەوە. عاشیق جنوون خەڵکی ناوچەی ئاراسبار[1]، بوو، شوێنێک کە کوردان لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ لەوێ ژیاون. عاشیق جنوون لە یەکێک لە گۆرانییەکانیدا باس لە پێوەندیی خۆی بە بنەماڵەی تەهلا[2] لە شوێنێک بە ناوی تەهلا لە ئاراسبار دەکات(٢٢٣-١٩). ئاراسبار(ویلایەتی پێشوی قەرەداغ)، ناوچەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی جولفا و ئوردووباد، لە هەر دوو لای کەناراوی ئاراکس[ئاراز] لە درێژایی ڕێگای قەرەداغ و پردی خودائافەرین، کە مانای بە کوردی

1. Arazbar, ئارازبار
2. Tahla

"نوری خودا" یە و لە لایەن بنەماڵەی شەدادییەکانەوە درووست کراوە و ئەمڕۆ ناوچەیەکە لە ئێران.

لە چیرۆکی حەماسی کوێرئۆغڵیدا ناو و پێوەندیی هۆز و تایفەی عاشیق جنوون بە تەواوەتی چەواشە کراوە. سەرچاوەکان ئاماژە بە هۆزەکانی کوردی تەیلەکو، تایلیی بوهلی، تایان و تاوایی دەکەن. بەڵام وا دێتە بەرچاو درووستەکەی "بنەماڵەی تەهلی" بێ کە هاودەقی هۆزی کوردی "ئەحمەدی خانی"یە و لە کتێبی "ابن حوقل" و "ابواسحق ابراهیم اصطخری"دا ئاماژەی پێ کراوە.(٨٨-٢٣).

ئێمە چەواشەکراوی ناوی ئەم هۆزە بە چەشنی "تختەقاپی" ١٧-١٢، تەخمازلی(تەگماسلی) ٢٥-٢٣ لە بەشێکی زۆر لە کتێبە پێوەندیدارەکان بە مێژووی باشووری قەفقازدا دەبینین.

سەرچاوەکان باس لە شوێنی ژیانی ئەم هۆزانە لە ئاراسبار و ناوچەی هاوسنووری واتە قەرەباغ دەکەن کە "کوردستانی سوور"ی تێدا دامەزرا. وتەکانی سەرێ هیچ شک و گوومانێک سەبارەت بە بنچینەی کوردیی عاشیق جنوون ناهێڵنەوە.

لە چیرۆکەکەدا، تەواوی قارەمانەکان پێداگریی تایبەت لەسەر پێوەندیی ئەتنیکی خۆیان دەکەن. لە نموونەی چیرۆکی"کوێرئۆغڵی لە سەفەری تورکەمەندا" ئیواز کە کوێرئۆغڵی دەیویست بیکات بە کوڕی خۆی، لە کاتی قسەکردن لەگەڵ عاشیق جنووندا باس لە پێوەندیی خۆی بە هۆزی "تیکەی تورکەمەن"ەوە دەکات و هەڕەشەی لێدەکات کە بە کۆکردنەوەی باشترین تورکەمەنەکان، دەبێ بە هەور و، بە باران بارین دەچێ بۆ چانلیبێل، و کوێرئۆغڵی

دەگرێ و بە دەستی خۆی دەیخنکێنێ،[١] چونکە ئەو لە هۆزی تیکەی تورکەمەنە(١٠٧-١٩). ئەو جۆرەی ئێمە دەبینین، ئەم لاوە تورکەمەنە، کوێرئۆغڵی تەنیا وەکوو دوژمنی خۆی پێناسە دەکات نەک هاوخوێنی خۆی. کوێرئۆغڵی لە تەواوی نموونەکاندا بە ئیواز دەڵێ " من شێرم نەک ڕێوی، من هیچ ترس و خۆف و سامێک ناناسم، وەرە پێکەوە ئەی کوڕی قەساب ئەم عەڕەب، عەجەم و تورکانە تێک بشکێنین"(١١٤-١٩). مەبەستی کوردان لە "عەجەم" فارسەکان بوو، و ئێستا مەبەستیان تەنیا تورکە ئازەربایجانییەکانی ئەم سەردەمەیە. ئەمە بە باشی ڕوونە کە ئازەربایجانییەکانی ئەم سەردەمە لە ساڵی ١٩٢٥ بوون بە خاوەنی ناوی"ئێتنیکی"خۆیان. لەبەر ئەوەی لە ژێر ئەم ناوە تەنیا دەکرێ تورکە ئازەربایجانییەکان ڕەچاو بکرێ. بێگومان، کوردەکان، تورکەمەنەکانیان لە تورکەکان جیا دەکردەوە. هەرلەبەر ئەوەش ئەستەمە کە کوێرئۆغڵی لە سیمای تورکێکی مانقورد[٢] ببینین کە بە

١. کوێرئۆغڵی و نیگاری خێزانی منداڵیان نەبوو. بە هۆی خەمباربوونی نیگار و بە پێی داوای کوێرئۆغڵی، عاشیق جنوون وەڕێ دەکەوێ هەتا کوڕێک ببینێتەوە کە شایانی بنەماڵەی کوێرئۆغڵی بێت. عاشیق جنوون لە کاتی گەڕاندا دەگاتە ئاواییەک لە وڵاتی تکەی تورکەمەن و لەوێ بانگ دەکرێتە سەر شاییەک. لە مەجلیسەکەدا گۆرانی لە پەسنی کوێرئۆغڵیدا دەڵێت، کاتێک چاوی بە ئیواز دەکەوێ، ئەو بە شایانی کوڕیەتی کوێرئۆغڵی دەزانی و گۆرانییەک لە پەسنی ئەودا دەڵێ و هاوکاتیش هەڕەشە لە ئیوازی نەترس دەکات و دەڵێ کوێرئۆغڵی دەتوانی ئەو بە زۆر بباتە لای خۆی و ئیوازیش بەم چەشنە وڵامی دەداتەوە. بڕوانە کتێبی کورزاد، کورتکراوەی بەشی: سفر کورزاد بە ترکمن. گردآوری علی همت زادە، ترجمە غلام حسین صدری افشار، چاپخانەی بانگ بازرگانی ایران، خرداد ماە ١٣٤٧

2. Mankurt, بە تورکی مانقورد

لە نێو تورکە قرقیزەکاندا ئەفسانەی مانقورد باو بووە، بەڵام لە سەدەی بیستمدا بۆ یەکەم جار ئەم وشەیە لە ڕۆمانی "ڕۆژێک بە درێژایی سەدەیەک"ی چەنگیز ئایتماتۆف

خوێنی خزمەتورکەکانی توونی بووبێ. ئاشکرایە، تەنیا کوردێک دەیتوانی ئەم قسانە بکات، کە ڕق و قینێکی ئاوای لە عەرەب، فارس و تورک هەبێ کە نیشتمانی ئەو، واتا کوردستانیان یەخسیر کردووە.

لە چیرۆکەکەدا دوژمنە سەرەکییەکانی کوێرئۆغڵی بریتین لە شای ئێران، سوڵتان و پاشاکانی تورک و لە نیوان کەسایەتییە عەرەبەکاندا میری عەرەب، عەرەب ڕەیحان.

لە چیرۆکەکەدا ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە بنچینەی کوردیی کوێرئۆغڵی کراوە.

لە نموونەی چیرۆکی"سەفەری دەربەندی کوێرئۆغڵی" باس لە نێوی کوڕی کوێرئۆغڵی لە مۆمینە خانمی کچی عەرەب پاشای حاکمی دەربەند واتە "کوردئۆغڵی"(کوڕی کورد) دەکرێ. ناوی ڕاستەقینەی کوڕەکەی حەسەن بوو. حەسەن – "کوردئۆغڵی" کاتێک دەزانێ باوکی کێیە، بۆ دیتنەوەی باوکی دەچێتە کوردستان و لە نزیک کانییەک چاوی بە مێهری خانم کچی حاکمی کوردستان دەکەوێ. ئەو سەرسووڕماو لە جوانی ئەم کچە کوردە، خۆشەویستی خۆی بەو دەردەبڕێ، بەڵام مێهری خانم، "کوردئۆغڵی" بە کورد پێناسە ناکات و پێشنیاری پێدەکات ئەم"کوڕە عەجەمە" هەتا درەنگ نەبووە، ڕێگەی خۆی بگرێ و بڕوات و "کوردئۆغڵی" لە وڵامدا پێی دەڵێ: "منیش کوردم، "کوردئۆغڵی"، کوڕی خوێنیی ئەم نیشتمانەم، کوڕی "کوێرئۆغڵی"م (٣٠٣-١٩). هەروەها ساغبۆتەوە کە "کوێرئۆغڵی" قەت لاقی لە

---

[ ٢٠٠٨- ١٩٢٨] نووسەری بەناو بانگی قرقیزیستان و یەکیەتی سۆڤییەت ڕەنگی داوتەوە. لە ڕاستی دا مانقورد بە کەسانێک دەڵێن کە ئاگایی و شعوری نەتەوەییان نییە و لە خۆیان و هۆز و نەتەوەکەیان نامۆ بوون.

باکووری ئاراکاس[ئاراس] نەچۆتە دەرێ و هەر لەبەرئەوەش لە چیرۆکی نەتەوەیی"دەربەندی قەفقاز"دا مەبەست هەر ئەو دەربەندەی کوردستانی ئێرانەیە. حاکمی دەربەندیش ناوێکی پیاوانە واتە "عەڕەب"ی هەیە کە تەنیا لە کوردستان دەبیندرێ.

لە زۆربەی نموونەکانی چیرۆکی "کوێرئۆغڵی"، ئافۆریزم[1] وەکوو پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق زۆرجار وەکوو ڕستەی ڕاژەیی دەبیندرێ وەک: دەڵێی هەورەتریشقە لە "کوردئۆغڵی" داوە (١٤٩-٨)، و ئەمە بۆتە هۆی شلەژاویی و خستنە نێو وەزعییەتێکی گەلێک دژواری زانایانی هاوچەرخی ئازەربایجانی کە بۆ بەجێ هێنانی نیزامی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدەن بە هەر نرخێک بێ، پێوەندیی ئێتنیکی "کوێرئۆغڵی" بە ئێتنۆسی تورک بسەلمێنن.

لە چیرۆکەکەدا هاوخەباتییەکانی "کوێرئۆغڵی" بە "دەلی" ناو دەبەن، ئەم وشەیە بە زمانی ئازەربایجانی و تورکی هاوچەرخ بە مانای"شێت یان نەفام"ە. سەرچاوە تورکییەکان بە هەموو یاخییان و بەشدارانی ڕاپەرینە دژ بە تورکەکان "باشی بوزوکی" دەڵێن کە دەقاودەق مانای سەرپەرپووت دەداتەوە، واتە بێ عەقڵ، بێ مێشک و نەفام. ناوی"باشی بوزوکی" کە لە لایەن تورکەکانەوە بۆ یاخییەکان دانراوە، لە سەرچاوە رووسی و ئورووپایەکانیش هەر بەو چەشنە دەقادەق بە کار هێنراوە.

مەمەد پاشا(قارسی) لە نامەیەک بە ڕێکەوتی ٢٧ی مای ١٨٠٣ بۆ شازادە سیسیانۆڤ باسی "کوردە کافرەکان، یاخییەکانی ئەرزڕۆم دەکات و بە "دەلی باشی" ناویان دەبات(٩٠٨-٢٦). لە نامە گۆڕینەوەی نێوان ٢٠ هەتا ٢٩ی ئاوگوستی ١٨٠٤ باس لە

---

١. پەند، قسەی کورت و پوخت، قسەی نەستەق

"شـەڕڤانەکانی کوێرئـۆغڵی – کوردەکـانی یەرێڤـان" دەکرێ (٩١٢-٩٠٨، ٢٦). هەروەهـا ڕاپـۆڕت سـەبارەت بە "باشـی بـوزوکە [واتە کورد و عەڕەبەکـان]، لاسـار و سـەربزێوە لە وزەبەدەرەکـان هەیە (٨٨-٢٧).

ئەو وێنـانەی کە سـەدەی ١٩ مـۆلتکە[1] لە کوردەکـانی باشـی بوزوک" کێشاویەتەوە، هەتا ئێستا پارێزراون.

ئـارخی مانـدریت گاریـاگین سـرواندزتیانتس[2] چـالاکی ئایینی[کلیسای] ئەرمەنـی سـەدەی ١٩ لە سـەفەرنامەکەیدا بـاس لە "دەلی سالۆ سەرۆکی کوردەکانی دیرینجە[3]"(باکووری کوردستان – ل. م) دەکات(٥٧-٢٨).

هەمـو و ئەو فاکتـانەی سـەرەوە، شـایەتی بـۆ سـەلماندنی ئەو ڕاسـتییە دەدەن کە چەمکـی "دەلـی"، "بـاش بـوزوکی" و "جەلالـی" لە لایەن تـورک، ڕووس، ئەرمەن، ئێرانـی، ئوروو وپـایی و تەنـانەت بەشـێک لە سـەرچاوە ئازەربایجانییەکانیـشەوە وەکـوو داب و نەریتێک، تەنیا بۆ کورد و بزووتنەوەی کورد و خەباتی چەندین سەدەی ئەوان دژ بە یەخسیرکەرانی گەڵی کورد، بە کار دەهێنرێن. ئەمـڕۆ هەمـوو ئەم ئاوەڵنـاو دزێـو و ناشـیرینانەی وا لە پێوەنـدیی لەگەڵ کـورددان، جـێ خۆیـان داوەتە یەک وشـەی گـشتی واتە "تێرۆریست".

سـالآنێکی زۆر تەواوی تورکەکـان و بەتـایبەت زانایـانی ئازەربایجـانی ، سـەرەڕای ئەو هەمـوو بەڵـگە ئاشـکرایە، بە بەخیلییەکی سەرسەختانەوە، هەوڵیان دەدا بنچینەیەکی تورکیی بۆ

1. Moltke
2. Archimandrite Garyagin Srvandztyants
3. Derince

کوێرئـۆغڵی بـسـەلمێنن و زۆر جـار بـزووتنەوەی جەلالییەکانیـان وەکوو "جەلایر" ناو دەبن. جەلایر هـۆزێکی قاجارە کە لەسـەردەمی مەغولەکان لە سێ هۆزی تورکی: سۆلدوز، جەلایـر و تـامگوت واتە ٢ عەشـیرەی مەغـوول و هـۆزێکی تەبەتـی درووسـت ببـوو (٣٢). ئەسـتەمە وا بیربکـرێتەوە، گەلێکـی خـاوەن دەوڵەت (تورکەکـان) هەوڵـی کـورتکردنەوەی دەسـتی هەر ئەو عوسـمانییە تورکـانە لە بەشێکی گەورەی ئیمپراتوری عوسمانیدا بدات.

پـاش سـاڵی ١٩٩٠ لە ئازەربایجـان دەزگـایەکی چـاپ، نمـوونەیەکی تـازەی چیرۆکـی"کوێرئـۆغڵی" بـڵاو کـردەوە. جیـاوازیی سـەرەکی ئەو لەگەڵ دەیـان نمـوونەی چـاپکراوی پێـشتر، سـڕینەوەی نـاوی کـورد وەکـوو هـۆی شـلەژاویی ئەم زانـا خەمبـارانە بـوو. لەوە بەولا لە چیـرۆکەکەدا کوێرئـۆغڵی تەنیـا وەک"تـورک ئـۆغڵی" نـاو دەبـرێ و بەجـێ و نـابەجـێ [کوێرئـۆغڵی] خـۆی بە "تـورک" نـاو دەبـا. بەڵام روون نیـیە بـۆچی، چ لە ئازەربایجـان، و چ لە تورکیـا، هەروەهـا بـاقی دەوڵەتە تـورک زمانەکـان کە ئیـدعای خـاوەن کەسـایەتی کوێرئۆغلی‌یان وەکوو قارەمانی نەتەوەیی خۆیان هەیە، ئـاوا سەرسـەختانە لە وەرگـرتن و چـاپی نوسـخەی تەواوی چیرۆکـی"کوێرئـۆغڵی" پـارێزراو لە بـنکەی موسـلمانەکانی ئەنـستیتوی دەستنوسـەکانی ک. کێکولیـدزەی گورجـستان وێـرای پێوەنـدیی ئەو بە سـەدەی ١٩ و تەنـانەت بە زمـانی ئاەربایجانیشەوە، خۆ دەپارێزن؟!

لە ڕووی ئینـسافەوە پێویـستە ئامـاژە بەو ڕاسـتییەش بکـرێ، وێـرای ئەو هەوڵەی لە ئازەربایجـان درا، زۆر زوو هەسـتی بە تـین و جۆشـی هـونەریی ئەوان بە تەواوی شـوێنی

خـۆی به بـێ هیـوایی و شـڵەژاویی دا؛ ئاشـکرا بـوو، ئەو نموونەیەی "کوێرئۆغڵی" چالاکی کورد لەخۆ دەگرێ و باس له کوردان دەکات و له یەک وشەدا، ئەم دەستنووسه کۆکراوانه نموونەی کوردیی چیرۆکی"کوئرئـۆغڵی"ن. به هۆگەلێک که به دوور له کۆنترۆڵی ئێمەیه، زانایانی کورد بۆیان هەڵنەکەوتووه هەتـا ئێـستا ئەم نمـوونه چیـرۆکه بـڵاو بـکەنەوه و ئـێمه هیواداریـن ئەم کێشەیه له داهاتوودا چارەسەر بکرێ.

زانـا و ئەتنۆگرافەکـانی ڕووس: "ئیـوان شـۆپین"، "پیـۆتێر ئیوانـویچ لێـرخ[1]"، "س. پ. زیلینـسکی"، "ئەلکـساندر سـیمێنۆویچ بۆکشپان و هتد له کارەکانیاندا ئاماژه به بوون و ژیانی بەشێک له کوردەکانی باشووری قەفقاز کردووه که به چەشنێکی ڕێژەیی یان ڕەها ئاسیمیله بوون و خەلکێکی زۆریان زمانی کوردی نازانن.

ئەو ڕاسـتییه داخهێـنەره [بـۆ وێـنه] له کارەکـانی "ئـ ئەلەکپەرۆڤ" زانای ئازەربایجانیدا ڕەنگی داوەتەوه. وێرای ئەوەش بەرهەمه هونەرییەکـانی ئەو کـوردانه به زمـانی ئازەربایجـانی (تـورکی) لەو سـەرچاوه پرشـنگداره ئەدەبیـی زارەکـی و نووسراوانەدا ڕەنگیان داوەتەوه که ئەوان خولقاندویانه. له نێو ئەو کوردانەدا، نووسەر و شاعیرێکی به ناوبانگ سەری هەڵداوه که له ئاستی جیهانیدا ناسراون، بۆ وێنه: "محەمەد فزوولی" نووسەر و شـاعیری به ناوبانـگ، "سـولێمان ڕەحیمـۆڤ"، "جەلال بەرگوشـاد"، "شـامیل عەسـکەرۆڤ"، "حوسـێن کوردئـۆغڵی"، "شـامۆ عـاریف" و گەلێک کەسی دیکه که له درێژایی ژیانیاندا بوون به کلاسیکەکانی چاندی ئازەربایجانی و، له دەرەوەی ئازەربایجانیش به چەشنێکی

1. Peter Ivanovich Lerch

بەربڵاو ناسراون. بەرهەمە بەناوبانگە هونەرییەکانی ئۆزان – عاشیقەکانی[١] کورد وەک "عاشیق عەلی"، "عاشیق ساری"، "عاشیق شمشیر" لووتکەی کار و چالاکی هونەریی عاشیقەکان لە ئازەربایجانن. گۆرانییەکی عاشیق شمشیر، "من هەر هەمان کوردم!" بوو بە قسەی نەستەق و پەیفی جێکەوتوو و گشتیی لە ناو خەڵکی ئازەربایجاندا. ناوی "کوێرئۆغڵی" بێکەس بە تایبەتی لە سایەی خودی کوردەکانەوە بوو بە خۆشەویستی نەک کوردان، بەڵکوو خەڵکەکانی دیکەی ڕۆژاوای ئاسیا وڵاتانی گەلێک دوورتر لە سنوورەکانی خۆی.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاستیەی کە سەدان هەزار کورد کە لە دەرەوەی نیشتمانی مێژوویی خۆیان واتە کوردستان – لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو، ئەفغانستان، هیندوستان، ئیسرائیل، ئورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهاندا دەژین – هۆی بوونی نموونە جوراوجۆرەکانی گۆرانی – چیرۆکی قارەمانانەی کوێرئۆغڵی بێجگە لە ناوخۆی کوردان، لە نێوان تورک، ئەرمەن، گورجی، ئوزبەک، تورکمەن، کازاخ، تاجیک، ئەفغانی و خەڵکەکانی قەفقاز و هتد ڕووون دەبێتەوە. گومانێک لەوەدا نییە کە خەڵکی کورد بە حوکمی پێداویستی مێژوویی ناچار بووە بە شێوەیەکی هونەری خۆشەویستیی خۆی دەربڕی، پەسنی پاڵەوانییەتی و

---

١. لە زمانی تورکی ئازەربایجانیی هاوچەرخ زۆرتر وشەی"عاشیق" یان آشیق" بەکار دێنن، بەڵام کاتێک باس لە ئەدەبیاتی کلاسیک وەکو دەدەقرقوود یان واریانتەکانی ئوزبەکی و تورکەمەنی و عوسمانیی کوێرئۆغڵی و هتد دەکرێ زۆرتر لە وشەی "اوزان" کەڵک وەدەگیرێ. عاشیق بە کەسێک دەگوترێ کە سازلێدەدات و گۆرانیش دەڵێ، بەڵام "اوزان" دەبێ هەم شاعیر بێ و هەم گۆرانیبێژ، هەروەها شاعیری گەل. "ڕوونکردنەوە لە بەرێز بێهروز موتەلبزادە "یە.

بوێری قارەمانە خۆشەویستەکانی بکات و، بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی هەر ئەو خەڵکەی کە لە نێوانیاندا ژیاوە و درێژەی بە ژیانی داوە، هێز و توانای ئەوانی بەرز کردۆتەوە و لەو ڕێگایەوە، بە دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی خەڵکە دراوسییەکان، فەرهەنگی خەڵکی کوردیش زاخێنراوە.

زماننناسی بە ناوبانگی کورد "حەجی جیندی" دەنووسێ"لە ناو کورداندا کوێرئۆغلّی کەسایەتییەکی ناسیاوی هەمووانە، خەلکێکی زۆر چیرۆک و ئەپیزۆدەکانی پاڵەوانییەتی ئەو و هاورێکانی ئەویان بیستووە. ئەم ناوە کە لە ڕاستییدا بە مانای کوڕی کوێرە، بۆ کوردان بە مانای پیاوەتی، بوێری، جوانمێرییە و، دایک و باوکێکی زۆری کورد ناوی کوێرئۆغلّی لەسەر کوڕەکانیان دادەنێن..."(٢٧-٣١)

بەو پێیە، تەواوی گوتەکانی سەرەوە بنچینەیەکن بۆ سەلّماندنی ئەو ڕاستییە حاشاهەلّنەگرەی کە کوێرئۆغلّی، کەسایەتییەکی مێژوویی، بە بنچینە کورد، یەکێک لە بەشدارانی چالاکی بەرەنگاریی گەلی کورد دژ بە یەخسیرکەرانی گەلّی کورد، واتە تورک، فارس و عەرەب و؛ پاڵەوانی هەمان چیرۆکی "کوێرئۆغلّی" یە کە بەرهەمی خولّقاندنی هونەری فولکلۆری کورد و لە ڕاستیدا یەکێک لە مرواریەکانی فولّکلۆری کوردییە.

**سەرچاوەکان:**

١. ئـــ م. شەمـــسی."شـــەرەفنامە"ی ش. خ. بدلیـــسی وەک سەرچاوەی توێژینەوەی مێژووی گەلی کورد. باکو.علم. ١٩٧٢(بە زمانی ئازەربایجانی)

٢. فـــاروق ســـومێر."ئۆگـــوزی". بـــاکو. آذرنـــشر-یـــازیچی. ١٩٩٢( تەرجومە لە تورکییەوە بۆ ئازەربایجانی).

٣. ئاراکێل داوریژتسی. کتێبی مێژوو. مۆسکۆ، ١٩٧٣

٤. ئــ . ئــ . ڕەحمانیـان."تـاریخ عـالم آرای عباسـی" وەکـوو سەرچاوەی مێژووی ئازەربایجان. باکو. ١٩٦٠

٥. ئــ . توێرتینۆوا. "ڕاپەڕینی قەرە یازیچی- دەلی حەسەن لە تورکیا". مۆسکۆ – لێنینگراد. ١٩٤٦

٦. س. ئـــ مەمەدۆف." ئازەربایجـان بە پێـی سـەرچاوەکانی سەدەی پازدە – نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە" باکو. علم.١٩٩٣

٧. شەرف خان ابن شەمسەدینی بدلیسی."شەرەفنامە" بەرگی یەکەم. مۆسکۆ. زانست. ١٩٦٧

٨. خ. گ. کۆرئـۆغڵی، ئـــ . م. نەبیــف،" چیرۆکــی حەماســی ئازەربایجان". باکو، ١٩٩٦

٩. ل. گ. چلایدزە." دەربارەی دەستنووێکی نەناسراو چیرۆکی کوێرئۆغڵی". کۆی بابەتەکانی زانستگای دەوڵەتیی تفلیس. بەرگی ١٢١. ١٩٦٧

١٠. نـــادر مەمەدۆڤ." نـــاوی شـــوێنەکانی ئازەربایجـــان (ئۆرۆنومی[1])". باکو. ١٩٩٣(بە زمانی ئازەربایجانی)

1. oronymy

١١. و. ف. پانۆوا. یو. ب. باختین."ژیانی محەمەد".مۆسکۆ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بابەتە سیاسییەکان. ١٩٩٠
١٢. ابوحیان محمد بن یوسف اندلسی." الادراک للسان الاتراک ". باکو. آذرنشر، ١٩٩٢(بە زمانی ئازەربایجانی).
١٣. سەرچاوەکانی مێژووی ئازەربایجان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانستگای ئازەربایجان(بە زمانی ئازەربایجانی)
١٤. خسرو بن محمد بن منوچهر اردلان، "لب تواریخ، تاریخ اردلان" مۆسکۆ. ١٩٨٤
١٥ تێبینی پێوەندیدار بە ناو و چەمکەکانی بەکار بردراو لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئازەربایجان. باکو. معارف. ١٩٩٣
١٦. ئۆردیخان جەلیل و جەلیلی جەلیل." فۆلکلۆری کوردی". مۆسکۆ، زانست. ١٩٧٨ (بە زمانی کوردی).
١٧. کوێرئۆغڵی. باکو. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاکادێمی زانستیی ئازەربایجانی یەکێەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی. ١٩٤٩
١٨. ماە شرف خانم کردستانی، مێژووی بنەماڵەی ئەردەڵان. [تاریخ اردلان] مۆسکۆ، زانست. ١٩٩٠
١٩. داستانەکانی خەڵکی ئازەربایجان. باکو. گەنجلیک، ١٩٨٨( بە زمانی ئازەربایجانی)
٢٠. ئـ پۆلادیان. کوردەکان لە سەدەکانی ٧ – ١٠(بە پێی سەرچاوە عەرەبییەکان یەرێڤان. ١٩٨٧
٢١. قەرباغنامەلەر. نووسراوە مێژووییەکان، کتێبی دووهەم. باکو، یازیچی ١٩٩١(بە زمانی ئازەربایجانی)
٢٢. پیوتێر لێرخ. لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردەکانی ئێران و باوباپیری ئەوان، باکووری کەلدانی سنت پتربورگ. ١٨٥٦

٢٣. ئیـوان شـۆپین. "بیرمـانی مێژوویـی بـارودۆخی ئەیـالەتی ئەرمەنــستان لە ســەردەمی پەیوەســت بــوونی بە ئیمپراتــوری ڕووسیا"، سنت پتربورگ. ١٨٥٢

٢٤. ئــ . ئەلەکـپەرۆڤ. ســەبارەت بە کێـشەی لێکـۆڵینەوەی فەرهەنگی کوردان. کۆی بابەتەکانی بەشی ئاەربایجانی ئاکادێمی زانستی یەکیەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، بەرگی ٢٥، زنجیرەی مێژوویی. باکو. ١٩٣٦

٢٥. بــابەت بــۆ لێکـۆڵینەوەی ژیــانی ئــابووری جووتیــارە دەوڵەتییەکانی باشووری قەفقاز. بەرگی ٤. تفلیس. ١٨٨٦، بابەتی س. پ. زیلینسکی" ژیانی ئابووری جوتیارە دەوڵەتییەکانی ناوچەی زەنگزوری سەر بە پارێزگای ئەلیزابێتپۆل".

٢٦. بەڵگەکان ،کۆکراوەکـانی کۆمیـسیۆنی شوێنەوارناسـییانەی قەفقــاز. بەرگــی ٢. تفلــیس. ١٨٦٨. بەڵگەخــانەی بەڕێــوەبەری سـەرەکیی حـاکمی قەفقـاز: ٩١٢ ژمـارەی ١٨٧٢-١٨٧١. لاپەرەی پ. ی ٣٦١ ڕێکەوتی ٢٨ی ئاگوستی ساڵی ١٨٠٤

٢٧. کـۆی زانیارییەکـانی پێوەندییـدار بە شــەڕەکەی ئێـستا، چـاپکراو لە لایەن ن. پوتیلـۆف بە ویـستی ئیمپراتـووری. بەشـی ٣ سپای باشووری قەفقاز. کتێبەکانی ١٢-١، سانکت پتربورگ ١٨٥٥،

٢٨. بەڵگەکــانی ئێتنــۆگرافی و جیــۆگرافی تورکیــای ئاســیا. پاشکۆی چاپی دووهەمـی بەرگـی هەشـتەمی "زانیارییەکانی کەرتی قەفقـازی ئەنجـومەنی جوگرافیـایی ئیمپراتـوری ڕووسـیە" تفلـیس. ١٨٨٥. ١٨٨٤. بەرگـی هەشـت ژمـارەی ٢" تـۆرۆس ئەخپـار، کتێبـی ڕێنــوێنی ئەرمەنــستان، کورتەباســی ســەفەری گەورە ڕەبەن، گاریاگین سرواندزتیان

٢٩. فەرهەنگی کوردی(سۆرانی) - ڕووسی. مۆسکۆ. زمانی رووسی. ١٩٨٣. ک. ک. کوردۆیف، ز. ئـ . یوسوپۆوا.
٣٠. قەرەباغنامەلەر. نووسراوە مێژووییەکان، کتێبی یەکەم. باکو، یازیچی ١٩٨٩( بە زمانی ئازەربایجانی)
٣١. حەجی جێندی. "چیرۆکەکانی کوردی حەماسەی کوێرئۆغڵی". یەریڤان. ١٩٥٣
٣٢. پترۆشفسکی. ئی. پ. کورتەباسێک سەبارەت بە مێژووی پێوەندییە فێیودالییەکان لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە سەدەی ١٥- دەسپێکی سەدەی ١٩. لێنینگراد. ١٩٤٩، ٩٥

سەرچاوە:
ڕۆژنامەی"کوردستان" ژمارەی ١، ژانویەی ٢٠٠١، ئاڵما ئاتا، کۆماری کازاخستان

له بارەی ڕۆڵەی بەناوبانگی کورد "قاچاغ نەبی"

له نێو کورد و ئازەرییەکانی باشووری قەفقاز "قاچاغ نەبی" گەلێک بەناوبانگە. ئەوان گۆرانییان بەسەردا هەڵکوتوە، کتێبیان لەسەر



نووسیوە و فیلمی هونەرییان لێ دروست کردووە. ئەو هەتا ئەمڕۆ، بۆ زۆرکەس هێمای خەباتی دژبە دەستەلاتدارانە.

قاچاغ نەبی لەساڵی ١٨٥٤ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژاری کورد لە گوندی ئاشاخی مۆللو[١] سەر بە ناوچەی زانگزور[٢] (ناوچەی قوباتلیی[٣] ئێستا، کە پێشتر سەر بە "کوردستانی

---

١. مۆللوی خواروو

2. Zangezur

3. Qubadli District

سوور" بووە) لە ئازەربایجان لەدایک بووە. ڕۆژێک، کە باوکی دەکەوێتە ژێر پەلاماری بەگێک، بۆ بەرگری کردن لە باوکی هێرش دەکاتە سەر فیئۆدالەکە. لەم پێوەندییەدا دەیگرن و حوکمی زیندانی بۆ دەبڕنەوە، بەڵام ئەو دەتوانێ ڕابکا و بگەڕێتەوە زێدی خۆی. قاچاغ نەبی بە کۆکردنەوەی هاوبیرەکانی، چەک بەدەست، ماوەی ٢٠ ساڵ دژبە حکوومەتی دەستەڵاتداران و مەئموورەکانی تێزار خەباتی کرد. وێڕای چالاکیی لەمبەر و ئەوبەری چۆمی ئاراس، یاریدەی وەرزێرە هەژارەکانی دەدا. ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان یارمەتی و هاوکارییان دەکرد. هەر ئەوان بوون کە گۆرانی و ئەفسانەیان بۆ دروست کردبوو.

بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە، هەجێ (هاجێ، هاجەر)ی هاوخەباتی کە لە بەکارهێنانی چەک لە هاوژینەکەی کەمتر نەبوو، لەوپەڕی دلێری و بوێریدا یارمەتیدەری نەبی بوو.

تـوێژەری ئەرمەنی "ک. خاچاتورۆڤ" ئاوا دەنووسێ: [...] ژنەکوردێکی چەکدار دەتوانێ دەرەقەتی چوار پیاوی گەلێکی دیکە بێ. هیچ گەنجێک ئامادە نابێ زەماوەند لەگەڵ کچێکدا بکا کە دایکێکی ترسەنۆکی هەیە. ئەم چەشنە تێڕوانینە دەربارەی ژنان تا ڕادەیەک کۆنە و، بەم پێیە لەنێو کوردەکاندا چەشنە کاراکتەرێکی ژنانەی بوێری پێکهێنا کە لە هیچ بوارێکدا لە پیاوان بەجێ نامێنن. (بڕوانە: سەرجەمی بەڵگەکان بۆ شیکردنەوەی شوێن و هۆزەکانی قەفقاز – ژمارەی ٢٠، تفلیس، ١٨٩٤، لاپەڕەی ٨٥)

دوژمن کە لە بەرەی شەڕی ئاشکرادا دەرەقەتی ئەو نەدەهات، پەنای بردە بەر چەکی ئەزموونکراوی خۆی واتە فێڵ و دەهۆ. ساڵی ١٨٩٥ فەرماندەری ناوچەی نەخجەوان، بازرگانێکی ئوردوبادیی بەناوی پاشا حاجی فەرەج کە لە شاری ورمێ

خەریکی بازرگانی بوو، بۆ کوشتنی نەبی لەو کاتە لە دیوی ئێرانێدا بوو، ڕاسپارد. پاشا حاجی فەرەج توانی دوو کەس لە لایەنگرانی نەبی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانگێڕییە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. شێخ حوسێن و کەربەلایی ئیمام لە لایەن ئەم بازرگانەوە بەکرێ گیران هەتا قاچاغ نەبی لە ڕێگای گەڕانەوەی لە شاری کەربەلا بکوژن. (بڕوانە: ئەنسیکلۆپیدیای ئازەربایجان، بەرگی سێهەم، لاپەڕەی ١٠٤). نەبی لە ڕێکەوتی ١٢ی مارسی ١٨٩٦ لە گوندی لارین لە باشووری ئازەربایجان کوژرا.

بەڵام نەبی هەتا ئەمڕۆش لە بیرەوەریی خەڵکی ئەمەگداردا زیندووە. ئەو گۆرانییانەی سەبارەت بەو گوتراون هەتا ئەمڕۆش هەروا بە دڵی جەماوەرە دەنووسێن. سولێمان ڕەحیمۆف نووسەری بەناوبانگی ئازەربایجان کە بە ڕەگەز کوردە، ڕۆمانی "هەڵۆی قەفقاز" و جەلال بەرگوشاد ڕۆمانی "بە سواری بۆزات"یان نووسیوە، بەڵام سانسۆری ئازەربایجان ئیجازەی بە نووسەرەکان نەدا باسی ئەو نەتەوەیە بکەن کە قارەمانەکەی ئەوانی لێ هەڵکەوتووە. لە تەواوی ئەو بەرهەمانەی لە لایەن نووسەرانی دیکەوە نووسراون (بۆ وێنە: شانۆی "قاچاغ نەبی"لە نووسینی سولێمان ڕۆستەم) بەتایبەتی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە نەبی ئازەربایجانی بو وە، لەم حاڵەتەشدا مەبەستیان زۆرتر تورک بوونیەتی، هەرچەند سەرچاوەکان بەتایبەت شایەدی بۆ ڕەچەڵەکی کوردیی ئەو دەدەن. بۆ وێنە س. پ زیلینسکی لە بابەتی "ژیانی ئابووریی وەرزێڕەکانی سەربە دەوڵەت لە ناوچەی زانگزوری هەرێمی ئەلیزاوێتپۆڵ[1] بە ڕاشکاوی دەنووسێ کە خەڵکی مۆللو بە

1. Elisabethpol Governorate or Elizavetpol Governorate

تـــایبەتی بە زمـــانی کـــوردی قـــسە دەکەن. هەروەهـــا لە تەواوی ڕۆژژمێرەکـانی قەفقـاز کە لە تفلـیس چـاپ و بـڵاو بـوونەتەوە (بـۆ وێنە ساڵی ١٨٩٥، لاپەڕەی ١٨٤؛ هەروەها ساڵی ١٩٠٧).

گوندی ئاشاخی (- یوخاری[١])، مۆللو لە هەرێمی ئەلیزاوێتپۆڵ، ناوچەی زانگزور وەک ناوچەیەکی کوردی پێناسە دەکرێ.

هاجەر پاش مردنی مێردەکەی ماوەیەکی زۆر بێوەژن مـایەوە، پاشان مێردی بە هەمزەی گۆرانیبێژ کرد کە گەلێک گۆرانی بەسـەر قارەمانەتیی قاچاغ نەبیدا هەڵگوتبوو. ئەوان بوون بە خاوەن کچێک بە نـاوی زێـنەب کە مێـردی بە کـوڕی مـوحەڕەم کـرد. زێـنەب و کوڕی مـوحەڕەم کوڕ ێکیان بـوو بە نـاوی عاشـق موحەڕەمۆڤ کە هەتـــا کـــاتی داگیرکردنـــی قوبـــاتلی لەلایەن هێـــزە چەکـــدارە ئەرمەنییەکـانەوە، لە گونـدی ئاشـاخی مۆللـو (هەروەهـا گونـدی مۆللـوی پێـشوو) ژیـا. هەتـا ئەمـڕۆش نـاوی نەبـی پێوەنـدی بەم شوێنەوە هەیە ("بەردی خۆزان"، "ڕێگای نەبی" و هتد).

گەلـی کـورد بەحەق شـانازی بە کـوڕ و کـچە ناودارەکـانی خـۆیەوە دەکـا. کـرداری ئەوان، ئـێمە بەرەو پـاڵەوانەتی، دلێـری و بوێری بانگ دەکا و هانمان دەدا بۆ ئەوەی لە خەبات بۆ ڕزگـاریی کوردســتان و دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی دادپەروەر و دیموکراتیـک لەسەر خاکی مێژووییمان بەشدار بین.

سەرچاوە: Kurdist.ru

١. سەروو

**قەرە فاتمە، شێرە ژن**

"قەرە فاتمە" واتە فاتێ ڕەش، نازناوی "ئایشە خانم" کچی "حاجی عوسمان بەگ" خەڵکی "ئاندیرین"[1] سەر بە پارێزگای قارەمان مەرعەش و سەرۆکی یەکێک لە گەورە عەشیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ئانۆتۆلییە، کە پاش گیران و زیندانیکرانی هاوسەر و سەرۆک عەشیرەکەی



لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆتە سەرۆک عەشیرە و بۆ دەربڕینی ئەمەگداری بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی و بە هیوای ئازادکردنی هاوسەرەکەی، لەگەڵ نیزیکەی ٣٠٠ کوردی شەڕڤان بەشداریی شەڕی کریمەی کرد و ئازایەتییەکی بێوێنەی لەم شەڕەدا لەخۆ نواند. سەرەڕای ئەوەی لە بەشێک لە کتێب و

1. Andırın

گۆڤارەکاندا بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لە "پال مال گەزت"[١] بڵاو بۆتەوە بە کورتی باس لە "فاتیّ ڕەش" کراوە، بەڵام بە تەواوی بیۆگرافی و بەسەرهاتی ئەم خاتوونە دلێرە ڕوون نەکراوەتەوە. تورکەکان و تورکەمەنەکان حاشا لە کوردبوونی فاتیّ ڕەش دەکەن و لەنێو کوردیشدا بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و کەیانی کورد لە لایەکەوە و، نەبوونی فەرهەنگی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسایەتییە مێژووییە کان لەلایەکی دیکەوە، لێکۆڵینەوەیەکی جیدی لەم پێوەندییەدا نەکراوە.

بەشداریی ئەم ژنە شەڕڤانە لە شەڕی کریمە لە پێناوئازادکردنی هاوسەرەکەیدا پێشاندەری کارەساتی مێژوویی گەلێکە، کە بێ ویست و ڕەزامەندیی خۆی کراوە بە بەشدار و قوربانیی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان.

دابەشبوونی نیشتمانی کوردان لە نێوان ئێران و عوسمانی (ڕێکەوتی ٢٢ی ئاگۆستی ١٥١٤ی زایینی)، هەروەها دوژمنایەتیی و شەڕی بەردەوامی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە لەگەڵ یەکتردا هەتا دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی، هۆی نەهامەتی و کارەساتی بێ بڕانەوە بۆ گەلی کورد، خاپوور و وێران بوونی خاکی کوردستان و کوژرانی بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان بووە.

ئەم دەوڵەتانە هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوانەی کورد، هەوڵیان داوە لە هێزی چەکداری کورد دژ بەیەکتر یان دەوڵەتە دراوسێیەکان کەلک وەربگرن. لە شەڕەکانی ئێران و عوسمانی لەگەڵ ڕووسیەی تێزاریدا، ڕووسەکان کەلکیان لە هەستی نەتەوایەتیی کورد دژبە عوسمانی و ئێران وەرگرتووە

1. The Pall Mall Gazette

و، ئێرانی و تورکە عوسمانییەکانیش بە ورووژاندنی هەستی ئاyینیی کوردەکان دژبە ڕووسیە "مەسیحی و کافرەکان" ویستوویانە سەرۆک عەشیرە و ئەمیرەکانی کورد بۆ شەڕ لەگەڵ ڕووسەکان هان بدەن.

کوردەکان بۆ یەکەم جار لە شەڕی ئێران و ڕووس[١٨٠٤-١٨١٣ز]دا ڕووبەڕووی ڕووسەکان بوونەتەوە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا قەرەباغ شوێنی ژیانی کوردان کەوتۆتە ژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریی ڕووسیە. لە شەڕی ڕووسیەی تێزاری لەگەڵ فەڕانسە، بریتانیا، پاشایەتیی ساردنی و عوسمانی [١٨٥٣هەتا ١٨٥٦ز] کە لە مێژوودا وەکوو "شەڕی کریمە" پێناسە کراوە، لایەنەکانی شەڕ هەوڵێکی زۆریان داوە عەشیرەکانی کورد بەرەو خۆیان ڕابکێشن. لەم شەڕەدا تورکەکان سەرەڕای بەشداریی بەشێک لە کوردەکان، نەیانتوانیبوو پشتیوانیی هیچ کام لە ڕێبەرە ناسراوەکانی کورد وەدەست بێنن. لەم نێوەدا بەشێک لە عەشیرەکانی نیزیک بە سنووری ڕووسیە وەکوو زیلان، حەیدەران و هتد پشتیوانییان لە تورکەکان کردبوو و ڕووسەکانیش توانیبوویان دوو لەشکەر لە کوردەکانی باشووری قەفقازی بۆ شەڕ پێک بێنن. بەپێی لاواز بوون و پاشەکشەی تورکەکان لە شەڕ، عەشیرە ناوبراوەکان پەیتا پەیتا لە پشتیوانیکردنی خۆیان لە تورکەکان پاشگەز بوونەوە و پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ ڕووسەکان پێکهێنابوو. پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان و شکستی تورکەکان لە ناوچەی بایزید [ژوئیەی ١٨٥٤ز]، کوردەکان ڕیزی سپای تورکیان لە تەواوی ئاستەکاندا بەجێ هێشت.

دابەزینی شوێن و پێگەی سیاسی-نیزامیی عوسمانی ڕێخۆشکەری گەشە و پەرەسەندنی ڕاپەرینی کوردەکانی باکوور

بە سەرۆکایەتیی "یەزدانشێر" برازای بەدرخان بووە. لەماوەیەکی کورتدا ئەم ڕاپەڕینە بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستانی لەخۆ گرتۆتەوە و شاری بتلیس، سیرت، مووسڵ و ناوچەکانی باشووری گۆمی وان و هتد کەوتوونەتە ژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی هێزی ڕاپەڕین. ئەم ڕاپەڕینە پاش گیرانی یەزدانشێر لە کاتی وتوویژ لەگەڵ تو رکەکاندا، بەرەو کوژانەوە چووە.

کورتە لێکدانەوەیەکی ئەم ڕووداوانە پێشاندەری ئەم ڕاستییەن، هەتا کورد دەوڵەت و کەیانی خۆی نەبێ، خەڵکەکەی بەهۆی جۆراوجۆرەوە قوربانیی شەڕ و ململانێی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەبێ، نەتەوەی باڵادەستیش بۆ سەقامگیریی دەستەڵاتی خۆی هەوڵ دەدا بە هەموو جۆرێ کورد و نەتەوەکانی دیکە بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی، یان بێبەزەییانە سەرکوتیان بکا.

***

بابەتی "قەرە فاتمە" ڕێکەوتی ٨ی نوامبری ١٨٨٧ لە ڕۆژنامەی "پال مال" لە لەندەن چاپ و بڵاو بۆتەوە، بەداخەوە ناوی نووسەرەکەی نادیارە.

***

ئێستا بوونی قەرەفاتمە لە ئیستامبول سەرنجی خەڵکی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە، ژنە شەڕڤانێکی بە شەوکەت لە کوردستانەوە کە بۆ سەردانێکی کورتخایەن هاتۆتە پێتەختی تورک(ی عوسمانی).

مێژووی ئازایەتیی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەستپێکی شەڕی کریمە، کە ئەو ڕێبەری ژمارەیەکی گەورە لە خۆبەخشەکانی کورد بوو، کەسێک کە بە ئازایەتییەکی بێوێنە شەڕی بۆ تورکیە کرد. دەوڵەتی عوسمانی بە لەبەرچاو گرتنی خزمەتەکانی، مانگانە ٥٠٠٠

قرووشی[١] وەک پارەی خانەنشینی بۆ بڕیەوە، کە دەیتوانی بە ئاسوودەیی پێی بژی. ئەو کەسێکی باڵابەرز، باریکەڵە، دەم و چاو ڕەشتاڵەی هەڵۆ ئاسایە، کۆڵمەکانی لە ڕەنگی پێستەیە و شوێنی برینی بەسەرەوە دیارە. بە جلوبەرگی نەتەوایەتیی خۆیەوە کە هیی پیاوانی ڕەگەزی "سەخت"ە، نەک ژنان. ئەو وەک پیاوێکی ٤٠ ساڵە دەنوێنێ کە هەرگیز تەمەنی ٧٥ ساڵان بەخۆیەوە نابینێ. بە شێوەی قازاقەکان شمشیرێکی درێژ بە دەسکی سەنگدارەوە، بە شانییەوەو میداڵەکانی سەر سینگی دەدرۆشێنەوە و بریقەیان دێ و، زێواری سەر قۆڵەکانی وا پیشان دەدەن کە دەبێ کاپیتانێکی سپای عوسمانی بێ. چاودێریی ئەم کەسایەتییە سەرنجڕاکێشە کە بە شەقامەکانی ئیستامبولدا تێدەپەڕێ، وەبیرهێنەری یەکێک لە دیمەنەکانی هێرشی سپای "ژێنێڕاڵ لێسپیناس"ە[٢] لە دۆبرودیا[٣] کەمێک پێش گەیشتنی سپای هاوپەیمان بۆ کریمەیە. ڕۆژێک ژێنێڕاڵ کاتی جگەرەکێشان و قسەکردن لەگەڵ چەند کەس لە برادەرە ئەفسەرەکانیدا لەنێو خێوەتەکەی، دەنگی مۆسیقایەکی نامۆ، هەمەڕەنگی تێکەڵاو لە دەهۆڵ و کەڕەنای و تەپڵۆکە و زریکەی قیژاندنی مرۆڤی لە دوورەوە ژنەفت. ئەم بەزمگێڕییە[٤] سەیر و سەمەرەیە لە کوێوە دێ؟ پیاوەکانی نێو خێوەتەکە کاتێک ئاوڕیان دایەوە بۆ ئەوەی گوێ بدەنێ و سەرچاوەی دەنگی ئەو مووزیکە بدۆزنەوە، دەستەیەکی نیزیک بە ٣٠٠ پیاوی ئەسپ سواریان دی کە بە تەقڵەکوت لە گردێکەوە دێنە خوارێ و

1. Piasters
2. General Lespinasse
3. Dolirudja
4. Minstrelsy

لەوان نیزیک دەبنەوە. لە پێشیانەوە ژنێکی دەموچاو ڕەشتاڵەی ئەندام توندوتۆڵ بوو، کە بریقە لە چاوانی دەهات. ئەمە دیمەنی شێرەژنێکی بە تەواو مانا بوو. ئەو پاش دابەزینی لە زینی ئەسپەکەی، بە شان و شکۆوە سڵاوی سەربازی لە ژێنێڕاڵ لێسپیناس کرد و بە یاریدەی وەرگێڕەکەی پێی ڕاگەیاند کە بۆ شەڕ لەگەڵ ڕووسەکان هاتووە و خۆی و کوردە دلێرەکانی سەرجەم لە خزمەتی ئەو دان. ئەو شەوە، لە نێو دەستەی سپای سوارە فەڕانسەوییەکان جێگە و ڕێگە بە پیاوەکانی درا، بەڵام ئەوان لەوەی بەو شێوازە حاوێنراونەتەوە ناڕازی بوون و خوازیاری سەربەخۆیی خۆیان بوون، کە تەنانەت بەڕێوەبەر و ڕێبەرەکەشیان نەیدەتوانی لێیانی زەوت بکا. کەڕەی بەیانی هەموو چوونە سەر پشتی ئەسپەکانیان و بەسەر گردەکەدا سەرکەوتنەوە هەتا بەو مووزیکە سەیر و تیژ و ناسازە کە ئاگاکەرەوەی نیزیکبوونەوەیان بوو، بەرەو پیری گزینگی بەر بەیان بچن.

سەرچاوە:
http://www.saradistribution.com/karafatma.htm

# لێکدانەوەیەک لەسەر ڕەچەڵەکی کوردیی
# "محەمەد فزوولی"ی شاعیر

محمد بن سلێمان، شاعیری بەناوبانگ، زانا، بیرمەند، و نووسەری ژانری "دیوان" ی سەدەی چاردەی زایینی کە بابەتەکانی خۆی بە نازناو(تخلص)ی "فضولی"یەوە



دەنووسی، لە ساڵی ١٤٨٠(و بە پێی سەرچاوەگەلێک، لە نێوان ساڵانی ١٤٩٨-١٤٩٤ز) لە کەربەلا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٥٥٦ هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە. بە پێی زانیارییەکانی دیکە، شوێنی لەدایکبوون و کۆچی دوایی شاعیر، شاری نەجەف بووە، بەڵام لە کەربەلا نێژراوە.

فزوولی ویرای خوێندەواریی باڵای ئایینی و نائایینی، هەروەها توانایی لە وتاردانداً، مامۆستای مەدرەسە و خزمەتگوزاری گڵگۆی ئیمام عەلی لە شاری نەجەف بووە.

زانیارییەکی ورد لە بنەماڵە و تایەفەکەی بە جێ نەماوە، بەڵام بە پێی خوێندەواریی زۆرباشی محەمەد بۆ سەردەمی خۆی، و ئەگەریی باش بوونی ماڵ وسامانی دایک و باوکی، وێدەچێ بنچینەیەکی ئاریستۆکراتیی هەبووبێ. بە پێی زانیارییەکانی دوایی

که زۆریش ڕوون نین، لە سەردەمی ژیانی فزوولیدا، سلێمانی باوکی کەسایەتییەکی پایەبەرزی ئایینی، واتە موفتی - ئایینەوانی ئیسلامیی لە شاری حیللە[١] بووە.

بەسەرهاتی هونەریی فزوولی بە چەشنێکی مەرجدار دەکرێ بە سەر دوو دەورەی ئێرانی و عوسمانیدا[٢] دابەش بکرێ. هەتا ساڵی ١٥٣٤ کە تورکە عوسمانییەکان بەغدایان داگیر کرد، شاعیر باشترین غەزەل، قەسیدە، ژیننامەی ئیمامان[١]، شیعرە هێمایی[٣] و چیرۆکە درێژەکانی[٤] بە زمانی فارسی، عەرەبی و زمانی عوسمانیی کۆن نووسیووە و، بەشێک لەوانیشی پێشکەشی ئیسماعیلی یەکەم(١٤٨٧-١٥٢٤ز)، شای ئێران لە ساڵی ١٥٠٣[٥] و دامەزرێنەری زنجیرە پادشایی سەفەوی کردووە. بە پێی هەواڵی ناراستەوخۆ ڕوون بۆتەوە، وێرای بەرەو خراپ چوونی بەرەبەرەی کاروباری بنەماڵەی محەمەد(فزوولی) بە هۆی ڕق و بێزاریی کارگێڕ و پیاوانی ئایینییەوە، کاری مامۆستایەتی مەدرەسە و خزمەتگوزاری مەزاری ئیمام عەلی لە شاری نەجەفی لەدەس داوە. لە ئاکامدا محەمەد بە هۆی کێشەی ئابوورییەوە بە ناچار بۆتە خزمەتگوزاری سوڵتان سولێمانی یەکەمی تورکیا[٢] و ئەویش مووچەی

---

١. حلە

٢. لە ئەنسکلۆپیدیای وێژەیی، بەشی وێژەی کوردی - بەرگی ٥، ساڵی ١٩٣١. کە لە سۆڤییەت چاپ و بڵاوبۆتەوە باس لە فزوولی وەک شاعیری بە ڕەچەڵەک کوردی عوسمانی کراوە. بڕوانە:

Б. Миллер Литературная энциклопедия: Т. 5. — М., 1931
http://feb-web.ru/FEB/LITENC/ENCYCLOP/le5/le5-7511.htm

٣. استعارە

٤. نۆوڤل( Novel )

٥. لە ساڵانی نێوان ١٥٠١ تا ١٥٢٤ دا شای ئێران بووە.

خانەنشینی بە بڕی ٩ ئاخچەی[١] بۆ بڕیوتەوە. فزوولی لەبەر پێداویستی ماڵیی ناچار بووە بابەتەکانی بەزمانی عوسمانیی کۆن بۆ بارەگای عوسمانییەکان بنووسێ.

توێژەرانی هاوچەرخ وشەی "فزوولی" وەک لاپرەسەن و ڕوودار و بێ حەیا تەرجومە دەکەنەوە. فزوولی لە پێشەکی بۆ دیوانی فارسیی خۆیدا، باسی هەڵبژاردنی ئەم نازناوە دەکات و دەبێژێ، ویستوویەتی ناوێکی بێهاوتا هەڵبژێرێ کە هیچ کەس بە هیوای دووپات کردنەوەی نەبێ[٣]. سەرەڕای ئەوەش ئەستەمە باوەڕ بکرێ، شاعیرێکی تازەکار نازناوێکی ئاوا سەربزێو هەڵبژێرێ. زۆرتر وێدەچێ نازناوی ئەو لە وشەی *fîzar* (شکایەت) ، گلەیی یان سکاڵا کردن لە کەسێک، گلەیی کردن لە چارەنووس سەرچاوەی گرتبێ[٤]. لەوەدەچێ شاعیر ئەم نازناوەی کاتی نووسینی هۆنراوەی" کتێبی سکاڵانامە"[٢] کە ناوەڕۆکەکەی ڕەنگدانەوەی وەزعی ڕوحی ئەو سەردەمەی [شاعیر] بووە، هەڵبژاردبێ.

فزوولی زۆربەی بەشی ژیانی خۆی لە بەغدا ڕابواردوە و، بە پێی دان پێدانانی شاعیر قەت عێراقی بە جێ نەهێشتووە، "من لەدایکبوو و نیشتەجێ عێراقی عەرەبم و کاتیک ڕوون دەبێتەوە کە من لە هەموو ماوەی ژیانمدا سەفەری هیچ وڵاتێکی دیکەم نەکردووە، نابی ببێتە هۆی دابەزینی وەج و ڕێزی من"[٥]

زانیاریی باوەڕپێکراو سەبارەت بە ژیانی یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی ڕۆژهەڵات کەم و دەگمەنە، ئەو ڕاستییەی کە "فزوولی" لە کارەکانیدا هەرگیز ئاماژەی بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی خۆی

١. گوموش پول. پارەی زیو

٢. شکایت نامە

نەکردووە، بۆتە هۆی قسەو باسێکی زۆر سەبارەت بە پێوەندیی ئێتنیکی ئەو. ئێمە تێدەکۆشین بە پێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستن، ئەم پرسیارە ڕوون و شی بکەینەوە.

شاعیری هاوچەرخ سادق بەگ سادقی(١٦١٠-١٥٣٣)[1] لە بابەتی"مجمع الاخواص"دا دەنووسێ "مولانا فزوولی سەر بە هۆزی بەیاتە[2] [٦]. هاوچەرخێکی دیکەی ئەو، ندائی چەڵەبی[3] دەنووسێ "فزوولی سەر بە تورکەمەنەکانی ئاغ قۆینلوویە".

"لەتیفی کاستامۆنولو"[4] کە لە تورکیەدا دەژیا و تذکرەکەی بە ناوی: " بیرەوەری کورتەژیاننامە و نموونەی کاری شاعیران" لە ساڵی ١٥٤٦ دا تەواو کردووە، وێرای باسی بە تین و گوڕی سەبارەت بە فزوولی، ئاماژە بە میللیەتی ئەو ناکات[٧].

لە تەزکەرەی ئەحدی بەغدادی[5] "گلشن شعرا"دا، کە لە ساڵی ١٥٦٣ تەواوی کرد، باس لە فزوولی وەک فرەزمانەیەکی بەرز دەکات: "شیعرە عەڕەبییەکانی لە نیوان عەڕەبە خاوەن شێوازەکاندا

١. سادق بەگ ئەفشار یان سادقی، کتێبدار، شاعیر و وێنەکێشی سەردەمی شاعەباسی سەفەوی لەدایکبووی شاری تەورێزە. کتێبی "مجمع الخواص"ی بە لاساکردنەوەی ئەمیرعەلی شیرنەوایی، بە تورکی جەغەتایی نووسیوە.

٢. بە تورکی : بایات، بە عەڕەبی و فارسی: بیات

٣. بە تورکی: Nidâî Çelebi، لەوەدەچێ لە ساڵی ١٥٤٣ و لە ساڵانی پاش ١٥٦٧ کۆچی دوایی کردبێ. [https://islamansiklopedisi.org.tr/nidai]

٤. لەتیفی(١٥٨٢-١٤٩١) یان کاستامۆنولو لەتیفی چەڵەبی[ Latifî Kastamonulu Çelebi] لە شاری کاستامۆنو [ Kastamonu ] لە باکووری ئاناتۆلی لە دایک بووە.

٤. ئەحدی بەغدایی یان ئەحدی ئەحمەد چەڵەبی بەغدادی[Ahmed Bağdadlı Ahdi Çelebi] شاعیر و کتێبناسی سەدەی ١٦ لە سەردەمی عوسمانی و سەفەوییەکاندا بووە.

پەسەندکراوە، ئاخافتنی لە شێوازی نەوایی[١] دڵخۆشکەری تورک و مەغولانە، دیوانەکەی بە فارسی لە نێو وڵات و دەوڵەتەکاندا گەلێک خۆش و پەسندکراوە، شیعرە تورکییەکانی لە نێوان شارەزا و ڕۆشنبیرانی ئاسیای بچووکدا[٢] گەلێک بەڕێز و جێ حورمەتە ... [٨].

فزوولی لە بەرهەمەکانی خۆیدا لە هیچ شوێنێک باس لە تایەفە، هۆز و نەتەوایەتی خۆی و بە تایبەتی ئەوەی "تورک" یان بنەچەکی بەیاتی خۆی نەکردووە.

لە بەرهەمی تویژەری سەردەمی تورکەمەن ئۆویز گوندۆگدییف[٣] زانیاریی سەرنجراکێش سەبارەت بە هۆزی بەیات هەیە و، باس لە " بوون و ژیانی نوێنەرانی بەرچاوی هۆزی بەیاتی تورکەمەن لە ناوچەکانی بوردالیک، کۆگانۆویچ، چاردژۆف و دیناوس - ی تورکەمەنستانی یەکیەتی سۆڤییەت دەکات"[٩].

لە ئاکامی کاری مەیدانیدا ڕوون بۆوە "هۆزی تورکەمەنی بەیات بەسەر دوو تیرەدا، دابەش دەکرێن: کاک و بەیات و لە نێوان ئەواندا کاک کۆنترە[١٠]. لێکۆڵەران بە پێی مێژووی هۆزی ئۆغوز، بەیاتەکان وەکوو یەکێک لە هۆزە مێژینەکانی تورکەمەن(سەدەکانی ٧-٦) پێناسە دەکەن. بەیات، هۆزی ئۆغوز

---

١. ئەمیرعەلی شێر نەوایی[ میرنظامالدین علی شیر نوائی٨٤٤ هـق لە هەرات- ٩٠٦ هـق] شاعیر، زانا و سیاسەتوانی سەردەمی تەیموورییەکان بوو و شیعرەکانی بە دوو زمانی فارسی و جەغەتایی(ئوزبەکی) گوتووە.

٢. ئانادۆلی. ئاناتۆلیا

٣. بە ئینگلیزی: Gundogdyev Ovez بە ڕووسی: Овез Гундогдыев, Атаевич

لەگەڵ کایی[١] سەرۆکی ٢٤ هۆزی ئۆغوز بوون، "ئێل باشی قایی - بایات". بە پێی سیایی م. کاشغەر [٢](سدەی ١١)، بەیات لە ڕیزی نۆهەم لە نێوان تورکمەنە ئۆغوزەکاندایە. بەیاتەکانی ئازەربایجان لەگەڵ مانقشلاغەکان[٣] لە سەدەی ١٣دا پەیدابوون[١١] بەڵام بەشێک لەوان گەڕانەوە ترەنسکاسپیەن[٤]. "بەیاتەکان هۆزێکی تورکن و لەوەدەچی وەک گەورە هۆزەکانی تری تورک تەنیا لە سەردەمی مەغولەکان لە ئێران سەریان هەڵدابێ، لەگەڵئەوەشدا ناوی یەکێک لە هۆزە ئۆغوزەکان "بەیات" بووە. بە پێی وتەکانی ئەسکەندەر مونشی(تاریخ عالم آرای عباسی لاپەرەی ٣٠١) هۆزی بەیات لە خوراسان لە باکووری نیشابوور، لە بلوکی کادان[یان قادان] ژیاون. بە پێی زانیاریی سەبارەت بە مێژووی ئێران و خەیوەییەکان[٥](ی سەدەکانی ١٩-١٧)، لە ساڵی ١٥٩١ بەشێک لە بەیاتەکان لە نزیکی قەڵای نیشابوور لە ئێران ژیاون(بلوکی مەعدەن). لە ساڵی ١٥٩٣ شاه - بێردی[٦] یەکێک لە خانەکانی

١. هۆزی کای یان قایی یەکێک لە هۆزەکانی ئۆغوز و ژێر لکێک لە فدراسیۆنی گەورەی بۆزۆک [ Bozok] بووە. بە ڕیوایەتێک قایی کوڕە گەورەی گوین خان و، گوین خان کوڕە گەورەی ئۆغوز خان بووە.

٢. محمود بن الحسین بن محمد الکاشغری(١١٠٥-١٠٠٨) زمانەوان و زانای سەدەی ١١، لە دایکبووی شاری بارسغان سەر بە وڵاتی قەرەخانەکان (قرقیزستانی ئەمڕۆ]. مەحموود کاشغری کۆکەرەوەی فەرهەنگی تورکی و نووسەری کتێبی دیوان لغات الترک - ه.

٣. خەڵکی مان قشلاغ، مانقشلاغ نیمچە دورگەیەک لە ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر و کۆماری کازاخستانی ئەمڕۆیی دایە.

٤. ناوچەی ئەوپەڕی خەزەر، The Transcaspian Oblast

٥. خەڵکی خەیوە. خەیوە لە ڕابردوودا ناوەندی وڵاتی خوارزم بوو و ئەمڕۆ شارێکە لە ئوزبەکستان.

6. Berdi

بوجنـــورد، دژ بە شـــای ئێـــران ڕاپەڕیـــوە و بەیاتەکـــانی بە سـەرۆکایەتی ئۆغورلـو سـوڵتان حـاکمی نـاوچەی بوجنـورد، کـاتی کۆکردنەوەی هێز و زەوتکردنی کەل وپەل لە شاروچکەی بوجنورد، تێکشکاندوە. بەشـێک لە بەیاتەکـان لە سـاڵی ١٥٩٥دا، بۆ پاراسـتنی قەڵای ئیسفەهان[ی ئێران] نێردران، بەڵام بە هـۆی بێ هێزییـانەوە لەسەر ئەم کارە لابردران.

لە سـاڵی ١٦٢٨، بـایرام عەلـی سـوڵتان سـەر بە هـۆزی بەیـات حاکمی نیشابوور بووە. دوای ئەو، لە سەردەمی نادردا فەتح عەلی خان کە ئەویش سەر بە بەیاتەکان بوو، کرایە حاکمی نیشابوور. لە سـاڵانی ١٧٣٨-١٧٣٢ نـادر شـا ٢٠٠٠ بەیـاتی کە لە ٨ فرسـەخی١ کەرکووک [ لە ناوچەی بەغدا، عێراق] دەژیان، دوور خستەوە بۆ خوراسان. بە پێی زانیاریەکان ئەم تورکانە وچەی ئەو ئۆغـوزانەن کە لە تورکەمەنـــستانەوە بە فەرمـــانی المعتـــصم خەلـــیفەی ئەمەوییەکـان[٨٤٢-٨٣٣] وێـرای نیشتەجێ کردنیان لە دەوروبەری بەغـدا، بە چەشـنێکی ڕەهـا کاروبـاری نیزامـی و دیوانییـان پـێ سپێردرابوو و، بەڵام بە هۆی نـاڕەزایەتی دانیشتووانی نـاوچەکە لە بـوونی ئەم ئوغـوزانە ناچـار بـوو پایتەخـت لە بەغداوە بۆ سـامرا٢ ڕاگـوێزێ[١٢]. وچەکـانی ئەم تورکەمەنـانە لە داهـاتوودا نیشتەجێ ناوچەی کەرکوک کران.

کورد لەگەڵ بەیاتەکان دەژیان.[١٣]

---

١. یەک فرسەخ بەرانبەرە بە شەش کیلۆمیتر.

٢. سـامەڕا یەکێـک لە شـارەکانی عێـراق و، لە ١٢٤ کیلـۆمیتری بـاکووری بەغـدا و ڕۆژهەڵاتی چۆمی دجلە هەڵکەوتووە.

لە ساڵی ١٧٤٧دا، کە ساڵی کوژرانی نادرشایە، جەعفەر خان حاکمی بەیاتەکانی کەرتی ناوەڕاستی ئامودەریا[1] بوو. لە ساڵی ١٨٤٧ بەشێک لە بەیاتەکان لە ناوچەی بوجنوورد دەژیان. بەیاتەکان ڕۆڵێکی سیاسی گرینگیان لە دەوڵەتی سەلجوقیدا گێڕاوە. کۆچی بەرفراوانی ئەوان بۆ ئێران، ڕۆژئاوای ئاسیا و باشووری قەفقاز کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر تۆپۆنیمی شوێنەکان داناوە. ناوی ئەو شوێنە جوغرافییانەی کە لە ناوی ئەم هۆزە پێکهاتوون، هەتا ئێستاش پارێزراون.[١٤]

خوراسان لە سەر دەمی کۆنەوە بەشێک بوو لە ناوچەی ژێردەسەلاتی هۆزەکانی کورد. تەنانەت زۆر پێشتر لە نوسراوەکانی جوغرافیناسە عەرەبەکانی سەدەی ١٠(الاستخری، ابن حوقل و هتد)، سەبارەت بەو کوردە ڕەوەندانەی کۆچیان کردبووە ستێپ و چۆڵگەکانی بەشی ڕۆژئاوای خوراسان، زانیاری هەیە. تەنانەت لە کتێبە پسپۆڕییەکاندا چەمکی "کوردستانی خوراسان" دەبینرێت کە بوجنوورد، قوچان، دەرەگەز، کەلات و ڕادکان- ی ئێران لە خۆ دەگرێ و بەسەر دوو گەورەهۆزی زەعفەرانلو و شادیلودا دابەش دەکرێ"[١٥]. ڕۆژهەڵاتی باکووری خوراسان وەک شوێنی خانایەتی کوردی بوجنورد، قوچان، دەرەگەز و کەلات، بوو بە ناوەندی ململانێ[2] هۆزەکانی تورکەمەن و کورد. بەڵام، هاوکات ئەو هۆزانە ناچار بە پێکەوەژینی هێدی و

---

١. چۆمی ئامو یان جەیحوون یەکێک لە هەرە چۆمە پڕئاوەکانی ئاسیای ناوەڕاست و درێژاییەکەی ٢،٥٤٠ کیلۆمیترە. ئەو چۆمە لە چیاکانی پامیرەوە سەرچاوە دەگرێ و لە زۆر وڵاتی وەک ئەفغانستان، تاجیکستان، تورکەمەنستان و هتد تێدەپەڕێ.

2. An apple of discord

هـێمن بـوون و لەگەڵ یەک سـازان و توانییـان نێـوانێکی باشـیان هەبێ. ئەوەش دەتوانێ سەلمێنەری ئەو ڕاستییە، واتە ژینی بەشێک لە تورکەمەنەکـان لە نێـو کـوردانی کوردسـتانی عێـراق و دەیـان هەزار کوردیش لە کۆماری تورکەمەنستان بێ.

لە جێ خۆیدایە بە وردی سـەرنج بدەینە هەواڵـی تـوێژێنەرە تورکەمەنەکان کە نیشاندەری دابەشبوونی تورکەمەنەکانی هۆزی بەیات بەسـەر دوو تیرەی بەیـات و کـاک-ە، کە لە نێوان ئەوانـدا کـاک لە مێژینەتـرە. نـاوی هـۆزی کـاک بە پێـی ئەفسانەیەک شـی دەکرێتەوە، کە لە سـەردەمی گوین خـان، کوڕە گەورەکەی ئۆغـوز خـان لە هەمـوو جێـژنە خەڵکییەکانـدا نـوێنەری کـای لەبەرزتـرین شـوێندا دانیـشتووە و، هەرلەبەر ئەوەش هەتـا ئێـستا لای خەڵـک دەستەواژەی "کایی بەیات سەرۆکی گەل"، پارێزراوە. بە ئەگەرێکی زۆر، بە پێـی ئیتمۆلـۆژیی خەڵکـی [1] و باسـەکانی ئەبولغـــازی[2] (سەدەی ١٧) و نووسەرە سەرەتـاییەکان، کـایی و بەیات پێکەوە ژیاون.

نـاوی کـۆمەڵی عەشـیرەیی کـاک پێوەنـدیی بە بنەمـاڵەی کـاکۆ(کـاکۆیە - کاکەوییـان)[3]ەوە هەیە کە لە سـاڵانی ١١٤١-١٠٠٣دا دەسـەڵاتداری هەر سێ شـاری ئیسفەهان، یەزد و هەمەدان بوون. لە زمانی کوردی وشەی کاک[ۆ] [4] – "خاڵۆ" بۆ دواندنی براگەورە

١. ڕەچەڵەک ناسی وشە، وشەوانی، مێژووناسیەتی وشە (FolkEtymology)

٢. ئەبولغازی بهادر خان(١٦٦٣-١٦٠٣) حکمڕەوای خیوە و مێژووناسی جغتایی بووە.

٣. بە فارسی: آل کاکویە یان بنی کاکویە

٤. کاکۆ: ١. وشـەی دواندنی برا گەورە ٢. وشـەی حورمەت بۆ پیاوان ٣. خاڵۆ؛ برای دایـک. سـەرچاوە.فەرهەنگـی زانـستی کوردسـتان، بەرگـی سـێهەم، ل ٢٠٦٦، بە سەرپەرستی ماجد مەردوخ ڕۆحانی، پەخشانگای زانستگای کوردستان ١٣٩٨

بە کار دەبەن. ئەوان بە خزمایەتی پشتیان گەیشتۆتەوە خالۆ[١] کە نوێنەری بنەماڵەی کوردی [ئال]بوویە بووە و هەر لەبەر ئەوەش پیان گوتراوە Kekeweyhiyan [١٦]. پاش ڕووخانی ئەو دەوڵەتانە بە دەست سەلجوقییەکان، ئەم بنەماڵە کوردە، یان لە ناوبران یاخود لەگەڵ تایفە و هۆزەکانیان بوون بە پێرەوی سەلجوقییەکان. وێدەچێ لەو سەردەمەدا تایفەی کاکوییەکان کێشراونەتە ناو خولگەی بەرژوەندی نیزامی - سیاسی بەشێک لە هۆزە ئۆغوزەکانی ناو ڕیزی بەیاتەکان و، درەنگتریش ئاسیمیلە کراون. بەو هۆیەش، پێداگری کردنی سەرچاوەکان بۆ ژینی" کورد لەگەڵ بەیاتەکان "[١٧] بە هەڵکەوت نییە.

لەم پێوەندییەدا هەوڵی بێ ئەنجامی بە ئازەربایجانی(تورک) کردنی فزوولی لە لایەن لێکۆڵەرانی ئازەربایجانییەوە بە پێچەوانەی لۆژیکێکی تەندروست و تەنیا بە پێی ئەو هەواڵە نادروستانەیە کە باس لە پێوەندیی فزوولی بە هۆزی تورکەمەنی بەیاتەوە دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرسووڕمانێکی ئاشکرا لە نێوان بازنەیەکی گەورە لەم توێژەرانەدا. سەرباری ئەمەش تورکەمەنەکانی ئەمڕۆی کەرکوک وەک گرووپە قەومییەکانی ئازەربایجان(تورکە ئازەربایجانییەکان) پێناسە ناکرێن.

لە لایەکیترەوە تەنزی ڕۆژگار لەوەیدایە، لە باری بنەرەتناسییەوە[٢] چەمکی جوغرافیای"ئازەربایجان" بۆ ئەو تورکە

---

١. ابو جعفر محمد بن رستم دشمنزیار ناسراوە بە علاءالدولە محمد و، ناوبانگ بە ابن کاکویە بووە. باوکی ابو جعفر - رستم بن مرزبان لە بنەماڵەی آل باوند و خاڵی دایکی - سێدە ملک خاتون بووە، واتە ابوجعفر هاوکات باوکی ئەو و خاڵی دایکی بووە، بەم هۆیەش لە دەزگای فخرالدولەی دیلمی، کوڕی کاکۆیە بانگ کراوە.

2. Etymological

تازەگەیـــشتووانە هـــیچ پێوەنـــدییەکی بە ئێرانـــی و بە تـــایبەت بە میدییەکانەوە وەکوو پێشینیانی کوردی ئەم سەردەمە نییە. بە پێی مێژووی ڕێکەوتداری سەدەی ٦ی سریانی کەونارا، "ڕووداونامەی کرخا بیت سلوک(سلوق)"[١][١٨] کاتێک بە ویستی خودا سەردەمی پاشایەتی ئاشوور کۆتایی پێ هات و حکوومەتی ئاشوورییەکان لاواز کرا، ئەربەک[س] یان ئادورباد دیوارێکی قایمی درووست کــرد[١٩]. ئەم دیــوارە لە وڵاتــی مێـدیادایە و بەوهــۆیەوە نــاوی ئادوربایگان- یان لەسەر ئەم بەشە لە وڵاتی میدیا داناوە[٢٠]

سەرچاوەکانی یەکیەتی سۆڤییەتی و یەک لەوان ئازەربایجانی، بە پێی دەمارگرژی و سانسۆری ڕەها(مطلق) کە زۆرتر ڕەنگی ئایدیۆلۆژی دەوڵەتیی پێوە دیاربوو هەتا زانست، خۆیان لە هەر چەشنە باسێک سەبارەت بە پێوەندیی ئێتنیکی فزوولی بە کورد کە "نەتەوەیەکی خاوەنناو"[٢] لە یەکیەتی سۆڤییەتی نەبوو، دەپاراست و ئێستاش هەر دەیپارێزن.

لە پێوەندی لەگەڵ نیزامی گەنجەوی ڕۆڵەیەکی دیکەی گەلی کورد، بەو شێوەیەی لێکۆڵەران ئاماژەی پێ دەکەن، "پرەنسیپی نێوخۆیی[ناوچەیی]" وەک بنەمایەک بۆ ئایدیالۆژی"ناسیۆنالیزمی سۆڤییەتی" هاتە نێو بواری مێژوو[نووسیش]ەوە. نیزامی وەک خەڵکی ئازەربایجانی دادێ یەکیەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی هەتا ڕادەیەک بوو بە "شاعیری یەکیەتی سۆڤییەت" و، بە پێی ئەم ئایدیالۆژییە کەڵک لە یادکردنەوەی ئەو گیرا[٢١]. بەڵام لە پێوەندیی

---

١. نووسەری ئەو کتێبە نەناسراوە، بەلام لەوەدەچێ خەڵکی شاری کرخ بت سلوق(کەرکوک) بووبێ. ئەم کتێبە بە پێی سەرچاوە و بەڵگەکانی بابلی و سریانی، لە سەدەی ٦ی زایینی نووسراوە و ئاماژەی بە پاشایەتی میدییەکان کردووە.

2. Titular nation

لەگەڵ فزوولـیدا ئەمە ڕوون نیـیە، کـام پرەنـسیپ لە ئازەربایجـان پێـوەری هەڵـسەنگاندنە، کاتێـک فزوولـی دەڵـێ"مـن لە دایکبـوو و دانیـشتووی عێراقـی عەرەبـم و باووبـاپیرم قەت لە ئازەربایجـان نەژیـاون"، ئەمە هەر لە نـاو خۆیـدا ناتەبـایی هەیە، کاتێک لێکۆڵەرە ئازەربایجانییەکـــان هەمـــوو [کەســـایەتییە] گەورەکـــانی ئازەربایجـــان(لێـــرەدا مەبەســـتیان تەنیـــا تورکەکـــانە) وەک نیزامی"گەنجەیی" بە پێی تایبەتمەندیی ناوچەیی؛ و فزوولـی بە پێـی تایبەتمەنـــدیی زمـــانەوانی[1] (بە ئازەربایجـــانی) پێناســـە دەکەن و کەسـایەتیان تەنیـا وەکـوو "تـورک" دیـاریی دەکەن. تورکەکـان و ئازەربایجانییەکان بێ لەبەر چاوگرتنی شوێنی ژیانیان و بە کەلک وەرگـرتن لە فەرهەنگێکـی تـایبەت نەبێـت، نـاتوانن لە نـاوەرۆکی نووسراوەکانی فزوولی بە زمانی تورکی [ئازەربایجانی] تێ بگەن. بە تـایبەتی بەم مەبەسـتە لە سـاڵانی ٤٠ی زایینـی لە ئەنـستیتوی پێشوی فەرهەنگی وشـەکانی ئازەربایجانـدا "فەرهەنگـی وشـەکانی عەرەبی و فارسی" تایبەت بۆ خوێندنەوی بەرهەمەکانی نەسیمی[2]، کشوەری[3]، خەتایی[1] و فزوولی ئامادە کرا.

---

1. Linguistic features

٢. سید علی عمادالدین نسیمی(١٤١٧-١٣٦٩] شاعر و بیرمەندی کۆتـایی سـەدەی ١٤ و سـەرەتای سـەدەی ١٥ی زایینی بوو. شیعرەکانی بە زمانی فارسی، تورکی و عەرەبییە.

٣. نعمت الله کشوری دیلمقانی یەکێک لە شاعیرەکانی سەدەی ٩ و ١٠ی هیجری بـووە. شیعرەکانی بە زمانی تورکی و فارسـی هۆنراوە. سـەبارەت بە شـوێن و کـاتی لە دایـک بـوونی ناتەبـاییەکی زۆر لە نێوان توێژەرانـدا هەیە. بـۆ زانیـاریی زۆرتـر بڕوانە" شـرح احـوال کـشوری و نقـد تـصحیح دیـوان فارسـی او، د. احمـد احمـدی اسـتادیار زبـان و ادبیات فارسی دانشگاه تهران و لطفعلی برقی دانشجوی دکتری زبان و ادبیـات فارسـی دانشگاه تربیت مدرس.

http://noskheh.dehaghan.ac.ir/article_666754_babb755b4071efa27f3da9a1c06522f3.pdf

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە لایەن بەشی وشەناسی زانستگای زمانەوانی ئازەربایجان ویرسیۆنی تازە و بەرینی وشەنامە، بە پێی وشە و زاراوەناسی بەرهەمەکانی ع. نەسیمی، ن. کیشوەری، خەتایی، محەمەد فزوولی، قەتران تەورێزی[٢]، ع. باکیخانۆف[٣] و هتد ئامادە و چاپ کرا. پیویستە ئاماژە بکرێ کە پێوەندیی نەتەوەیی تەواوی ئەم کەسایەتییانە بۆ کورد و تاتەکان جێی مشت و مڕ و ناکۆکییە. لە ئاکامدا قەبارەی فەرهەنگەکە بە وشەگەلی عەرەبی، فارسی و کوردی گەیشتە ١٥.٥٠٠ وشە و دەستەواژەکانیشی گەیشتە ٧٠٠ دانە( فەرهەنگی وشەکانی عەرەبی و فارسی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکەکانی ئازەربایجان) [٢٢]. پێویستە ئاماژە بکرێ، ئەم چەشنە وشە زۆر و زەبەنانە لە ڕاستی دا دەتوانێ پاشەکەوتێکی فەرهەنگی بۆ زۆربەی گەلان پێکبێنن.

شتێکی دیکە کە دەتوانێ بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ نیشان بدات فزوولی عەرەب و بە تایبەتی هەر تورک نەبووە، ئەو ڕاستیەیە کە دیکتاتۆری عێراق سەدام حوسێن فەرمانی ڕووخاندنی گلگۆی فزوولی بە بیانووی کێشانی ڕێگایەکی ستراتیژیک بە سەر مەزارەکەید دا. سەدام کەسێک نەبوو بە

١. "شا سمایلی یەکەم" دامەزرێنەری زنجیرەی پادشایی سەفەویی ( ١٥٢٤-١٤٨٧) بە نازناوی "خەتایی" شیعری بە تورکی و فارسی گوتووە.

٢. شرف الزمان حکیم ابومنصور قطران تبریزی(١٠٧٢-١٠٠٩) لە دایکبووی گوندی شادباد لە نزیک شاری تەورێز لە دایک بووە و شیعرەکانی بە زمانی فارسین.

٣. عباس قلی آقا باکیخانف (١٨٤٧-١٧٩٤) شاعیر، نووسەر، مێژوونووس، زمانەوان و فیلسوف لە گوندی ئەمیر جان خاناتی باکو لە دایک بووە. بە زمانی فارسی و عەرەبی شیعری هەیە و «قانون قدسی»، «اسرار ملکوت»، «تهذیب الاخلاق»، «عین المیزان» و «گلستان ایرم» بەشێک لە بەرهەمەکانی زانستی ئەون.

سوکایەتی کردن بە گلگۆی "زانای ویژەی تورکیی"بویریی تێکدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکیای بە هێزدا هەبووبێ. هەرە توندترین دوژمنی سەدام کوردە سەرهەرڵداوە سەربەرزەکان بوون و ئەو دەیویست لە ڕێگای کۆمەڵکوژی ناو و یادی ئەوان لە کوردستانی عێراق بسرێتەوە و، بەم مەبەستە تەنانەت لە بەکار هێنانی چەکی شیمیاییش (تەواوی جیهان باسی تراژێدیای شاری هەلەبجەیان لە ١٦ مارسی ١٩٩٨ بیستووە) کۆتایی نەکرد و دەیان ئاوایی بە بۆلدۆزێر وێران کرا.

زنجیرە فاکتەرێکی دیکە ئاماژە بە ئەگەری ڕەچەڵەکی کوردیی [فزوولی] دەکەن. بێگومان هۆنراوەی "لەیلیو مەجنون"(٣٧-١٥٣٦) کە مژارەکەی وەرگێراو لە فۆلکلۆری عەرەبییەو، خاوەنی پتر لە ٣٠ واریانتی جۆربەجۆری لە نێوان وێژەی خەڵکە جۆراوجۆرەکاندایە وەک لوتکەی داهێنەریی فزوولی بە ئەژمار دێ. بە پەیدابوون، گەشە و پەرەسەندنی ئیسلام لە سەدەکانی ٨-٧دا، عەرەبەکان دەستیان بەسەر پانتایەکی یەکجار گەورە وەک فەلەستین، سوریا، میزۆپوتامیا، میسر، ئێران، نیمچە دورگەی ئیبێریا، تەواوی باکووری ئەفریقا لە ڕۆژئاوا؛ و باشووری قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست هەتا سنووری هیندوستان، لە ڕۆژهەڵات، داگرت و ئیمپێراتوریی خەلافەتی عەرەبیان ساز کرد. لە ساڵی ٦٦١ موعاویە حاکمی عەرەبی سوریا دەستی بەسەر حکوومەتداگرت و بوو بە بنەمای دەستپێکی حکوومەتی ئەمەویەکان و گواستنەوەی پایتەخت بۆ دیمەشق. لە ساڵی ٧٥٠ خانەدانی ئەمەوییەکان ڕووخاو و حکوومەت کەوتە دەستی عەبباسییەکان و، بەغدا لەسەر چۆمی دجلە بوو بە پایتەختی تازەی ئەوان. زمان و نووسین بە عەرەبی لە تەواوی پانتایی خەلافەتدا پەرەی سەند و

نەک هەر بوو بە زمانی کتێبی پیرۆزی ئیسلام، بەڵکوو بوو بە زمانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان و زانست و وێژە. هاوکات لەگەڵ ئەمەش، پێوەندیی لەگەڵ وێژەی ئێران و ئورووپا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەسەندنی وێژەی عەرەبی سەدەی ناوەڕاستدا گێڕا. بە تایبەتی لەو سەردەمەدا زۆر لە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت و یەک لەوان کوردەکان وێرای قانووونە پیرۆزەکانی "قورئان" لەگەڵ فولکلۆر و داب و نەریتی وێژەیی و بەرهەمە بە نرخەکانی عەرەب وەک لەیلی و مەجنوون(لیلی و مجنون)یش ئاشنا بوون. ئەم هۆنراوەیە لەسەر بنەمای ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە کە مێژووی خۆشەویستیی تراژێکی شاعیری عەرەب قەیس بن مولەووەح[عامری] بە نازناوی "المجنون" [بە مانای شێت و "بێ ئەقڵ] بە لەیلی بەدەوی[1] لە سەدەی حەوتەم لە وڵاتی عەرەبستانی سعودی، دارێژراوە.

لە ئاکامی گرتنی بەغدا بە دەس براکانی بوویە[2] [٢٣] زنجیرەی ئەمیرە کوردەکانی عێراق(عەرەب) دامەزرا، و خەلافەتی عەباسی بۆ ماوەی ١١٠ ساڵ (لە ساڵی ٩٤٥ هەتا ١٠٥٥) بوو بە گوێڕایەڵی ئەوان. خەلیفەکان وەک پیاوی ئاایینی موسڵمانەکان بە هۆی دەستڕۆیشتوویی ئایینیانەوە بەهێزکەری حکوومەتی حاکمە فئێودالەکان بوون. بوورییەکان پێداگرییان لەسەر بنچینەی مێژینەی ئێرانی(کوردی) بوونیان دەکرد و پابەندی داب و نەریتی بنەماڵەکەیان بوون. هەڵبژاردنی سەرناوی کۆنی شاهەنشا لە لایەن عضدالدولەوە (٩٨٣-٩٧٨) ڕووداوێکی بە هەڵکەوت نەبوو.

---

١. بە عەرەبی و فارسی: بدوی. بە کوردی: ڕەوەند

٢. سێ کوڕی دیلمی بوویە بە ناوەکانی عەلی، حەسەن و ئەحمەد بوون دامەزرێنەری زنجیرەی آل بویە یان بوییان یاخود دیالمە.

ئێــران لە ســەدەی ١٠ و نیــوەی یەکەمــی ســەدەی ١١ بە گەشەســەندنێکی وەهــا بەرز لە بوارەکــانی فەهەنگــی، هــونەریی، کـشتو کـاڵ و پیـشەسـازیەوە گەیـشت کە قەت نەک لە سـەدەی ناوەڕاسـت و نەک هەتـا ئەو کـاتە و نەک پـاش ئەو دەورەیە شـتی وەهــای بە خــۆیەوە نەدیەوە. زانــا ئوروپاییەکــانی ســەردەم، ئەو دەوەریە وەک "ڕێنسانسی موسڵمانەکان" ناو دەبەن.

درووسـت لەو سـەردەمەدا زمـانی عەڕەبی پەیتا پەیتا شـوێنی خـۆی بە زمـانی"فارسـی نـویێ" دەدات. زمـانی کـوردی لە نێـوان دەسـتەی زمـانە ئێرانییەکانـدا شـوێنێکی تـایبەتیی هەیە. بە بـاوەڕی یەکێـک لە زماننـاسـە ئاڵمانییەکـان بە پێـی فـرە بـوونی زاراوە و شـێوەزاری کـوردی، دەوڵەمەنـد بـوون و وشــەمەنی و ڕێزمــان، دەکریێ بوێرانە بگوترێ فارسی لەگەڵ دەری یەکێک لە زاراوەکانی زمـانی کـوردیین. زمـانی"فارسـی نـویێ" لە سـەدەی ٩وە ناسـراوە، کاتێـک زنجیـرەی کـوردیی بوویەیـیەکـان لە سـەر لـوتکەی هێـز و گەشەسەندن‌دا بوو.

پــاش بە ئیــسلامی‌کرانــی ئێــران، زمــانی فارســی، بــوو بە دووهەمـین زمـانی گرینگـی وێژەیـی لە جیهـانی ئیـسلامدا. زمـانی فارسـی بە شـێوەیەکی بەربـڵاو نەک لە ئێـران، بەڵکـوو لە تەواوی ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت و تەنـانەت لە باشـووری قەفقـاز، ئاسـیای ناوەڕاسـت و هیندوسـتان بەکـار دەهێنـدرا. ڕاسـت لەم دەورەیە لە فولکلـۆری عەڕەبـی‌دا، مێـژووی شـاعیری عەڕەب لە پێوەنـدیی بە بەدوییەکـانەوە هـاتە نێوە وێژەی زمـانی فارسـی و فولکلـۆری ئەو خەڵکانەی لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەڕەبدا بوون.

زانیاریی سەبارەت بە شاعیر[ی لەیلی و مەجنوون] لە" کتێبی شیعر و شاعیران" (*الشعر و الشعراء*)ی ابن قتیبە[١] و "کتێبی الاغانی"ی ابو الفرج الاصفهانی[٢] دەبیندرێ، هەروەها ابوبکر الوالبی شاعیری سەدەی ١١ کۆی شیعرەکانی مەجنوون (دیوان مجنون)ی ئامادە و شرۆڤە کردووە. سوژەی"لەیلی و مەجنوون" بۆ ڕابیعە[٣] کچی کعب، هەروەها شاعیری سۆفی، بابا کوهی(کۆچی دوایی ١٠٥٠)[٤] و ناسر خوسرەو عەلەوی[٥] ناودار(١٠٨٠-١٠٠٤) بابەتێکی ئاشنا بووە. بەحەق دەکرێ ئیدعا بکرێ ئەم سوژەیە سەرچاوەی فۆلکلۆریی هەیە. یوگنی ئیدواردۆویچ بێرتێلس[٦] پێی وایە

---

١. ابومحمد عبدالله بن مسلم دینوری مروزی یان ابی‌محمد جبلی (٨٨٩-٨٢٨) ئایینەوان، ڕاڤەکار [مفسر]ی قورئان، مێژوناس، نووسەر و زمانەوان بووە.

